# مەنسوور حیکمەت

# ئەفسانەی بۆرژوازیی میللی و پێشکەوتنخواز



وەرگێڕانی: ڕێبواری شاعیر، ناسری حیسامی
تایپکردنەوەی: ئامانج ئەمین
پیاچوونەوەی: سالار ڕەشید

# ئەفسانەی بۆرژوازیی میللی و پێشکەوتنخواز

## پێشەکیی نووسەر بۆ وەرگێڕدراوی کوردی

شۆڕشی ساڵی 1979 (57) لە ئێران، هەرچەندە بە ئامانجە دیموکراتیکدا و شۆڕشگێڕییەکانی خۆی نەگەیشت، بەڵام سەبارەت بە بزووتنەوەی نوێی کۆمۆنیستی ئێران، سەرەتایەکی ڕووی لە هەورازبوون و پێشڕەوی و گەشە بوو. کۆمۆنیزم، مارکسیزمی مارکس و لێنین، لەنێو ئەم شۆڕشەدا بە خاوێنی و خالیسییەکی کەموێنەوە خۆی گرت و سەرەڕای ئەو هەموو سەرکوتگەری و تاوانانەی بۆرژوازی و دەوڵەتە ئیسلامییەکەی دژی کرێکارانی شۆڕشگێڕ و کۆمۆنیستەکان کردیان، ڕەوتی پڕگۆڕانکاری گەشەی خۆی، هەتا پێکهێنانی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران بەرەو پێش برد. یەکێک لە تەوەرە ئەسڵییەکانی ئەم گەشەی کۆمۆنیزمە لە ئێراندا، خەباتێکی تیۆریی قووڵ بوو، کە لەنێو بزووتنەوەی چەپی ئێراندا بەرەو پێش چوو. ئەو پڕوپووچە ڕیڤیژینیستییە گیانسەختانەی کە ساڵەهای ساڵ کەوتبوونە جەستەی بزووتنەوەی چەپی ئێران و تەنانەت سەرتاپای ئەو بزووتنەوەیەی داپۆشیبوو، ئێستا بەرانبەر بە هێرشی مارکسیزمی شۆڕشگێڕ لە ڕەوتی شۆڕشێکدا کە خۆی بە شێوەیەکی بابەتی بوو بە "یارمەتیدەری کۆمۆنیستەکان" و بوو بە بەڵگە بۆ ڕاست و ڕەوابوونی مارکسیزم، یەک لەدوای یەک توانەوە و لەنێو بران. ئەمڕۆ ئەگەر مێژوونووسێک بێت و بیروڕا بنچینەییەکانی شەش ساڵ لەمەوپێشی ئەو ڕێکخراوانەی کە

زۆرترین کۆمۆنیستەکانیان تێدا بوو لێک بداتەوە، نیشانێکی وا لە مارکسیزمیان تێدا نابینیٚ. شۆڕشگێڕی کورتبینانەی وردەبۆرژوایی لە هەموو لایەکەوە بەسەر ئەم بزووتنەوەیەدا زاڵ بوو.

لە باری فەلسەفی و میتۆدۆلۆژیی لێکدانەوەوە، ماتەریالیزمێکی میکانیکی و نەزانانە ڕەواجی تەواوی بوو، کە لە مەکتەبی ڕیڤیژینیزمی مۆدێرنەوە وەرگیرابوو. بزووتنەوەی چەپی ئێران بەگشتی، ئاشنایەتییەکی لەگەڵ نووسراوە بنچینەییەکانی مارکسدا نەبوو. بەشی هەرە زۆری کۆمۆنیستەکان دەستیان بە کاپیتاڵی مارکس (کە نەک هەر ڕەخنەگرییەکە لە ئابووریی کۆمەڵگای بۆرژوایی، بەڵکوو هەروەها نموونەیەکی زیندووە لە بەکارهێنانی دیالێکتیک لە زانستی کۆمەڵدا) نەگەیشتبوو. ئەم بۆشاییە، بە نووسراوە دەستتێوەردراوەکانی ڕیڤیژینیستییە ڕووسییەکان و نووسراوە "فەلسەفی"یە کاڵ و خاوە میتافیزیکییەکانی "ماوتسیتۆنگ" پڕ کرابووەوە. لە زانستی ئابووریدا، ناسیۆنالیزمی تۆخ (ناسیۆنالیزمێک کە پاڵی بە تیۆری مەکتەبی بۆرژوایی لە چەشنی "ئابووریی گەشەکردن"ەوە دابوو) زاڵ بوو، ئەو تیۆرییانەی کە لە باشترین و پوختەترین حاڵەتی خۆیدا، نارەزایەتی دژی مۆنۆپۆڵی وردەبۆرژوازیی داماوی وڵاتی ژێردەستەی وەک ئێرانی بەیان دەکرد. لەودیوی وشەگەلی شێوە مارکسیستییەوە خەون و خەیاڵی بەرپاکردنی سەرمایەدارییەکی بەهێز و ڕێکوپێکی "میللی" (کە گوایە دەبوو هەلومەرج بۆ شۆڕشی سۆسیالیستی لە سەدە داهاتووەکاندا لەبار بکا) خۆی دەنواند. قارەمانی ئەم خەون و خەیاڵە منداڵانە و یۆتۆپیاییەی وردەبۆرژوایی، شتێکی ئەفسانەیی بوو بە نێوی "بۆرژوازیی میللی و پێشکەوتنخواز" کە بە بڕوای بەشی زۆری بزووتنەوەی چەپی ئێران لەو سەردەمەدا، دەبوو لە ئاکامی خەباتی



چینایەتیی پرۆلیتاریا بپارێزرایە و وەکوو هاوپەیمانی چینی کرێکار لە شۆڕشی "گەلیی"دا بەقەدر و حورمەت بمایەتەوە. لە باری سیاسییەوە، بزووتنەوەی چەپی ئێران لەدوای شۆڕشگێڕییەکی کورتبینانەی هەر تەنیا "دژی دەوڵەتی" و بە ڕواڵەت و بە قسە دژی ئیمپریالیستی ئەسیر بوو، کە ڕەنگدانەوەی قازانج و بەرژەوەند و هەڵوێستی وردەبۆرژوازی ئێران بوو. لەم سیستەمە فیکرییەدا خەباتی چینایەتی بەکردەوە دەشاردرایەوە و بێدەنگەی لیٚ دەکرا. بە بیانووی پاراستنی "یەکێتیی گەل" بەرانبەر بە "ئیمپریالیزم"، داوا لە کرێکاران دەکرا، کە بەرژەوەندیی چینایەتی خۆیان لەبیر بەرنەوە، جاریٚ لە پێکهێنانی ڕیزی سەربەخۆی خۆیان لە شۆڕشدا چاوپۆشی بکەن و لەوە گەڕێن کە ستراتیژی و تاکتیکی وەها هەڵبژێرن کە لەبەرژەوەندی چینایەتییانەوە سەرچاوەی دەگرت.

مارکسیزمی شۆڕشگێڕ لە ئێراندا، لە یەکەم هەنگاویدا ئەم سۆسیالیزمە وردەبۆرژواییەی بەرانبەر بە خۆی دی. پۆپۆلیزم، یان ڕیڤیژینیزمی پۆپۆلیستی، ناوێک بوو کە مارکسیزم نایە سەر ئەو سۆسیالیزمە "گەلیی"یە و ئەو ناسیۆنالیزمە سیاسی و ئابوورییە. بە درێژایی چەند ساڵ بنج و بناغەی میتۆدۆلۆژیک و سیاسی ئەم شێوە ڕیڤیژینیزمە کە لە ئێران باو بوو ڕەخنەی لیٚ گیرا. مارکسیزمی شۆڕشگێڕ لە ئێراندا لەم کێشە ئایدیۆلۆژیکە دیاریکراوەدا سەرکەوت و توانی ڕەوتێکی ڕێکوپێک و گونجاوی حیزبی و لە ئاکامیشدا حیزبێکی سیاسی پتەو پێک بینیٚ. حیزبێک کە بۆ مەبەستی تێوەچوونی سەربەخۆی چینی کرێکار لە شۆڕشدا مەرجێکی حەیاتییە و هەروەها ئامرازی سەرەکییە بۆ سەرکەوتن لە کێشەیەکی ئایدیۆلۆژیکی یەکجار حەیاتیتردا دژ بە ڕیڤیژینیزمی مۆدێرن.

نامیلکەکانی "ئەفسانەی بۆرژوازیی میللی و پێشکەوتنخواز" گۆشەیەک لەم کێشە تیۆرییەی مارکسیزمی شۆڕشگێڕی ئێرانە. ئەم نووسراوانە بەشبەحاڵی خۆیان، لە تێکشکاندنی سەنگەرەکانی سۆسیالیزمی وردەبۆرژوایی لە مەیدانی بیروڕادا دەورێکی کاریگەری گێڕا. نووسینی بەشەکانی دیکە "ئەفسانە ..." بە هۆی جۆربەجۆرەوە دەستی نەدا، بەڵام ئەو قسە و باسانە و ئەو لێکۆڵینەوانەی کە دەبوو بەشوێن ئەو نامیلکانەدا بێتە گۆڕێ، لە چەند نووسراوەی تردا لە لایەن "یەکێتیی تێکۆشەرانی کۆمۆنیست"وە بڵاو کرایەوە. لەوانە دەکرێ باسی "سێ سەرچاوە و سێ بەشی سۆسیالیزمی گەلیی ئێران"، "دوورنمای فەلاکەت و ڕوو لە هەورازبوونەوەی سەرلەنوێی شۆڕش"، "کۆمۆنیستەکان و بزووتنەوەی جووتیاری" و "کێشە لەسەر بەدیهێنانی سۆسیالیزمی گەلی" بکەین.

ئەم نووسراوەیەش دیارە لە پەیوەند لەگەڵ پێداویستیی دەورەیەکی دیاریکراو لە گەشەی بزووتنەوەی کرێکاری و کۆمۆنیستی ئێراندا نووسراوە. بەڵام ئەو لادانانەی لەم نووسراوەیەدا دراونەتە بەر ڕەخنە، لە باقی وڵاتە ژێردەستەکانی ئیمپریالیزمیشدا، نوێنەرانی سیاسیی خۆیان هەیە. لەم بابەتەوە وەرگێڕانی ئەم نووسراوەیە بە زمانی دیکە، وە لەوانە بە کوردی، بێگومان بە ڕادەیەکی بەرینتر یارمەتیی خەباتی مارکسیستەکان دژی لادانە بۆرژوایی و وردەبۆرژواییەکان دەدا.

لە کۆتاییشدا کەڵک لەم هەلە، کە وەرگێڕانی ئەم نامیلکەیە بە زمانی کوردی پێی داوم، وەردەگرم و سەبارەت بە دەستەواژەی "سەرمایەداریی وابەستە" خاڵێک ڕوون دەکەمەوە.



ئەم دەستەواژەیە لە سەرەتای شۆڕشەوە لە بزووتنەوەی چەپی ئێراندا زۆر باو بوو. پۆپۆلیستەکان لەژێر ئەو ناوەدا، یانی بەوەی کە سیستەمی ئابووریی ئێرانیان ناو دەنا "سەرمایەداریی وابەستە" بەکردەوە حاشایان لە <u>تایبەتمەندییەکانی سەرمایەدارانەی</u> بنەڕەتیی ئابووریی ئێران دەکرد. وەک بڵێی "سەرمایەداریی وابەستە" سیستەمێکی بەرهەمهێنانی جیا لە سەرمایەدارییە و لە قانوونمەندی گشتیی ڕەوتی کۆمەڵگای سەرمایەداری، بەو جۆرە کە مارکسیزم لێکی داوەتەوە، کەم تا زۆر جیاوازە! ئەمەش بەناچار، دەبوو بە پاکانەیەکی تیۆریک بۆ نەفیکردنەوەی خەباتی چینایەتی کە تەوەری گۆڕانکاری بار و دۆخە لە هەر سیستەمێکی سەرمایەداریدا.

ئێمە هەر لە سەرەتاوە پێمان لەسەر ئەوە داگرت کە "سەرمایەداریی وابەستە" هەر هەمان سەرمایەدارییە لە وڵاتانی ژێردەستەی ئیمپریالیزمدا. تایبەتمەندییەکانی سەرمایەداری لەم وڵاتانەدا، نەک هەر بە هیچ چەشنێک_ قانوونمەندییە گشتییەکانی سەرمایەداری نەفی ناکاتەوە، نەک هەر (بە هیچ چەشنێک) ڕێگا ناکاتەوە بۆ ئەوەی خەباتی چینایەتیی کرێکاران دژی بۆرژوازی خۆوڵاتی لە تیژی بکەوێ، بەڵکوو بە پێچەوانەوە، ئەم ناکۆکییە چینایەتییە بە توندترین شێوە دەخاتە بەرچاو و پێویستیی قەوارەگرتنی ڕیزی سەربەخۆی چینی کرێکار چەند لانە زیاتر دەهێنێتە گۆڕ.

ئێمە هەر بەو بۆنەیەوە کە دەستەواژەی "سەرمایەداریی وابەستە" جەوهەری بۆچوونێکی لادەرانەی لەم چەشنە بوو، لە ئەدەبییاتی سیاسیی خۆماندا ئەو دەستەواژەیەمان وەلاناو لە جێگای ئەوە "سەرمایەداری لە وڵاتی ژێردەستەی ئیمپریالیزم"مان دانا.

مەنسوور حیکمەت
1985 /01 /10

21ی بەفرانباری 1363

## پێشوتار

ئەم نامیلکەیە، سەرەتایەکە لەسەر زنجیرە نووسراوێک کە "سەهەند" بە مەبەستی شیکردنەوەی ئەم هەڵوێستانە و ئەو تێزانەی کە لە نامیلکەی "شۆڕشی ئێران و ڕۆڵی پرۆلیتاریا"دا هاتووە (و مانگی مارسی ساڵی 79 بڵاو بووەتەوە)، لەمەودوا بەردەوام بڵاوی دەکاتەوە. لەبەر چەند هۆیەک بەتایبەتی بە هۆی تەنگەبەربوونی ئیمکاناتەوە، بڵاوکردنەوەی هەموویان وەکوو کتێب دەست نادا. بۆیە بەناچار ئەو نووسراوانە وەکوو چەند نامیلکەی جیاجیا (7 تا 10 نامیلکە) لە ماوەی چەند مانگێکدا، یەک لەدوای یەک، بڵاو دەبێتەوە. ئەو کارە نەک هەر بۆ خوێنەر، بەڵکوو بۆ خۆشمان هەندێک گیروگرفتی تێدایە، لە لایەکەوە خوێنەر ناتوانێ بە ئاسانی شوێنی بەڵگەهێنانەوەکان و لێکۆڵینەوەکان بگرێ، لە لایەکی تریشەوە پێویست دەکا کە ئێمەش هەموو نامیلکەیەک بە جۆرێک دەرکەین (کە هەرچەندە دووبارەکاری ببا) بە تەنیا وەکوو نامیلکەیەکی سەربەخۆ بەکەڵک بێ. لە هەر حاڵدا، هاوڕێیان دەبێ ئەوەیان لەپێشچاو بێ کە چوارچێوەی گشتی ئەوەی کە لەم زنجیرە نامیلکانەدا پێشچاو دەخرێ، لە نامیلکەی "شۆڕشی ئێران و ڕۆڵی پرۆلیتاریا"دا هاتووە و پەیوەندی مەنتیقیی نامیلکەکان بە گەڕانەوە بۆ سەر ئەو نامیلکەیە دەردەکەوێ".

بەشی یەکەمی ئەم زنجیرە نووسراوانە (دیارە) تا ڕادەیەکی زۆر دەچێتە سەر باسی بابەتە ئابوورییەکان و ئێمە لەم بەشەدا زۆرتر لەو مەسەلە تیۆریکە ئابوورییانە دەکۆڵینەوە کە ژێرخانی بنچینەیین بۆ ئەو هەڵوێست و تێزە سیاسییانەی کە لە نامیلکەی "شۆڕشی ئێران و ڕۆڵی پرۆلیتاریا"دا هاتووە. دیارە لە ڕوانگەی لێکۆڵینەوەی



مارکسیستییەوە لێکۆڵینەوەی ئابووری هیچ کاتێک لە خۆیدا مەبەست نەبووە. لێکۆڵینەوەی ئابووری ئەگەر بە ئاکامی دیاریکراوی سیاسی نەگا و ئەگەر بۆ بەرەوپێشچوونی چینی کرێکار لە خەباتی چینایەتیدا ڕێخۆشکەر نەبێ، وە بۆ هەڵسەنگاندنی ئەو هێزە سیاسییانەی لە خەباتی چینایەتیدا دەستەویەخەن و بۆ داڕشتنی بەرنامە و تاکتیکی خەبات، یارمەتی کۆمۆنیستەکان نەدا، ئەوەی دەمێنێتەوە تەقەلایەکی ئاکادیمیک و ڕووناکبیرانەیە و بەس! لە لایەکی تریشەوە، ئەگەر بۆ لێکۆڵینەوەی دروستی قانوونە ئابوورییەکانی ڕەوتی کۆمەڵ بە شێنەیی کار بکرێ و لە لایەن پێشەنگان و توێژە هۆشیارەکانی چینی کرێکارەوە بە شێنەیی لە تایبەتییەکانی بکۆڵرێتەوە و گوایە بیانووی ئەم شێنەییبوونە ئەوە بێ، بڵێن با ئاکادیمیست نەبین، لەوانەیە ئەوە ببێتە سەرچاوەی لادانی ئایدیۆلۆژیکی و سیاسی و ڕێکخراوەیی وەها کە لە کردەوەدا توانای بەرەوپێشچوون و سەرکەوتن تەنانەت لە دڵسۆزترین هێزە سیاسییەکانی چینی کرێکاریش بگرێتەوە.

سەبارەت بە شێوەی لێکۆڵینەوەی ئابووری دەبێ ئەوەمان لەبەرچاو بێ، کە ئێمە باسی لێکۆڵینەوەی مارکسیستی لە ژێرخانی ئابووریی کۆمەڵ دەکەین، نەک هەر باسی ڕیزکردنی ئەو چینانەی کە لە کۆمەڵدا هەن، چینەکانی کۆمەڵ تیشکدانەوەی ئینسانی ئەو پەیوەندییە دیاریکراوانەی بەرهەمهێنانن کە لە کۆمەڵدا زاڵن. مەرجی پێویست بۆ لێکۆڵینەوە سەبارەت بە گۆڕانکاری کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئایدیۆلۆژیکی چین و توێژە جۆربەجۆرەکان، تێگەیشتن لەوەیە کە ڕیشەی گۆڕانی کۆمەڵ، قانوونمەندی ئابووری هەیە، چینە کۆمەڵایەتییەکان پەیوەندی بەرهەمهێنان ناخوڵقێنن، بەڵکوو خۆیان لەو پەیوەندییانەوە پەیدا بوون و لە مەیدانی ئەو پەیوەندییانە و بەپێی ئەو قانونمەندییانەیە کە چینە جۆراوجۆرەکان بۆ هێشتنەوە،

وە یان گۆڕینی شۆڕشگێڕانەی ئەو سیستەمە کۆمەڵایەتییەی کە لە ئارادایە خەبات دەکەن. بەم جۆرە، ئێمە بە شێوەی مارکس و لێنین، سەرەتا لێرەوە دەستپێ دەکەین، کە قانوونمەندی ئابووریی زاڵ لە کۆمەڵدا چییە؟ پاش تێگەیشتن لەوە (وە تەنیا پاش تێگەیشتن لەوە) دەوری ئابووری و سیاسیی چینە جۆراوجۆرەکان هەڵدەسەنگێنین. بێگومان لێکۆڵینەوەی مارکسیستی بەبێ باسی ئەوەی کە کۆمەڵ بە چین و توێژی جۆراوجۆری کۆمەڵایەتی_ سیاسی دابەش بووە، دەست نادا، بەڵام ئەگەر لێکۆڵینەوەی مارکسیستی تا ئەو ڕادەیە بێنیتە خوارەوە کە لە باسی دابەشبوونی کۆمەڵ بە چینەکان تێپەڕ نەبێ، مانای ئەوەیە مارکسیزم لێنینیزمیشمان تا ڕادەی زانستێکی کۆمەڵناسی ساکاری بۆرژوایی هێناوەتە خوارەوە.

مەسەلەیەکی تر ئەوەیە کە ئێمە لە لێکۆڵینەوەی ئابووری خۆماندا بەشوێن وەڵامی هەندێک پرسیاری دیاریکراودا دەگەڕێین. مەبەستی ئێمە ئەوە نییە کە هەموو کاروباری ئابووریی وڵات بێ کەم و زیاد بخەینە پێشچاو. ئێمە بە تایبەتی بەشوێن وەڵامی ئەو پرسیارانەدا دەگەڕێین کە خەباتی چینایەتی و شۆڕشی ئێستا دەی نێتە پێشمان، دەڵێین "خەباتی چینایەتی" و "شۆڕشی ئێستا" نەک "پەرەسەندنی ئابووری" و "گەشە و هەڵدانی مێژوویی کۆمەڵ"! یەکەم هەنگاوی هەموو مارکسیستێک لە هەر چەشنە لێکدانەوەیەکی کۆمەڵایەتیدا پێویستییەکانی خەباتی چینایەتی لە ڕوانگەی قازانج و بەرژەوەندیی سەربەخۆی چینی کرێکارەوەیە. مارکسیستەکان ڕاوێژکاری ئابووریی کۆمەڵی بۆرژوایی نین کە بۆ نموونە، باسی چۆنیەتی پەرەسەندنی کشتوکاڵی وڵات و "کەوتنەڕێگەی چەرخی بەرهەمهێنان"، سەنعەتیکردنەوە، دابەشکردنەوەی داهات، ڕیفۆرمی ئیداری و شتی وا لە چوارچێوەی نیزامی ئێستادا بکەن. بۆرژوازی و



ئیمپریالیزم بە قەد پێویستیی خۆیان کادریان بۆ ئەو کارانە پەروەردە کردووە و دەیکەن. مارکسیزم ڕەخنەگری زانستیی کۆمەڵگای سەرمایەدارییە و کلیلی گۆڕینی شۆڕشگێڕانەی ئەو کۆمەڵگایەیە. مارکسیزم زانستێکە کە دەبێ وەکوو چەکێک لەدەست چینی کرێکاردا بێ و شێلگیرانە بەکار بهێنرێ بۆ خستنە پێشچاوی ئەو ناکۆکییە چارهەڵنەگرانەی کۆمەڵگەی سەرمایەداری کە لە بنج و بناغەی دایە، بۆ خستنە پێشچاوی سەرەوگۆڕبوونی بێچارەی ئەو کۆمەڵگایە، بۆ هەڵسەنگاندن و لێکدانەوەی قەیرانەکانی، بۆ پێشبینیکردنی بزووتنەوی سیاسی و ئابووریی چینە داراکان لە هەر قۆناغێکی گەشە و هەڵدانی خەباتی چینایەتیدا، بۆ رزگارکردنی کۆمەڵانی بەرینی چینی کرێکار لە خورافەی بۆرژوایی و ... و بەکورتی بۆ هەموو مەیدانەکانی خەباتی چینایەتی.

گرنگترین پرسیارێک کە شۆڕشی دیموکراتیکی ئێستای ئێران (کە نەک هەر بزووتنەوەکی سەرووچینایەتی نییە، بەڵکوو تیشکدانەوە و بەرەنجامی دیاریکراوی پلەیەکی دیاریکراو لە گەشەی خەباتی چینایەتییە لە وڵاتی ئێمەدا) دەینێتە بەردەم مارکسیستەکان، مەسەلەی هەڵسەنگاندنی دەورەی بۆرژوازی لیبراڵە لە شۆڕشی ئێستادا(1).

لە ڕوانگەی بەرژەوەندیی چینی کرێکاری ئێرانەوە، خەبات دژی دەسەڵاتدارەتی ئیمپریالیزم بەشی جیانەکراوەی خەباتێکە کە ئەم چینە بۆ پێکهێنانی پێشمەرجەکانی دوا هەستانی خۆی بەرەو سۆسیالیزم گرتوویەتە پێش. لەنێوبردنی یەکجارەکی دەسەڵاتدارەتی ئیمپریالیزم لە مەیدانەکانی ئابووری و سیاسیدا، واتە ڕووخاندنی نیزامی چەوساندنەوەی ئیمپریالیستی کرێکاران و زەحمەتکێشان و دیکتاتۆری ڕووت و ئاشکرای دژی کرێکاری، شەرتی حاشاهەڵنەگرە

بۆ بەدیهاتنی سەرکەوتنی شۆڕش لە ڕوانگەی قازانج و بەرژەوەندیی ئێستا و دوارۆژی چینی کرێکارەوە. ئاشکرایە کە بەم پێیە، لە ڕوانگەی قازانج و بەرژەوەندیی سەربەخۆی چینی کرێکارەوە، شێوەی دروستی بەرچاوخستنی مەسەلەکە ئاوایە، ئایا هیچ کام لە توێژەکانی بۆرژوازی لە ئێراندا، لە دوالێکۆڵینەوەدا، بۆ لەنێوبردنی دەسەڵاتی ئیمپریالیزم و سڕینەوەی تەواوی دیکتاتۆرییەتی ئەو، هێندە خاوەن قازانج هەیە کە لە خەباتێکی شۆڕشگێڕانەدا دژ بە ئیمپریالیزم و بە ڕابەریی چینی کرێکار، بەشداری بکات؟ ئایا هیچ کام لە توێژەکانی بۆرژوازی لە ئێراندا <u>دژ بە ئیمپریالیست و دیموکرات</u> هەن؟

بۆ وەڵامدانەوەی ئەو پرسیارە دوو ڕێگا هەیە، ڕێگای یەکەم ئەوەیە کە بۆرژوازی بەپێی ئەو شتانەی کە خۆی سەبارەت بە خۆی دەیڵێ، بەپێی دەستەواژە و چەمک و شێوەکانی لێکۆڵینەوەی خۆی و مانۆرە سیاسییە عەوامفریودەرەکانی خۆی، داوەریی لە سەر بکەین. لێکدانەوەی بۆرژوازیی و ڕواڵەتکارانە هەرگیز خەیانەتی بە بۆرژوازی نەکردوە، شێوە بۆچوونێکی ئاوا بەناچار، وەڵامی بەڵێ بۆ ئەو پرسیارە بەدی دێنێ و بێگومان جارێکی تریش چینی کرێکار لە مەیدانی شکانی شۆڕشی دیموکراتیکدا دەکێشێتەوە زنجیر. ڕێگای دووەم ئەوەیە کە پشت بە فێربوونە زانستی و شۆڕشگێڕەکانی مارکسیزم و لێنینیزم ببەستین و جەوهەر و ماهییەتی توێژە جۆراوجۆرەکانی بۆرژوازیی ئێران و توانا و لێوەشاوەیی سیاسی، یان بەپێی بار و دۆخی ماددی وجوودیان، بەپێی قانونمەندی ئابووریی ڕەوتی کۆمەڵ هەڵسەنگێنین و بە شێوەی مارکس، ئەنگڵس و لێنین لە ڕوانگەی قازانج و بەرژەوەندیی سەربەخۆ و بەپێی



ئایدیۆلۆژیی زانستی و شۆڕشگێڕانەی چینی کرێکارەوە، بۆرژوازی بناسین و بیناسێنین.

بە بڕوای ئێمە، لە ڕوانگەی مارکسیزم_ لێنینیزمەوە وەڵامی ئەو پرسیارە "نا"یە. ژێرخانی ئابووریی نیزامی سەرمایەداریی وابەستە بە چەشنێک دیکتاتۆری ڕووت و ئاشکرا دەخوازێ کە لادان هەڵناگرێ و حوکوومەتی سەرمایەدارانیش لەو نیزامەدا، چاوی لەوە نییە کە کام توێژی بۆرژوازی حوکوومەت دەکا، مادام ئەو حوکوومەتە پێویستییەکانی دەسەڵاتدارەتی سەرجەم <u>سەرمایەی کۆمەڵایەتی</u> لە بار و دۆخی ئیمپریالیستیدا دەبێ دابین بکا، <u>ناتوانێ دیموکراتیک بێ</u> و ئەو دیموکراسییەی کە بۆ کۆکردنەوە و ڕێکخستنی چینی کرێکار بەرەو سۆسیالیزم پێویستە تەنیا لە ڕێگای بزووتنەوەیەکی شۆڕشگێڕانە و بە ڕابەریی چینی کرێکار و <u>دژ بە بۆرژوازی</u> دەتوانێ بێتە بوون.

نامیلکەی "شۆڕشی ئێران و ڕۆڵی پرۆلیتاریا" کە وەکوو چەند تێزێکی گوشراو بڵاو کرابووەوە، پشتی بە ناسینێکی دیاریکراو لە قانوونمەندییە ئابوورییەکانی بزووتنی کۆمەڵگای سەرمایەداریی وابەستەی ئێران بەستبوو، وە ئەو ئاکامە سیاسی و ئایدیۆلۆژیکانەی کە سەبارەت بە پێویستبوونی سەربەخۆیی ئایدیۆلۆژیک و سیاسی و ڕێکخراوەیی چینی کرێکار و پێویستبوونی دابینکردنی سەرکردەیی ئەم چینە لە شۆڕشی دیموکراتیکی ئێراندا و خەسڵەتی دژ بە شۆڕشبوون و دژ بە کرێکاربوون دیکتاتۆرییانەی گشت بۆرژوازی ئێران و مەترسی بۆچوونە لادەرە "گشت خەڵکی"یەکان بۆ بزووتنەوەی کرێکاری و کۆمۆنیستی و بە هۆی ئەوەوە بۆ سەرتاپای بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی وڵات و ... بەدی هاتبوو، هەمووی سەرچاوەی لە تێگەیشتنێکی کۆنکرێت لە ژێرخانی

ئابووریی ئێرانەوە دەگرت. ڕاستییەکانی خەباتی چینایەتی لە مانگی سەرماوەزەوە(2)، (کاتێک کە ئەو تێزانە بە ڕادەیەکی بەرتەسک بڵاو کرانەوە) هەتا ئێستا مۆری ڕاستبوون و دروستبوونی لە گەلێک لەو خاڵانەی کە لەو نامیلکەیەدا هاتووە داوە. بۆرژوازی ڕەنگ لیبراڵی ئێران، ئەو توێژەی کە لە جەنگەی شۆڕشدا ڕیاکارانە باسی ئازادی و ماف و سەربەخۆیی دەکرد، وە ئەو ئێستا ئەرکی ڕزگارکردنی سەرمایەداریی وابەستە و ئیمپریالیزمی لە تۆفانی شۆڕشی زەحمەتکێشان گرتووەتەوە سەر شان، ئەوەتا ئیتر تەنانەت بە بیستنی ئەو وشانەی کە دەورەی پڕ جۆش و خرۆشی ڕابردووی بیر دەخاتەوە، بە بیستنی وشەی وەکوو شۆڕش، دیموکراسی، شوورا، سوپای گەل، خودموختاری و شتی وا مووچڕکی پێدا دەگەڕێ و بۆ ماوەیەک (هەتا ژەنەراڵەکان و ڕاوێژکارەکان دەبووژێنەوە و ئامادەیی خۆیان ڕادەگەیەننەوە)، ناهومێدانە و لە چەشنی نەخۆشێکی سەرەو گۆڕ، خۆی خزاندووەتە داوێنی "پیرۆز و میهرەبانی" وردەبۆرژوازیی کۆنەپارێز وە بەرانبەر بە گەشەکردنی ڕۆژ لەڕۆژ زیاتری شۆڕش و بیروباوەڕی کرێکاری، دەست لەناو دەستی کۆنەپەرستترین کەسان و کۆنەپەرستترین هێزەکان، خەریکی پیلانگێڕانە بۆ خنکاندنی ئازادی و لە قەوارەخستنی شۆڕش. ئەمجار ئیتر ئەوە بۆ هەمووان دەبێ لە ڕۆژ ڕووناکتر بێ کە: "لە سەردەمی ئیمپریالیزمدا حوکوومەتی بۆرژوازی لە ئێران ناتوانێ دیموکرات بێ! "ڕووداوەکان بە هێزێکی چەند لانە بەتواناتر لە بەڵگەهێنانەوە، حەقیقەت دەبەنە وشکترین مێشکەوە. بەڵام بۆ مارکسیستەکان کە ئەرکی ڕابەریی بزووتنەوەی کرێکاری و شۆڕشی دیموکراتیکی ئێرانیان لەسەر شانە، بۆ کەسانێک کە بەرهەمی تیۆریک و ئەزموونی زیاتر لە دوو سەدە خەباتی کرێکاری



سەراسەری جیهانیان وەکوو ئەمانەتێک لە لایە، ئەوەندە بەس نییە کە پاش ڕووداوێک لێی تێ بگەن! شۆڕشگێڕانی مارکسیست ئەرکی سەرشانیانە کە لە ڕووناکایی ئایدیۆلۆژیی زانستی و شۆڕشگێڕانەی خۆیاندا و بەپێی لێکۆڵینەوەی قانوونەکانی ڕەوتی بزووتنەوەی کۆمەڵ، وێنەیەکی ڕۆشن لە گونجاوترین ڕێڕەوی شۆڕش، لە جیاکردنەوەی هێزەکانی شۆڕش و دژی شۆڕش، توانا و لێهاتوویی چین و توێژە جۆراوجۆرەکان، لە مەیدانی خەباتی چینایەتیدا و بار و دۆخ و پێویستییەکانی شۆڕش لە ڕوانگەی چینی کرێکارەوە بخەنە پێشچاو. شۆڕشی دیموکراتیکی ئێران بێ ئەوەی سەربەخۆیی ئایدیۆلۆژی و سیاسی و ڕێکخراوەیی چینی کرێکار و سەرکردەیی و ڕابەربوونی ئەو چینە لە بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەدا دابین بکرێ، سەرناکەوێ. بۆ بەدیهێنانی هەلومەرجێکی ئاوا، ئەسڵ ئەوەیە کە قانوونمەندی ئابووری ڕەوتی کۆمەڵ لە ڕوانگەی مارکسیست_ لینینیستەوە بناسرێ.

بە ڕای ئێمە، ڕوانگە لادەرە گشتخەڵکییەکان، کە لە بزووتنەوەی کۆمۆنیستی ئەم وڵاتەدا، برەویان هەیە، وە ئەوە خۆی بنچینەی چەککردنی سیاسیی چینی کرێکارە بەرانبەر بە بۆرژوازیی لیبراڵ و وردەبۆرژوازی، لە ڕوانگەی تیۆریکەوە هی ئەوەیە ناسینی مارکسیستی و لینینیستی لە قانوونەکانی ڕەوتی کۆمەڵی ئێمەی بەدەستەوە نەبووە و لە جیاتی مارکسیزم و لینینیزم نموونەی کلێشەیی بە شێوەی میکانیکی دانراوە. دەبێ بنچینەی تیۆریکی ئەم لادانانە لەوەدا بدۆزرێتەوە، کە ڕوانگەی غەیرە مارکسیستی و غەیرە لینینیستی لە سەرمایە و نیزامی سەرمایەداری و ئیمپریالیزم و نیزامی سەرمایەداری گرێدراو، باوە و ڕەواجی هەیە. لادانی سیاسی گرنگ (وەکوو ئەوەی کە بەشێک لە بۆرژوازی ئێران بە "میللی و

پێشکەوتنخواز" دانراوە، یان ئەوە کە لە جیاتی ڕۆیشتن بەرەو پێکهێنانی بەرەی شۆڕشگێڕی دژی ئیمپریالیستی، سیاسەتی سازانی چینایەتی گیراوەتە پێش و بەکردەوە لە ڕیسواکردنی بێبەزەییانەی بۆرژوازیی لیبراڵ و بەشی کۆنەپارێزی وردەبۆرژوازیدا کەمکاری کراوە و بەناچار واز لە ڕابەریکردنی سیاسیی خەباتی دیموکراتیک هێنراوە و خراوەتە باوەشی وردەبۆرژوازی و بۆرژوازیی لیبراڵ، وە گەلێک هەڵەی لەم چەشنە) هەمووی لە باری تیۆریکەوە ڕەنگدانەوەی ئەو بۆشاییە گەورەیەن کە تیۆری "شۆڕشگێڕانە" لە ئێراندا، لە دەرسەکانی مارکس و لینین (سەبارەت بە ڕەخنەگریی لە ئابووریی سەرمایەداری و بەرزترین قۆناغەکەی کە ئیمپریالیزمە)، جیا دەکاتەوە. بەشی گەورەی ئەدەبییاتی تیۆریکی بزووتنەوەی کۆمۆنیستیی وڵاتی ئێمە (نەک لە ڕوانگەی مارکسیزمەوە، بەڵکوو لە ڕوانگەی سەرمایەدارەوە) چاو لە سەرمایە دەکا و تێی دەگا، بەبێ لێکۆڵینەوە و ناسینی قانوونمەندی و پێویستییەکانی ڕەوتی گشت سەرمایەی کۆمەڵایەتی و پێشمەرجەکانی بەرهەمهێنان و دووبارەکردنەوەی بەرهەمهێنان و کۆمابوون لە نیزامی سەرمایەداریی وابەستەی ئێراندا، یەکسەر دەچێتە سەر لێکۆڵینەوەی توێژە جۆراوجۆرەکانی بۆرژوازی، (نەک توێژە جۆراوجۆرەکانی سەرمایەش). بۆرژوازیی ئێران بەشبەش دەکا، "باڵ"ە جۆراوجۆرەکانی بەگژ یەکتردا دەدا، قازانج و بەرژەوەندی دژبەیەکیان بۆ هەڵدەژمێرێت و بە شێوەیەکی میتافیزیکی و هەر لەبەرخۆوە جارێک ئەم و جارێک ئەو توێژی بۆرژوازی "لە ڕیزی گەل"دا، یان "لە دەرەوەی ڕیزی گەل"دا دادەنێ، وە سەبارەت بە سەرجەم ئەو نیزامەی کە لەسەر پایەی قازانجی هاوبەشی توێژە جۆراوجۆرەکانی سەرمایە (و دیارە بۆرژوازیش) ساغ بووەتەوە،



سەبارەت بە نیزامێک کە لە بناغەوە هەبوون و کۆمابوونی سەرمایە، بە ڕادەیەکی بەرزی سوودبەخشییەوە گونجاو دەکا، سەبارەت بە نیزامێک کە چینی کرێکار و پێشەنگانی کۆمۆنیستیی بەپێی دوایین لێکۆڵینەوە دژی تەواوی ئەو نیزامە، جەنگاوەرانە لە خەباتدان، تەنانەت یەک و شەش ناڵێ و بێدەنگە! ئاکامی سیاسی شێوە بۆچوونێکی ئاوا ئاشکرایە. کاتێک کۆمۆنیستەکان لەبیریان بچێتەوە کە دەستیان داوەتە ڕەخنەگری و ڕیسواکردن و ڕووخاندنی کامە نیزامی کۆمەڵایەتی و لە جیاتی کێشەی چینایەتی کە جەوهەری شۆڕشی دیموکراتیکە، ململانێی توێژە جۆراوجۆرەکانی بۆرژوازی بخەنە پێشچاوی چینی کرێکار، کاتێک هەر ڕۆژە بە بیانوویەک (وەکوو ئەوەی کە شۆڕشی ئێستا سۆسیالیستی نییە) بۆ بەشێک لە بۆرژوازی لای چینی کرێکار شفا و لاڵە بکەن و بەکردەوە (تەواو بە پێچەوانەی پێویستییەکان و تێگەیشتنە مەنتیقییەکانی چینی کرێکار و تەنانەت ئەو تێگەیشتنانەی کە لەخۆوە پەیدای کردووە) بیروڕای تێکڕا گەلی (پۆپۆلیستی) خۆیان بەسەر ئەو چینە دابڕن و سەرەنجام سۆسیالیزمی زانستی لە کرێکاران بشارنەوە، لە ئاکامدا بزووتنەوەی کرێکاری لە هێرش دەکەوێ و کۆنەپارێز دەبێ و هیوای خۆی بە حوکوومەتی سازشکارانەوە گرێ دەدا. خۆی لە سیاسیبوونەوەی بزووتنەوە ئابوورییەکانی خۆی دەترسێ و ئاخری بۆ ڕیفۆرمیستەکان و سازشکاران و هەلپەرستان مل کەچ دەکا و خۆ بەدەستەوە دەدا. مەرجی پێویست بۆ سەرکەوتنی شۆڕشی دیموکراتیک بە ڕابەریی چینی کرێکار ئەوەیە، کە بەشێکی گەورە و بەرین لە کرێکاران هەبن، قازانج و بەرژەوەندیی دوارۆژی خۆیان بناسن. کە چاو لە سەرکەوتنی شۆڕشی دیموکراتیک وەکوو ئامانجێکی ڕووەو خۆ و ئامانجی ئاخرین نەکەن و وەکوو

هەنگاوێکی پێویست لە پێناو بەدیهاتنی پێشمەرجەکانی حەرەکەتی نیهایی چینی کرێکار بەرەو سۆسیالیزم چاولێ بکەن.

مەبەست لەوەی کە ئەم نامیلکانە بڵاو دەکەینەوە ئەوەیە کە زەمینەیەکی تیۆریک بەدەستەوە بدەین بۆ سڕینەوەی ئەفسانەی "پێشکەوتنخواز"بوون و "میللی"بوونی بەشێک لە بۆرژوازی ئێران. ئەگەر لینین سەبارەت بە شۆڕشی 1905ی ڕووسیا بە لیبڕاوییەوە نووسی: "بۆرژوازی هێزێکی بزوێنەری شۆڕشی ڕووسیا نییە!"، ئێمە پاش ڕابووردنی زیاتر لە 70 ساڵ، لە نیزامێکی سەرمایەداری و وابەستەدا، لە سەردەمی دەسەڵاتدارەتی بێگومانی ئیمپریالیزمدا، هەرچی لیبڕاوانەتر ئەو وتەیەی لینین سەبارەت بە شۆڕشی دیموکراتیکی ئێستای ئێران دووبارە دەکەینەوە. لەم زنجیرە نامیلکانەدا تێدەکۆشین کە بە شێوەیەکی کۆنکرێت ئەوە نیشان بدەین کە بە پێچەوانەی گومانی بەشێکی بەرچاو لە هێزە کۆمۆنیستەکانی وڵاتمان، ئەو ململانێیەی کە لەنێو توێژە جۆراوجۆرەکانی سەرمایە لە وڵاتدا هەن، بەرژەوەندی و قازانجی هاوبەشی ئەوان لە هێشتنەوە و پاراستنی نیزامی بەرهەمهێنانی ئیمپریالیستی و سەرخانی سیاسی ئەو نیزامە، یانی قازانجی ئەوان لە دیکتاتۆری ڕووت و بێپەردە و دژ بە کرێکاری، هەرگیز نەفی ناکاتەوە. ئێمە بە شێوەیەکی کۆنکرێت ئەوە ڕوون دەکەینەوە، کە لە نیزامی سەرمایەداریی وابەستەی ئێراندا (سەرمایەداری لە وڵاتی ژێردەستەی ئیمپریالیزمدا) هیچ کام لە توێژەکانی بۆرژوازی (واتە تیشکدانەوەی مرۆیی و چینایەتی توێژەکانی سەرمایە) قازانجێکیان لە ڕووخاندن و تێکدانی بار و دۆخی گشتیی ئیمپریالیستی بەرهەمهێنان و بەرهەمهێنانەوە و کۆمابوونی گشت سەرمایەی کۆمەڵایەتی لە وڵات و پێویستییە سیاسییەکانی ئەو نیزامەدا نییە و بەو جۆرە بۆرژوازی هیچ



خەسڵەتێکی دژی ئیمپریالیستی (میللی؟) و دیموکراتیک (پێشکەوتنخواز؟)ی لە خەباتی شۆڕشگێڕانەی کۆمەڵانی زەحمەتکێشی ئێمەدا نییە! تەواو بە پێچەوانەوە، ململانێی توێژە جۆراوجۆرەکانی سەرمایە و بۆرژوازی لە سایەی ئەو هەموو تەوەهوومە پۆپۆلیستی (تێکراگەلی)یەوە کە لە بزووتنەوەی کرێکاری و کۆمۆنیستی وڵاتی ئێمەدا برەوی هەیە، ڕێگادەست بۆ بۆرژوازیی سەرتاپێ وابەستەی ئێران دەکاتەوە کە بە شێواندنی کرۆکی چینایەتیی شۆڕشی دژ بە ئیمپریالیستی ئێستا و بە ڕاکێشانی بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی کرێکاران و زەحمەتکێشان بەرەو مەیدانی شەڕە زێڕینگەرانەی نێوخۆی چینی دەسەڵاتدار، دەسەڵاتدارەتی ئیمپریالیزم، هەر بەو ناوەڕۆکە ئابووری و سیاسییەی پێشووەوە (ڕەنگە بە ڕواڵەتێکی دیکە) لەم وڵاتەدا بیلێتەوە و بیبوژێنێتەوە.

## سەرەتا

ئەم بەشە، کە چەند نامیلکەی جیاواز دەبێ، بەرینکردنەوە و ڕوونکردنەوەی ئەو مەسەلانەیە کە لە بەشی 2ی نامیلکەی شۆڕشی ئێران و ڕۆڵی پرۆلیتاریا"دا بە کورتی باس کراون، ڕوونکردنەوەی پایە بنچینەییەکانی نیزامی سەرمایەداری و قۆناغی ئیمپریالیستیی سەرمایەداری لە ڕوانگەی مارکس و لینینەوە، گشت سەرمایەی کۆمەڵایەتی، یەکێتیی قازانج و بەرژەوەندیی توێژە جۆراوجۆرەکانی سەرمایە و مەسەلەی ململانێ لە ڕوانگەی تیۆریکەوە، هەلومەرجی بنەڕەتیی هەبوون و مانەوەی نیزامی سەرمایەداری، تایبەتییەکانی سەرمایەداری لە سەردەمی ئیمپریالیزمدا، مەسەلەی سەرمایەداریی وابەستە و کارکردی کۆنکرێتی سەرمایەداریی مونوپۆلی لە وڵاتی ژێردەستەدا، ڕیشە و ڕەچەڵەکی مێژوویی و بار و دۆخی ئەم

سەردەمەی وابەستەبوونی سەرمایەداری لە ئێران، دیکتاتۆری، سەرمایەداریی وابەستە و بۆرژوازیی لیبراڵ، تویێتویێبوونەوەی بۆرژوازیی ئێران و ڕەخنەگری لەسەر یۆتۆپیای "دیموکراسی و سەرمایەداریی سەربەخۆی ئێران بە ڕابەریی بۆرژوازیی میللی" و ... بەشە بنچینەیییەکانی باسی "ئەفسانەی بۆرژوازیی میللی و پێشکەوتنخواز" پێک دێنن. ئەسڵی دەقی لێکۆڵینەوەکەمان لە نامیلکەی دوایییەوە دەستپێ دەکات. لەم سەرەتایەدا هەندێک ئاماژەی کورت بە شێوە لادەرەکانی بۆچوون بۆ مەسەلەی وابەستەبوون دەکەین و بەس.

نەبوونی لێکۆڵینەوەیەکی هەمەلایەنە لەسەر گەشە و هەڵدانی سەرمایەداری لە ئێراندا و باوبوونی دەستەواژە و چەمکگەل و شێوە لێکۆڵینەوەی غەیرە مارکسیستی لە بزووتنەوەی کۆمۆنیستی ئێراندا، زیاتر لە هەموو شتێک ڕەنگە لە چۆنیەتی بۆچوونی سازمان و گروپ و کەسانی شۆڕشگێڕی وڵاتمان سەبارەت بە مەسەلەی سەرمایەداریی وابەستەدا خۆی بنوێنێ. بەشی زۆرتری ئەو ڕایانەی کە سەبارەت بەم مەسەلەیە باس کراون، زیاتر لەوەی پشتی بە دەرسە زانستی و شۆڕشگێڕەکانی مارکسیزم بەستبێ، لەگەڵ زانستیی ئابووریی بۆرژوایی، بەتایبەت مەکتەبی تازەبابەتی وەک "گەشەنەکردن" و " ئابووریی گەشەکردن"دا دێتەوە و ڕیشەی ئەو دەستەواژە و چەمکگەلەی لێی کۆڵراوەتەوە، نەک لە کتێبی "سەرمایە"ی مارکس و کتێبی "ئیمپریالیزم"ی لێنیندا، بەڵکوو لە نووسراوە و وتار و لێکۆڵینەوەی نارەزایانەی نوێنەرانی بۆرژوازیی تازەپێداکەوتووی وڵاتە ئاسیایی و ئافریقایی و ئەمەریکالاتینییەکان و چارەسازە ئیمپریالیستییەکانی سازمانی نەتەوە یەکگرتووەکان و ئەنستیتۆتە حەقیقییەکانی وڵاتە ئیمپریالیستییەکاندایە. بەرزبوونەوەی



تەوژمی شۆڕشە دژی ئیمپریالیستییەکان لە وڵاتانی ژێردەستەدا و گەشەکردن و هەڵدانی ڕۆژ لەڕۆژ زیاتری مارکسیزم لێنینیزم لەم وڵاتانەدا، زانستی ئابووریی بۆرژوایی (کە لە باری تیۆریکەوە، خۆی کۆکردنەوە و بەگشتیکردنی تیۆریکی بەرژەوەند و قازانجی سەرمایەیە، ناچار بەکردەوە سەرنج بداتە "دەرد"ەکان و گیروگرفتە "ئابوورییەکانی وڵاتە "گەشەنەکردووەکان". لایەنگرانی مافی میللەتانی ژێردەستە، ناکاو لە کۆنەپەرستترین دەزگاکانی لێکۆڵینەوە و بەرنامەدانانی ئیمپریالیزمەوە سەریان بەرزکردەوە و ئابووریی بۆرژوایی بە هەموو هێزی خۆی قۆڵی بۆ ئەوە هەڵماڵی کە ناکۆکییە تەفروتوونکەرەکانی ئیمپریالیزم پینە بکات، یان بیشارێتەوە و بزووتنەوە دژی ئیمپریالیستییەکان لە باری تیۆریکەوە گێژ بکا و مارکسیزم_ لێنینیزم لە قەوارە بخا و بیگۆڕێ. لەقەوارەخستن و گۆڕین و لابەلاکردنەوەی دەستەواژە و چەمکگەل و مەسەلە بنچینەییەکانی مارکسیزم و گواستنەوەی باس لەسەر خەباتی چینایەتی و دژی ئیمپریالیستی و دوان لە گیروگرفتی "گەشە و هەڵدانی ئابووری لە وڵاتی ژێردەستەدا" لە ڕێگەی پێشگرتن بە بڵاوبوونەوەی بیروڕای بناغەدانەرانی مارکسیزم و لەجیاتی ئەوانە بڵاوکردنەوەی تێکەڵ و پێکەڵ و لادەرانەی نووسەرانی بەناو مارکسیست، "چەپ" و "پێشکەوتنخواز" و "ئینساندوست"، وە لە ئاکامدا نیشاندانی مارکسیزم لە ڕوانگەیەکی بۆرژواییییەوە، یەکێکە لە خەنجەرە ژەهراوییەکانی پسپۆرانی ئیمپریالیزمی جیهانی دژی مارکسیزم. بەم جۆرە بەشێک لە مارکسیستەکانی وڵاتە ژێردەستەکان لەوانە ئێران، کە زیاتر لە 50 ساڵ لەمەوپێش لە کۆنگرەی دووەمی ئینتەرناسیۆناڵی سێیەم و لە کۆنگرەی میللەتانی ڕۆژهەڵاتدا باسی کێشەی ئاشتی هەڵنەگر و لێبڕاوانە دژی

ئیمپریالیزم بە رابەری کۆمۆنیستەکان و باسی پشتگیری بێدرێغی ئینتەرناسیۆنالی لێنینییان دەکرد، ئێستا دەڵێی بوونەتە کارشناس و پسپۆری وەها کە سەبارەت بە "نەبوونی پیشەسازیی دایک"، "نرخبڕینەوە بۆ کاڵا کشتوکاڵییەکان"، "زەرەر و زیانی نیزامی تاکبەرهەم"، "ڕوحییە و عادەتی خەرج و مەسرەف لەنێو کۆمەڵانی خەڵکدا(!)، "چۆنیەتی خستنەگەڕی چەرخەکانی ئابووری" و مەسەلەی لەم چەشنانە، دەبێ ڕێنوێنیی بۆرژوازی بەناو میللی بکەن، کە بە قسەی ئەوان گوایە قازانج و بەرژەوەندیی خۆی ناناسێ! لەباری تیۆرییە ئابوورییەکانەوە، دەستکێشانەوەی بەشێک لە کۆمۆنیستەکانی ئێمە لە خەبات دژی کوللی بۆرژوازی، تا ڕادەیەکی زۆر هی ئەوەیە، کە بیروڕای ئابووریی بۆرژوایی ڕەواجی سەندووە و تیۆرییە شۆڕشگێڕەکانی مارکس و لێنین کراونەتە کاریکاتۆر ... (3) چاوپۆشی لە لێکۆڵینەوەی قانوونمەندیی گشت سەرمایەداری کۆمەڵایەتی (کە خۆی بنچینەی کتێبی "سەرمایە"ی مارکس و کتێبی "ئیمپریالیزم"ی لێنین بووە) و هەر لەڕێوە چوونە سەر توێتوێبوونەوەی بۆرژوازی، یەکێکە لە بەرەنجامە گرنگەکانی نفووزیی ئایدیۆلۆژیی بۆرژوایی. بەهیواین لە نامیلکەکانی دواییدا گرنگایەتی "گشت سەرمایەی کۆمەڵایەتی" و قانوونەکانی ڕەوتی ئەوە، بۆ خوێنەر ڕوون بێتەوە. ئەوەی کە دەبێ لەم کورتە باسەدا بیهێنینەوە یاد ئەوەیە، ئێمە کاتێک جەخت دەکەینە سەر ئەمە، مانای ئەوە نییە کە بمانەوێ حاشا لەو توێتوێبوونەوە بابەتی و ماددییانە بکەین کە لەنێوخۆی سەرتاپای سەرمایەی کۆمەڵایەتیدا هەیە و لە باری چینایەتییەوە بناغەی بابەتییە بۆ هەبوونی توێژە جۆراوجۆرەکانی بۆرژوازی. تەواو بە پێچەوانەوە، نیازی ئێمە ئەوەیە کە بە لێکدانەوەی ئەو پەیوەندییانەی کە لەنێوان توێژە



جۆراوجۆرەکانی سەرمایەدا هەن، پەیوەندیی ئۆرگانیکی ئەوان و هەروەها یەکبوونی قازانج و بەرژەوەندییان لە شۆڕشی ئێستای ئێراندا ڕوون بکەینەوە و دژی ئەو خۆشخەیاڵییانەی کە سەبارەت بەسەربەخۆبوونی قازانج و بەرژەوەندیی بەشێک لە بۆرژوازی ئێران (بۆرژوازی بەناو میللی)، وە بەناو "ناکۆکیی" ئەو بەرژەوەندییە لەگەڵ نیزامی بەرهەمهێنانی ئیمپریالیستی لە ئێرانی ژێردەستەدا برەوی هەیە، ڕاوەستین و بەربەرەکانی بکەین.

ڕەنگە هیچ کام لە خەنجەرە ئایدیۆلۆژیکەکانی بۆرژوازیی ئێران بەقەد ئەو لەقەبە کورتەی "میللی"، کە بەشێک لە سەرمایەدارانی وڵات بە ناحەق (هیچ نەبێ لە کامڵبوونی ڕەوتی "دەسکۆتاکردن"(4)، واتە لە ڕێفۆرمی زەویی ساڵەکانی 63 تا 68، بەم لاوە) خستوویانەتە شوێنی خۆیان، بۆ نەزۆک و بێئەنجامهێشتنەوەی خەباتی کرێکاران و زەحمەتکێشانی وڵاتمان کاریگەر نەبووبێ. ئەم خەنجەرەی بۆرژوازی هێشتا هەر تا ڕادەیەک تیژ ماوەتەوە و تەواو کول نەبووە. لە سایەی ئەم مەدالیای شانازییەدا سەرمایەدارانی "میللی" داوا لە کرێکارانی شۆڕشگێڕ دەکەن، کە خاوەندارێتیی تایبەتی بەسەر هۆیەکانی بەرهەمهێناندا و هەروەها چەوسانەوە لە کارخانە و کۆمپانیاکانیاندا لەبەرچاو نەگرن، ئەوان تووشی ئاکامی خەباتی کرێکاران نەکەن و لێیان خۆش بن. "لەبەر خاتری ئەوان" باسی شوورا و سەندیکا و کۆمیتەی مانگرتن نەکەن، کرێی کەمتر وەرگرن و زێتر کار بکەن بۆ ئەوەی پیشەسازی "میللی" هەستێتەوە. لە مەیدانی خەباتی سیاسیدا کاتێک کە چەند مانگ لەوە تێپەڕ ببوو کە کۆمەڵانی زەحمەتکیش بە خەباتی خۆیان گەڵای ڕژێمی پاشایەتییان لەدار کەندبووەوە و بەرەو مەرگ دەیان برد، سیاسەتمەدارانی بۆرژوازی "میللی" (کەسانی وەکوو "سەنجابی" و

"بازرگان" و "سدیقی" و "فرووهەر" و "بەختیار") بەهیوابوون کە خەڵکی زەحمەتکێشی ئێران لە مەشرووتەخوازبوونیان(5) (کە هەمان باسی خائینانەی پشتگیریکردن لە نیزامی پاشایەتی و ڕاوەستان بەرانبەر بە گۆڕانکاری بنەڕەتی بوو) لەبەر خاتری "میللی"بوونیان خۆش بن. لەو جێگایەدا کە دامودەزگای حوکوومەتی سەرمایەی ئیمپریالیستی بەرانبەر بە پەلاماری دلێرانەی کرێکاران و زەحمەتکێشان خەریک بوو تێک دەڕووخا و ئیمپریالیزم کون بەکون بەشوێن سازشکاراندا دەگەڕا کە بیانهێنێتە مەیدان، دیسانەوە هەر سەرمایەدارە "میللی"یەکان و نوێنەرە سیاسییەکانی ئەوان بوون کە لە پەنای ئەو قەڵغانەدا کە پێشکەشیان کرابوو، خەریکی ڕێککەوتن لەگەڵ ئیمپریالیزم بوون. ئێستاش کە هەمان سازشکاران چوونەتە مەقامی "پاراستنی کاتی(6) قازانج و بەرژەوەندیی سەرمایەی ئیمپریالیستی لە ئێران"، دیسانەوە هەمان لەقەبی گۆڕینی "میللی"یەکە بۆ بەڕێوەبردنی دەوری خائینانەیان هێزیان پێ دەبەخشێ. لەم سەردەمە دیاریکراوەی گەشە و هەڵدانی خەباتی چینایەتیدا، ئەو خۆشخەیاڵییانەی کە سەبارەت بە خەسڵەتی بەناو "میللی و پێشکەوتنخواز"ی دەوڵەت و بنچینەی چینایەتی ئەو دەوڵەتە لە مێشکی زەحمەتکێشاندایە، یەکێکە لە کۆسپە گەورەکانی هەڵکشانی شۆڕش و سەرکەوتنی یەکجاریی شۆڕش و بووەتە بەردی بناغە بۆ گەڕانەوەی دەسەڵاتدارەتی بێ ملۆزمی کۆنەپەرستی ئیمپریالیستی. بەم جۆرە ڕوون دەبێتەوە کە دانی لەقەبی "میللی" بە بەشێک لە بۆرژوازی ئێران، لە ڕوانگەی گشت بۆرژوازییەوە، چەند بەخششێکی گەورە و چەندە چەکێکی بەکار دەبێ.

بەڵام ئایا ئەوە بەشێکی گەورە لە خودی کرێکارانی شۆڕشگێڕ و پێشڕەوانی کۆمۆنیستی ئەوان نین کە بەشێک لە بۆرژوازیی ئێران بە



میللی دادەنێن و لە باقی بۆرژوازی جیا دەکەنەوە؟ بزانین لە بنچینەوە بۆرژوازیی میللی لە ڕوانگەی مارکسیزم لێنینزمەوە مانای چییە و لەم سەردەمە دیاریکراوە لە شۆڕشی ئێراندا "میللی بوون"ی ئەم یان ئەو توێژی کۆمەڵ لە چ ڕەوت و جووڵانەوەیەک و لە چ توانا و لێهاتووییەکی سیاسی و ئابووریدا خۆ دەنوێنێ.

بۆ ئێمە وەڵامی ئەم پرسیارە ڕوونە. بۆرژوازیی میللی و سەربەخۆ تەنیا دەتوانێ وەکوو ڕەنگدانەوەی چینایەتی هەبوون و کارکردی (فۆنکسیۆنی) سەرمایەی میللی و سەربەخۆ بناسرێ. سەربەخۆبوونی سەرمایە هەرگیز مانای ئەوە نییە کە خاوەندارێتی شێوە جۆراوجۆرەکانی سەرمایە (پووڵ، ئامراز، کاڵا) سەربەخۆ بێ. سەربەخۆبوونی سەرمایە کاتێک دەبێ کە "سەربەخۆبوونی هەلومەرجی سوودبەخشبوونی سەرمایە، یانی سەربەخۆبوونی پەیوەندیی چەوسانەوە" بێ و سەرمایە سەربەخۆ لە ئیمپریالیزم (سەرمایەی میللی) تەنیا بە سەرمایەیەک دەوترێ کە هەلومەرجی سودبەخشبوونی خۆی (واتە هەلومەرجی چەوسانەوەی کاری کرێگرتە) سەربەخۆ لە ئیمپریالیزم بۆ خۆی دابین بکا و بتوانێ درێژەشی پێ بدا. بەم پێناسەیەوە، ئەوەی کە بڵێین سەرمایەی میللی و بۆرژوازیی میللی لە نیزامی سەرمایەداریی وابەستەی ئێراندا هەیە، لە بنەڕەتەوە پووچ و بێمانایە. لە ڕوانگەی سیاسییەوە "پێشکەوتنخوازی"ی بۆرژوایی تەنیا ئەو کاتە دەتوانێ لە ژێرخانی ئابووریی کۆمەڵدا پایە و بنچینەیەکی ماددی بەخۆیەوە ببینێ، کە دیموکراسی (بە مانا بۆرژواییەکەی) لە ڕوانگەی گشت بۆرژوازییەوە تەماشا بکرێ. بۆرژوازی تەنیا ئەو کاتە دەتوانێ (ئەویش تا ڕادەیەک دەتوانێ) لە هەلومەرجی دیموکراتیکدا خاوەن قازانج بێ، کە دیکتاتۆری کۆسپی سەر ڕێگای گەشە و هەڵدانی

سەرمایە و سەرمایەداری بێ. بەم جۆرە ڕوون دەبێتەوە کە دانانی وشەی "میللی" بۆ بەشێک لە بۆرژوازی ئێران بەپێی ئەو پێناسەیەی کردمان، ئەو بەشە لە بۆرژوازی لەگەڵ بەرهەمهێنانی ئیمپریالیستی زاڵ بەسەر کۆمەڵ و بەسەر سەرخانی سیاسییەکەیدا (کە دیکتاتۆری ڕووت و ئاشکرایە) دەخاتە ناتەباییەوە. لە لایەکی ترەوە لایەنگرانی بۆرژوازیی "میللی" دەبوو بەپێی مەنتیق لێرەوە دەستپێ بکەن کە ئیمپریالیزم و دیکتاتۆری خۆی لەگەڵ گەشە و هەڵدانی سەرمایەداری ناتەبایە و بۆرژوازیی "میللی" وەکوو ئاڵاهەڵگری گەشەی کلاسیکی سەرمایەداری لە ئێران، لە سڕینەوەی دەسەڵاتداریێتی ئابووری و سیاسیی ئیمپریالیزم بەسەر بەرهەمهێنانی کۆمەڵایەتیدا زور خاوەن قازانجە. لە ڕوانگەی خەباتکارانەوە، بە "میللی"دانانی بەشێک لە بۆرژوازی بە پێی پێناسە، ئەم توێژە دەخاتە ئۆردووی هێزەکانی دژی ئیمپریالیستی ئەم سەردەمەی ئێرانەوە و هیچ تێبینی و ئەملا و ئەولایەک سەبارەت بە "ڕاڕابوونی" بۆرژوازیی "میللی" ناتوانێ ئەو بەرەنجامە بشارێتەوە.

کەوایە باس لەسەر وشە نییە. "بۆرژوازیی میللی و پێشکەوتنخواز "دەستەواژەیەکە کە ناوەندە بۆ کۆبوونەوە و پێکگەیشتنی پێکنەرە بنچینەییەکانی لێکۆڵینەوە و ڕوونکردنەوەی شۆڕشی ئێران. لەپشت ئەو دوو وشەی "میللی" و "پێشکەوتنخواز"ەوە تێگەیشتنێکی دیاریکراو لە تایبەتییەکانی پەیوەندیی بەرهەمهێنان لە ئێراندا، پایە ماددییەکانی شۆڕشی ئێستا، جیاکردنەوەی سنووری هێزەکانی شۆڕش و دژ بە شۆڕش، ناوەڕۆکی سیاسی و ئابووریی شۆڕش و شێوەکاری خەباتکارانەی پێویست بۆ بەدیهێنانی داخوازە شۆڕشگێڕانەکانی کرێکاران و زەحمەتکێشان و ... خۆی شاردۆتەوە. لە ئێرانی ئەمڕۆدا، دەستپێکردن لەوەوە کە مەسەلەی



سەرمایەداریی وابەستە بە دروستی بخرێتە بەرچاو و ئەوەی کە دەستەواژەی بۆرژوازیی "میللی و پێشکەوتنخواز" پووچەڵە، خۆی هەر هەنگاوێکە بۆ دنەدان و بەرزکردنەوەی کێشەی ئایدیۆلۆژیک دژی ڕوانگەی تێکڕاگەلی و سەرووچینایەتییەکان و بۆ پتەوکردنەوەی سەربەخۆیی ئایدیۆلۆژیک و سیاسیی چینی کرێکار لە بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی وڵاتدا. سەرەتا دەبێ هێڵە گشتییەکان و بەشە بنچینەییەکانی ئەو بۆچوونە لادەرانەی کە سەبارەت بە مەسەلەی وابەستەبوون و "بۆرژوازیی میللی و پێشکەوتنخواز" ڕەواجیان هەیە، بخەینە بەرچاو.

❊

وێنەیەکی باڵانوین کە بەپێی ئەو نیشانانەی لێرە و لەوێ لە ئەدەبییاتی کۆمۆنیستی ئێمەدا سەبارەت بە بۆرژوازیی "میللی" بە دەستەوەیە و دەکرێ بیخەینە بەرچاو ئاوایە، کە "بۆرژوازیی میللی" بەشێکە لە بۆرژوازی کە لەباری ئابوورییەوە قازانج و بەرژەوەندی دژی ئیمپریالیستی هەیە و لە کارکردی ئیمپریالیزم (کە هۆی دواکەوتنی ئابووریی وڵات و هۆی ناهاوتابوونی بینای ئابووری و گەشەنەکردنی هەمەلایەنەی کۆمەڵ بووە) نارازییە. لە مەیدانی بەرهەمهێنان و گۆڕینەوەدا، لەچاو سەرمایەی مۆنۆپۆل و لەچاو ئەوانەی وابەستەن بە مۆنۆپۆڵەکانەوە، بار و دوخێکی نالەباری هەیە، تا ئەو ڕادەیە کە هەست بە مەترسی بۆ حەیاتی ئابووریی خۆی لەم ململانی نابەرابەرەدا دەکا. لە باری سیاسییەوە لەگەڵ دیکتاتۆرییەت ناتەبایە (چ ئەم دیکتاتۆرییەتە وەکوو دەسەڵاتی سەرمایەدارانی وابەستە و ئیمپریالیزم پێناسە بکرێ، وە یان وەکوو سەرخانی سیاسی بۆ سیستەمی نیوە فیۆداڵی_ نیوەکۆڵۆنی، یان سیستەمی بەرهەمهێنانی پێش سەرمایەداری، یان شێوەی

بەرهەمهێنانی ئاسایی، یان شتی تر). وە لە ئاخرین لێکۆڵینەوەدا ئەم بۆچوونە خوازیاری گەشەکردنی سەرمایەداری بە شێوەی کلاسیک و دامەزرانی دیموکراسی و کۆماری و پەرەدان بە فەرهەنگ و نەریتی میللی و خوازیاری سەربەخۆیی ئابووری و سیاسی و فەرهەنگی لە ئیمپریالیزمە. سەبارەت بە چینی کرێکار و باقی زەحمەتکێشان، بۆرژوازیی میللی ئەوەندەی بۆرژوازیی وابەستە، چەوسێنەر نییە و بە ئینساف ترە! لە باری خەباتی سیاسییەوە، ئەو توێژە پێشینەیەکی دوورودرێژی خەباتکارانەی دژی ئیمپریالیستی و دژی دیکتاتۆری هەیە و ڕابەرانی سیاسییان لە لایەن ڕژێمی وابەستەی حاکمەوە، بە ڕادەی جۆراوجۆر، سەرکوت کراون.

جێگای خۆیەتی ئەگەر پێکنەرە جۆراوجۆرەکان و ئەو بەشانەی کە ئەو وێنەیەی سەرەوە لە بۆرژوازی "میللی" بەدەستمانەوە دەدا، بە شێوەی جیاجیا بخەینە بەر باس و لێکدانەوە(7).

### 1) جیاکردنەوەی بۆرژوازیی "میللی" لە بۆرژوازی وابەستە بەپێی جێگا و دەوری ئابووری ئەم توێژانە:

ئەلیف) وابەستەبوون، یان وابەستەنەبوونی سەرمایەدار بەسەرمایەی پوولی دەرەوە، یان بە سەرمایەی دەوڵەتی، وەکوو نیشانەیەکی ناسینەوەی بۆرژوازیی "میللی" لە بۆرژوازیی وابەستە، لەم فۆرموولبندییەدا سەرمایەداریی وابەستە، بە سەرمایەدارێک دەڵێن کە سەرمایەی پوولی خۆی لە مۆنۆپۆڵەکانی دەرەوە، یا لە بانکە وابەستەکان بە سەرمایەی مۆنۆپۆڵی دەرەوە، وە یان بانکە دەوڵەتییەکان دابین بکا (دەوڵەت وەکوو کارگێڕی سەرمایەی دەرەکی دادەنرێ و ئەوە ڕاستە)، بۆرژوازیی میللی لەسەر بنچینەی ئەم بەشە پێکنەرەی پێناسەکەی، بەو توێژە لە خاوەن سەرمایەکان دەڵێن کە لە ڕادەکانی خاوەنداریێتی سەرمایەی پوولیدا بەو چەشنە



وابەستە نەبێ و خۆی خاوەنی سەرمایەی پوولی بێ، وە یان لە سەرچاوەی ئیعتیباری غەیرە مۆنۆپۆڵی نێوخۆ و تایبەتییەوە دابینی بکا. دیارە بەپێی ئەم پێکنەرەی پێناسەی بۆرژوازیی "میللی"، وابەستەبوون و وابەستەنەبوون، ناتوانێ یەکجارەکی و ڕەها لەبەرچاوبگیرێ و ڕادەی جۆراوجۆری وابەستەبوونی توێژە جۆراوجۆرەکانی بۆرژوازی بە پوول و ئیعتیبار و بە سەرچاوەی جۆراوجۆری ئیعتیبارییەوە و هەروەها گرێدراوبوونی ناچار و بێچارەی دامودەزگای جۆراوجۆری ئیعتیباری بە یەکتر و لەدوا لێکۆڵینەوەدا وابەستە بە سەرمایە مۆنۆپۆڵەکان، پێش بەوە دەگرێ کە سنوورێکی ڕوون و جیاکەرەوە لە نێوان توێژە وابەستە و ناوابەستەکانی بۆرژوازیدا لەباری خاوەنداریێتی سەرمایەی پوولی سەرەتاییەوە بکێشرێ.

ب) جیاکردنەوەی بۆرژوازیی "میللی" لە بۆرژوازیی وابەستە بەپێی وابەستەبوونی یا نەبوونی ئامرازەکانی بەرهەمهێنان بە سەرمایەی مۆنۆپۆڵی، بەپێی ئەم پێکنەرە، بۆرژوازیی وابەستە توێژێکە لە بۆرژوازی کە ئامرازەکانی بەرهەمهێنان (واتە ئامرازی کار یا کەرەستەی خاو)ی خۆی لە دەرەوی وڵات دابین دەکا. بەم پێیە بۆرژوازیی "میللی" دەبێتە ئەو توێژە لە بۆرژوازی کە ئامرازی بەرهەمهێنانی خۆی لە نێوخۆی وڵات دابین دەکا. بۆ وردتربوونەوە لە سەر ئەو فۆرموولبەندییە، دەکرێ باسی چەند خاڵێک بکەین کە لێرەشدا پێش بەوە دەگرێ کە سنوورێکی ڕۆشن و جیاکەرەوە لەنێوان توێژە "میللی"یەکان و توێژە وابەستەکانی بۆرژوازیدا بکێشرێ. یەکەم: ئەوەی کە ئەم پێکنەرە تەنیا سەرمایەی پیشەسازی کە پێویستی بە ئامێری بەرهەمهێنانە دەگرێتەوە، وە لە بنەڕەتەوە سەرمایەی بازرگانی (کە لە بەرهەمهێناندا بەشدار نییە)

دەنێتە لاوە و بەناچار کاتێک بەرتەسکبوونی بەرهەمهێنانی ئامرازی بەرهەمهێنان لە ناوخۆدا لەپێشچاو بگرین، بۆرژوازیی میللی هەر دەبێ لە بەشی بەرهەمهێنانی کاڵا تەقلیدییەکان و کاڵای مەسرەفی سووکدا بمێنێتەوە. دووەم: ئەوەیە کە بەرهەمهێنانی ئامرازی بەرهەمهێنان لە نێوخۆی وڵاتدا، بەپێی هەردووک ئەو پێکنەرانەی تا ئێستا باسمان کردووە، دەکرێ خۆی وابەستەی سەرمایەی مۆنۆپۆڵی بێ. سێیەم: ئەوەیە کە ئامرازی بەرهەمهێنان بەپێی چی بە سەرمایەدار دەفرۆشرێ (بۆ نموونە، ئایا فرۆشیار بەرهەمەکەی بە پووڵ دەگۆڕێتەوە؟ یان لە کۆمپانیای کڕیاردا بەشدار دەبێ؟ مۆنۆپۆڵی دابینکردنی ئامێرە یەدەکییەکان و تەعمیرات بۆ خۆی ڕادەگرێ؟ یان ناو ...) خۆی پلەی جۆربەجۆری وابەستەبوون بەسەر سەرمایەدارانی کڕیاری ئامرازی بەرهەمهێناندا دەسەپێنێ.

ج) بازاڕی فرۆشی بەرهەمەکان وەکوو نیشانەیەک بۆ جیاکردنەوەی بۆرژوازیی "میللی" لە بۆرژوازی وابەستە، دابەشکردنی سەرمایەداران بەوانەی کە کاڵای خۆیان لە بازاڕی نێوخۆدا دەفرۆشن و ئەوانەی کە بە نیازی فرۆش لە بازاڕی دەرەوەدا کاڵا بەرهەم دێنن، وە دانانی بەشی یەکەم بە بۆرژوازیی "میللی" و بەشی دووەم بە "بۆرژوازیی وابەستە" (تەنانەت ئەگەر وای دابنێین کە ئەمە تەنیا نیشانەیەکە بۆ جیاکردنەوەی توێژەکانی بۆرژوازی) خۆی لەخۆیدا هیچ بایەخێکی بۆ لێکۆڵینەوە نییە. بەڵام ئاماژەی لەم چەشنە لە نووسراوی بڕێک لە سازمانەکاندا هەیە. بەرهەمهێنانی فەرش (کە نموونەی کلاسیکی پیشەسازییە "میللی"یەکانە لە نووسراوەکانی لایەنگرانی بۆرژوازیی میللیدا) تا ڕادەیەکی یەکجار زۆر ڕووی لە بازاڕەکانی دەرەوەیە و بەشێکی بەرچاوە لەو کاڵایانەی کە بێجگە لە نەوت لە ئێرانەوە بۆ دەرەوە دەنێردرێ، وە لە لایەکی ترەوە



زۆربەی بەرهەمەکانی کارخانە مۆنتاژەکان (ئۆتۆمۆبیل و ئامێرەکانی ژیانی نێوماڵ و شتی وا) کە هەمووان لە سەر ئەوە ساغن کە ئەوانە پیشەسازیی وابەستەن، لە بازاڕی نێوخۆدا دەفرۆشرێن. لە بنچینەدا هەناردنی کاڵا خۆی یەکێکە لە مەرجە بنچینەییەکانی گەشەی سەرمایەداریی کلاسیک و وابەستەبوونی سەرمایە جۆراوجۆرەکان بە بازاڕی فرۆشی دەرەوە، هەرگیز مانای وابەستەبوونی ئەو سەرمایانە بە "دەرەوە" نییە. بەڵام ئەگەر مەسەلەی بازاڕی فرۆش، نەک بۆ جیاکردنەوەی توێژە جۆراوجۆرەکانی سەرمایە و نەک وەکوو نیشانەی جیاکردنەوەی بۆرژوازیی وابەستە لە ناوابەستە، بەڵکوو وەکوو نیشانەی وابەستەبوونی گشت سەرمایەی کۆمەڵایەتی و سەرتاپای بەرهەمهێنانی کۆمەڵایەتی بە بازاڕی دەرەوە بخرێتە بەرچاو، دەتوانێ بۆ شکڵ و شێوەی وابەستەبوونی گشت سەرمایەی کۆمەڵایەتی و گشت بەرهەمهێنانی کۆمەڵایەتی بە بازاڕی دەرەوە بخرێتە بەرچاو، دەتوانێ لە باری ئابوورییەوە (بۆ نموونە ئەوەی کە ئابووری تاکبەرهەمە و کەرەستەی خاو بۆ دەرەوە دنێرێ و بەناچار وابەستەیییەکی تەواوی هەیە بە بازاڕی فرۆش و بە سەروخوارکردنی جۆربەجۆری نرخەکان لەم بازاڕەدا) بۆ ڕوونکردنەوەی یەکێک لە بارەکانی وابەستەبوونی ئابووری بەکار بێت.

د) بایی مەسرەفی کاڵا وە یان لە باری کۆمەڵایەتییەوە، کێبوونی ئەوانەی کاڵاکە مەسرەف دەکەن وەکوو نیشانەیەک بۆ جیاکردنەوەی بەرهەمهێنەری "میللی" لە وابەستە، بەشبەشکردنی سەرمایەداران بە توێژێک کە کاڵای بەکەڵک و پێویستی بۆ کۆمەڵ (یان پێویست بۆ زەحمەتکێشان) بەرهەم دێنێ، وە یان دەیفرۆشێ، وە توێژێک کە خەریکی بەرهەمهێنان و فرۆشتنی کاڵای بێکەڵک و بن

ئەمباری "جەلەبی"یە، وە یان کالآیەکە کە کەڵکی بۆ دەوڵەمەندان (و چینی دەسەڵاتدار بە گشتی) هەیە، یەکێکی ترە لەو پێکنەرانەی کە بۆ جیاکردنەوەی بۆرژوازی "میللی" لە بۆرژوازیی وابەستە باوە، کە جارجارەش لە ڕاگەیاندنی سازمانە سیاسییەکان و سازمانە کرێکارییە جۆراوجۆرەکاندا بەرچاو دەکەوێ.

### 2) وابەستەبوون وەکوو تایبەتمەندیی گشت نیزامی بەرهەمهێنان

دابەشکردنی بۆرژوازیی ئێران بە توێژی "میللی" و توێژی وابەستە، لە ڕاستیدا هەنگاوی سەرەتایی ئەو ڕوانگە و بۆچوونانەیە کە بۆ ناساندنی گرێدراوبوونی گشت نیزامی بەرهەمهێنان باون و ڕەواجیان هەیە. ئەو پێناسانەی کە لە نیزامی سەرمایەداریی وابەستە دەخرێنە بەرچاو، زۆرتر لەسەر ئەوە داندراون کە گۆڕانکارییە ئابوورییەکانی بۆرژوازی وابەستە بە شێوەیەکی میکانیکی تەعمیم بدرێ و سەرمایەداریی وابەستە لە ڕاستیدا وەکوو "نیزامی بەرهەمهێنانی ژێردەسەڵاتدارەتی سەرمایەدارانی وابەستە" دەبیندرێ. وابەستەبوونی پوولیی سەرمایەدارانی وابەستە بە مۆنۆپۆڵەکانی دەرەوە لەوەدا دەنوێندرێ کە سەرتاپای نیزامی بەرهەمهێنان وابەستەی سەرچاوەی پوولی و ئیعتیباری دەرەکییە. وابەستەبوونی سەرمایەدارانی وابەستە بە ئامرازی بەرهەمهێنانی دەرەکی لە وابەستەبوونی گشت نیزامی ئابووریی ژێردەسەڵاتی ئەوان بە تەکنەلۆژی و پیشەسازییە قورسە دەرەکییەکاندا دەنوێندرێ و پشتبەستنی گشت نیزامی ئابووری بە بازاڕە دەرەکییەکانی فرۆشەوە، خۆی وەک ڕەنگدانەوەی دەسەڵاتی ئابووری و سیاسیی ئەو سەرمایەدارە وابەستانە دێتە بەرچاو، کە لە بەرهەمهێنانی خۆیاندا، بازاڕە دەرەکییەکانیان لەپێشچاوە نەک



پێویستییەکانی ناوخۆ. ئەم شێوە لێکۆڵینەوەیە چینبەندی کۆمەڵایەتی دەخاتە سەرووی لێکۆڵینەوەی ماتەریالیستی قانوونە ئابوورییەکانی ڕەوتی کۆمەڵەوە و سەرمایەداریی وابەستە وەکوو نیزامێک دێنێتە پێشچاو کە هەر تەنیا کۆکراوەی میکانیکی ڕەوت و جووڵانی سەرمایەدارانی وابەستە و بەس. بۆرژوازیی میللی لەم چەشنە بۆچوونانەدا، وانییە کە لە زەمینەی نیزامێکی بەرهەمهێناندا و بەپێی قانوونەکانی ئەو نیزامە دەچێتە پێش، بەڵکوو گوایە لە تەنیشتیدا بە پێچەوانەی ئەوە درێژە بە ژیانی دەدا و ناچار دەبێ، قازانج و بەرژەوەندیی ئابووریی خۆشی نەک لە کارکردی سەرتاپای نیزامی وابەستەی ئابووریدا، بەڵکوو لە دژایەتی ئەودا دابین بکا.

### 3) وابەستەیی لە ڕوانگەی کارکردی گشتیی ئابووری و ئەو کارەی کە وابەستەبوون دەیکاتە سەر بینای ئابووریی وڵات، وە ڕێبازی "سەربەخۆ"ی بۆرژوازیی میللی بەرانبەر بەوە، (پێکنەرە جۆراوجۆرەکانی بۆچوونە لادەرەکان).

ئەلیف) "ئەنجامی کارکردی ئابووریی وابەستە دەبێتە هۆی چوونەدەرەوەی زێدەبایی بەرهەمهێنراو لە وڵات و سەروخواربوونەوەی بۆ نێو گیرفانی مۆنۆپۆڵە دەرەکییەکان و سەرمایەی ئیمپریالیستی". لەم فۆرموولبەندییەدا بۆرژوازیی میللی (لە دژایەتی لەگەڵ کارکردی نیزامی سەرمایەداریی وابەستەدا) وا دەخرێتە بەرچاو کە گوایە لایەنگری ئەوە بێ کە زێدەبایی بەرهەمهاتوو دەبێ لەنێو خۆی وڵاتدا بکرێتە سەرمایە،

ب) "بەتاڵانچوونی سەرچاوە سرووشتییەکان بەدەستی ئیمپریالیزم"، لەم فۆرموولبەندییەدا بۆرژوازیی "میللی" وەکوو لایەنگری میللیکردنی سەرچاوە سروشتییەکان و کەڵکوەرگرتنی میللی و "عاقڵانە" لەوانە دەناسرێ.

ج) "ئەنجامی وابەستەبوون، لار و خوار و ناهاوتابوونی بینای ئابووریی وڵاتە". بەپێی ئەم فۆرموولبەندییە دەسەڵاتدارەتی سەرمایەدارانی وابەستە دەکێشرێتە ئەوەی کە ئابووریی وڵات بۆ بەرهەمهێنان و ناردنەدەرەوەی سەرچاوەکان و کەرەستەی خاو، ئاراستە دەبێ و بەشی بەرهەمهێنانی ئامرازەکانی بەرهەمهێنان لە وڵاتدا گەشە ناکا و لە جیاتی ئەو، سەنعەتە مۆنتاژەکان و سەنعەتە کاڵای مەسرەفی و خزمەتگوزارییەکان پەرە دەستێنێ، ئیمپریالیزم، بە موشەخەس کشتوکاڵی وڵات لەبەین دەبا، تاکوو وڵات لەباری بەرهەمە خۆراکییەکانییەوە وابەستەی خۆی بکا. لە ئاکامدا ئابووریی وڵات بە شێوەیەکی "هاوئاهەنگ" و هەمە لایەنە گەشە ناکا و بەتایبەتی سەبارەت بە پیشەسازییە قورسەکان و پیشەسازییە دایکەکان لە لایەکەوە و کشتوکاڵ لە لایەکی ترەوە ئابووری هەر وا وابەستەی مۆنۆپۆڵە دەرەکییەکان دەمێنێتەوە، بۆرژوازی "میللی" بەمپێیە لایەنگری گەشەکردنی "هاوئاهەنگ"ی سەرمایەداری لە ئێراندایە و بە لایەنگری خودبەسبوون (خودکفایی) لە باری کشتوکاڵەوە و بە لایەنگری سەنعەتیبوونەوە دەناسرێ. ئەم فۆرموولبەندییە لە بنچینەوە پشتی بەو خەیاڵە بەستووە کە ئیمپریالیزم لەگەڵ پیشەسازیبوونەوەی وڵاتی ژێردەستە "دژایەتی" هەیە!

د) ئەنجامی وابەستەبوون دەکاتە کرانەوەی دەروازەکانی وڵات بۆ هاتنە ناوەوەی کاڵا مەسرەفییەکان، هەروەها کاڵای جوانکاری، یان کاڵای بنئەمباری دەرەکی. هاتنەناوەوەی ئەم جۆرە کاڵایانە زیاتر دەبێ و ئەو بەهایەی کە لە فرۆشتنی کاڵای تاقانەی هەناردەوە (واتە، نەوت) بەدەست هاتووە، لە وڵات دەچێتە دەرەوە. بۆرژوازیی "میللی" لەم نێوەدا دەبێتە لایەنگری پاراستنی هاوتابوونی بازرگانی



دەرەکی و دانانی داهاتی نەوت بۆ ئاوەدانکردنەوەی وڵات، دانانی گومرگ بۆ یارمەتیدانی بەرهەمهێنانی نێوخۆ و پێشگرتن بە چوونەدەرەوەی بێجێی بەهای دەرەکی، گۆڕین و "عاقڵانە"کردنەوەی دەستووری مەسرەف بۆ چینەکانی کۆمەڵ و پێشگرتن بە مۆرکردنی پەیمانی ئابووریی نابەرابەر و فریوکاری ئیمپریالیستی، جگە لەو فۆرموولبەندییانەی سەرەوە، کە سەرەڕای مانەوەیان لە پلەی سەرەتاییترین تیۆرییە ئابوورییە بۆرژواییەکاندا، هیچ نەبێ وابەستەبوون وەکوو پەیوەندییەک دەنوێنن و دەورێکی ئابووری و کۆمەڵایەتی دیاریکراو بۆ بۆرژوازی "میللی" دادەنێن، هەندێک هاوکێشەی کاڵ و خاوی دیکەش بۆ پێناسەی بۆرژوازی "میللی" هەن وەکوو، بەیەکزانینی بۆرژوازی "میللی" و سەرمایەدارانی بچکۆلە و ناوەنجی، بازرگانانی بازاڕ، سەرمایەدارانی بەشی بەرهەمهێنانی کاڵا تەقلیدییەکان (پیشەسازی دەست و هونەریی، وە یان بیناسازیی و خانووبەرەسازیی) و شتی لەم جۆرە.

## 4) هێڵی گشتیی بیروڕا لادەرەکان، سەبارەت بە ڕێبازی سیاسی_ ئایدیۆلۆژیکی بۆرژوازیی "میللی"

کاتێک بۆرژوازیی میللی بەپێی ئەو فۆرموولانەی سەرەوە، لە باقی توێژەکانی بۆرژوازی جیا کرانەوە، ئەو کاتە دەبێ بەشوێن خەسڵەتە سیاسی و ئایدیۆلۆژیکەکانیدا بگەڕێن. (هەرچەند لە واقیعدا بە پێچەوانەیە! لەڕاستیدا، هەندێک لە هێزەکان هێندە بە تاسەی باوەرهێنان بە ئەفسانەی بۆرژوازیی لیبراڵن کە بە پەلە خەریکن تا لە بینای ئابووریی وڵاتدا ڕیشە و پایەی ئابووری بۆ ببیننەوە!)

لەم زەمینەیەشدا فۆرموول و تیۆری کەم نین. چونکە کاتێک لە پلەی ئابووریدا "ناتەبایی بۆرژوازیی میللی لەگەڵ ئیمپریالیزم" ڕوون

بووەوە(!)، ئەو کاتە دەکرێ باسی ڕێبازی سیاسی لە خەباتدا دژی ئیمپریالیزم بێنیتە پێشچاو. ئێمە لێرەدا تەنیا باسی چەند پێکنەری جۆراوجۆر دەکەین.

ئەلیف) بۆرژوازیی میللی وەکوو بەشێک لە بۆرژوازی دەناسێندرێ کە لایەنگری دیموکراسیی بۆرژوایی و کۆمارییە. بنچینەی ئەم بۆچوونە ئەوەیە، کە گوایە دیکتاتۆری وەکوو ڕووبینای سیاسیی سەپێندراو بەسەر نیزامی بەرهەمهێناندا، دژایەتی لەگەڵ گەشە و پەرەسەندنی سەرمایەداری لە ئێراندا هەیە و بۆرژوازیی میللی (وەکوو توێژێک) بە پێچەوانەی لایەنگرانی دیکتاتۆری (کە بە فیۆداڵەکان و کۆمپرادۆرەکان و ئیمپریالیستەکان و شتی وا دادەنرێن) بەشوێن گەشەکردنی کلاسیکی سەرمایەدارییەوەیە لە وڵاتدا، بێگومان و بەناچار دامەزرانی ڕووبینای سیاسیی سەرمایەداریی کلاسیک، واتە دیموکراسی، پێخۆشە.

ب) بۆرژوازیی "میللی" وەکوو بەشێک لە بۆرژوازی دادەنرێ کە لایەنگری سەربەخۆیی سیاسی_ سەربازیی ئێرانە لە ئیمپریالیزم و لە سیاسەتە جیهانییەکانی ئیمپریالیزم. بەم جۆرە بەپێی ئەو بۆچوونانە بۆرژوازیی "میللی" لە باری حوکوومەتکردنەوە، لایەنگری کەمکردنەوە خەرج و مەخاریجی سەربازی و ملنەدان بەوەی کە لە ناوچەکەدا دەوری پۆلیس بۆ ئیمپریالیستەکان بگرێتە ئەستۆ و لایەنگری هەڵوەشاندنەوەی پەیمانی نیزامی و "ئەمنییەتی" لەگەڵ ئیمپریالیزمی ئەمەریکا و ئەورووپا و هەڵچنینی پایەگا سەربازی و جاسووسییەکانی دەرەوە و شتی وایە.

ج) بۆرژوازیی "میللی" بەپێی ئەم بۆچوونانە، نەک هەر دژی خەفەقان و دژی سەرکوتکردنی دامەزراوە دیموکراتیکەکان و دژی



سەرکوتکردنی ئازادییە فەردییەکانە، بەڵکوو گەشە و هەڵدانی خۆی لەوەدا دەبینێ کە ئەم جۆرە ئازادییانە پەرە بگرێ و بەرین بێتەوە.

د) بۆرژوازیی "میللی" دژی بڵاوبوونەوەی فەرهەنگ و بەها ئیمپریالیستییەکانە لە وڵاتدا و پابەندی سونەت و نەریتی میللی و ئایینیی ئێرانە.

ە) بۆرژوازیی "میللی" ئەو بەشەیە لە بۆرژوازی کە پێشینە و نەریت و یادگارەکانی خەبات بۆ میللیکردنی نەوتی بەشوێنەوەیە. بە واتایەکی تر، بۆرژوازیی "میللی" پایەگای چینایەتیی موسەددەق و "بەرەی میللی" و لق و پۆپەکانییەتی.

### 5) **دەسەڵاتدارەتی و دیکتاتۆری، هێڵە گشتییەکانی ڕوانگە لادەرەکان سەبارەت بەهۆی هەبوون و دامەزرانی دیکتاتۆرییەت لە ئێراندا.**

لەبەر ئەوەی ئەو بۆچوونانەی سەرەوە هەریەکە بە چەشنێک باسی گەشەی "ناکامڵ" و "ناهاوتا" و وابەستە و شێواوی سەرمایەداریی ئێران دەکەن، خەسڵەتی دیکتاتۆرییەتی حوکوومەتیش، کە بەشێکە لە سەرخانی سیاسیی نیزامی ئابووریی دەسەڵاتدار لە ئێراندا، ناچار بە شێوەی جۆراوجۆر بەو بۆ چوونانەی سەرەوە گرێ دەدرێ.

ئەلیف) دیکتاتۆری وەکوو سەرخانی سیاسیی نیزامی نیوەفیۆداڵ_ نیوەکۆلۆنی:

ئەم لادانە پشتی بەو تێگەیشتنە غەیرە لێنینیستییە بەستووە کە گوایە دیموکراسیی بۆرژوازی سەرخانی سیاسی پێویستە بۆ نیزامی سەرمایەداری لە هەر کات و شوێنێک و هەر قۆناغێک لە گەشە و هەڵدانیدا! بەپێی ئەمە هۆی دیکتاتۆرییەت لە ئێراندا گەشە و هەڵدانی ناڕەسا و ناتەواو و زاڵنەبوونی سەرمایەدارییە لە وڵاتدا. بەپێی ئەم بۆچوونە، مانەوەی نیزامی فیۆداڵی بەناچار نەیهێشتووە سەرخانی

سیاسی ئەو نیزامەش (واتە ملهوڕی) لە وڵاتدا لەنێو بچێ و لە چوارچێوەی نیزامێکی بەرهەمهێنانی نیوەفیۆداڵ_ نیوەکۆلۆنیدا (کە گوایە شێوەی بەرهەمهێنانی کۆمەڵایەتییە لە ئێراندا)، ملهوڕی سەرخانی سیاسییە بۆ یەکگیربوونی قازانج و بەرژەوەندیی کۆنەپەرستانەی "فیۆداڵەکان" و "ئیمپریالیستەکان". دیارە لەم سیستەمە لێکۆڵینەوەیەدا، بۆرژوازیی "میللی" کە گوایە لایەنگری گەشەکردنی کلاسیکی سەرمایەداری و سڕینەوەی پەیوەندیی فیۆداڵی و نەهێشتنی دەسەڵاتدارەتی ئیمپریالیزمە، کۆماریخواز و دیموکرات دەخرێنە پێشچاو!

ب) دیکتاتۆری وەکوو ئامرازی داسەپاندنی دەسەڵاتی سەرمایەدارانی وابەستە لە ململانێیدا دژی بۆرژوازیی میللی:

ئەم فۆرموولبەندییە دان بەوەدا دەنێ کە نیزامی سەرمایەداری لە ئێران دامەزراوە، بەڵام وەکوو فۆرموولبەندی پێشوو تووشی ئەو بۆچوونە نادروستەیە، کە گوایە سەرخانی گونجاو لەگەڵ نیزامی سەرمایەداری هەر دەبێ دیموکراسیی بۆرژوازی بێ و هۆی دیکتاتۆرییەت بەناچار دەبێ لە گیروگرفت و ناتەواوی و کۆسپەکانی ڕێگای گەشەی سەرمایەداری لە ئێراندا بدۆزێتەوە. تێهەڵکێشانی ئەم بۆچوونە نادروستە لەگەڵ تێگەیشتنێکی میکانیکی لە وابەستەبوون لە ئیمپریالیزم، دەگاتە ئەو ئەنجامەی کە هەبوونی دیکتاتۆرییەت لە ئێراندا، ڕەنگدانەوەی دەسەڵاتدارەتی بێشەریکی سەرمایەدارانی وابەستەیە، نەک خەسڵەتی دەسەڵاتدارەتی سەرتاپای بۆرژوازی ئێران. بەپێی ئەوە، سەرەڕای دەسەڵاتدارەتی سەرمایە بەسەر بەرهەمهێنانی کۆمەڵایەتیدا (کە بەپێی ئەم بۆچوونانە پێویستی بە گەشەی دیموکراسی بۆرژواییییە)، سەرمایەدارانی وابەستە و دەوڵەتەکەیان بۆ پاراستنی دەسەڵاتی خۆیان لە مەیدانی ململانێیاندا



دژی بۆرژوازی "میللی" و بۆ پاراستنی بازاڕی نێوخۆ و هەروەها سەرچاوەکان و کانەکانی وڵات بۆ سەرمایە دەرەکی و وابەستەکان، باقی توێژەکانی بۆرژوازی لە حوکوومەت وەدەردەنێن و دیکتاتۆرییەتی خۆیان دادەسەپێنن. لەم ڕوانگەیەوە، دەسەڵاتدارەتی بۆرژوازی "میللی" لە چوارچێوەی نیزامی "سەرمایەداری سەربەخۆ"ی ئێراندا، بەپێی سرووشتی خۆی سەرخانێکی دیموکراتیک (بە مانای بۆرژوایی وشەکە)ی دەبێ. حوکوومەت، بەپێی ئەم بۆچوونە، ئامرازی داسەپاندنی زەبروزەنگی گشت چینی سەرمایەدار بەسەر چینی کرێکار و باقی زەحمەتکێشاندا نییە و ئۆرگانەکانی سیاسیی بەرژەوەندیی هاوبەشی توێژەکانی سەرمایە نییە و تەنیا ئامرازی ئەوەیە، کە توێژێکی بۆرژوازی بکەوێتە باندەستی توێژێکی ترەوە(8)!

هەر وەک وتمان، ئەو فۆرموولبەندی و پێناسانە کە هێناومانەتەوە، وشە بەوشە نەقڵ نەکراون، بەڵکوو لە ئیشارەی لێرە و لەوێی گۆڤار و بڵاوکراوە جۆراوجۆرەکانی سازمانە کۆمۆنیستی و کرێکارییەکانی وڵاتدا، کە سەبارەت بە مەسەلەی وابەستەبوون و دیکتاتۆری و بۆرژوازیی میللی هاتوون، بەرچاومان کەوتوون واتاکەیمان وەرگرتووە و لێرەدا هێناومانەتەوە. ئێمە لە گەلێک بارەوە لەگەڵ ئەو شتانەی بۆ نموونە لەو فۆرموولبەندییانەدا هاتوون، بە تەواوی هاودەنگین، بۆ نموونە، تاکبەرهەمبوونی ئابووری وڵات، هەوڵدان و گەورەبوونی بەپەلەی بەشی خزمەتگوزارییەکان و بەرهەمهێنانی کاڵای مەسرەفیی سووک، پشتبەستن بە تەکنەلۆژیی دەرەکی، دواکەوتوویی بەشی کشتوکاڵ و زۆربوونی هێنانی کەلوپەل و شتی وا، هەموو ئەوانە نموونەی تەواو دروست و حاشاهەڵنەگرن. بەڵام قسە لەوەیە کە ئەو نموونانە چۆن و لە چ جێگایەکدا دەبێ بێنە نێو

لێکۆڵینەوەی باسی وابەستەبوونەوە. ئەم نموونە بەرچاوانە هی کارکردی نیزامی سەرمایەداریی وابەستەی ئێرانن، نەک بەشبەش و گۆشەگۆشەی پێناسەکەی. بەهیواین گرنگیی ئەم جیاکردنەوەیە، بەو قسە و باسەوە کە بەدرێژایی ئەم نووسراوانە دەیکەین، بۆ خوێنەر ڕوون بێتەوە. لێرەدا تەنیا بە کورتی ئەوە دەڵێین، کە مارکسیزم نیزامێکی کۆمەڵایەتی (وەکوو هەموو کوللییەتێکی دیکەی ئۆرگانیک) بەپێی قانوونمەندییە دەروونییەکانی ئەو نیزامە دەناسێ. نەک بەپێی ئەوەی کە ئەو قانوونمەندییانە لە چ شکل و شێوەی کۆنکرێتدا خۆدەنوێنێ و چۆن دەردەکەوێ. بۆ نموونە ئەوەی کە ئابووریی ئێران بە شێوەیەکی تایبەت کاردابەشکردنی کۆمەڵایەتی بە خۆیەوە گرتووە، هۆ و جەوهەری وابەستەبوونی سەرمایەداریی ئێران نییە و ئاڵوگۆڕی لەمە بەدواوەی ئەو کاردابەشکردنی کۆمەڵایەتییەش (وەکوو سەرهەڵدانی نوێی بەرهەمهێنان) پێویست ناکا مانای ئەوە بێ، کە پەیوەندییە وابەستەکانی بەرهەمهێنانی سەرمایەداری لە وڵاتدا نەماوە. ئەو قەوارە تایبەتییەی کە کاردابەشکردنی کۆمەڵایەتی لە ئێرانی ئەمڕۆدا بەخۆیەوە گرتووە، ئەنجامی کارکردی وابەستەبوونە، بەڵام دیارە کە جەوهەری وابەستەبوونی سەرمایەداری لە ئێراندا، ناکرێ بەوە ڕوون بکرێتەوە کە شێوازی کاردابەشکردن چۆنە. واقیعییاتی کۆنکرێت لە هەر لێکۆڵینەوەیەکدا ئەو عەینییاتەن (عینة: نموونە)، کە لێکۆڵینەوەکەمان لەوانەوە دەستپێ دەکەین. بۆ ئەوەی کە بە لێکۆڵینەوەی پێکنەرە جۆراوجۆرەکانی و دۆزینەوەی پێکهێنەرە بنچینەییەکانی، جارێکی تر هۆی بوونیان وێڕای تایبەتییە دیاریکراوەکانیان ڕوون بکەینەوە. بەم جۆرە "واقعییاتی کۆنکرێتی" وەک تاکبەرهەمبوونی ئابووریی ئێران، دواکەوتوویی کشتوکاڵ و شتی وا دەبێ لە لێکدانەوەی مەسەلەی



وابەستەبووندا وەکوو ئەنجامگیری لێکۆڵینەوەکە خۆی دەربخا، نەک وەکوو هەنگاوی دەستپێکردن، گەرچی لە ڕاستیدا خاڵی هەنگاوهەڵهێنانەوە و سەرچاوەی تێگەیشتنی ئێمەن(9).

بەپێی ئەوە لێکۆڵینەوەیەک کە سەرمایەداریی وابەستە وەکوو کۆکردنەوەی میکانیکی نموونەی کۆنکرێت بخاتە بەرچاو، بێجگە لە ئەمپریزم (ئەزموونگەری)ی ساکار، هیچی بەسەر شێوە لێکۆڵینەوەی مارکسیستییەوە نییە.

مەسەلەیەکی دیکە ئەوەیە، کە پێکنەری جۆراوجۆر کە ئێمە لە بۆچوون و پێناسە لادەرەکان سەبارەت بە مەسەلەی گرێدراوبوون هێنامانەوە، نەک هەر پێکەوە ناتەبا نین، بەڵکوو خۆیان لە ڕاستیدا وێنەی جۆراوجۆری بۆچوونێکی گشتیی لادەرانە لە سەرمایە و ئیمپریالیزم بەدەستەوە دەدەن. خستنە بەرچاوی دروستی مەسەلەی سەرمایەداریی وابەستە و ئەو مەسەلانەی پەیوەندی پێوەیە، دەبێ لە تێگەیشتنێکی مارکسیستییەوە، لەو دەستەواژەیە واتە، لە سەرمایە و ئیمپریالیزمەوە دەستپێ بکا. لە پشت ئەو فۆرموولبەندییە ساکارانەی باس کراوە، تێگەیشتنی نادرووستی خاوەنەکانی ئەو فۆرموولبەندییانە، لە دەستەواژەی وەکوو سەرمایە و ئیمپریالیزم، بە ئاشکرا بەرچاوە:

1) لە فۆرموولبەندییەکانی سەرەوەدا، لە ڕوانگەی غەیرە مارکسیستییەوە بۆ مەسەلەی سەرمایە و سیستەمی سەرمایەداری چوون. سەرمایە هەتا ڕادەی شکڵ و شێوەی خۆنواندنی سەرمایە (پوول و ئامرازی بەرهەمهێنان و کاڵا) هێنراوەتە خوارەوە و نیزامی سەرمایەداریش هەتا ڕادەی ئابووریی کاڵایی. جەوهەری بنچینەیی سەرمایە، کە بەرانبەربوونەوەی کاری کرێگرتە و سەرمایەیە، وە هەروەها بنچینەی ئابووریی نیزامی سەرمایەداری کە زاڵبوون و

دەسەڵاتدارەتی "پەیوەندیی سەرمایە" بەسەر بەرهەمهێنانی کۆمەڵایەتیدایە، بە تەواوی لەبیر براوەتەوە. ئەو وابەستەبوونەی کە فۆرموولەکانی سەرەوە باسی دەکەن، ئەوپەڕەکەی دەتوانێ وابەستەبوونە ئابوورییەکەی کاڵایی (نەک سەرمایەداری) ڕوون بکاتەوە. وابەستەبوونی پوولی هیچکامیان خۆیان لەخۆیاندا وابەستەبوونی سەرمایە نین، چونکە سەرمایە ئەگەر بمانەوێ لە چوارچێوەی زانستیی ئابووریی بۆرژوایی واوەتر بچین وە بە تێگەیشتنێکی مارکسیستییەوە چاوی لێ بکەین، شتێکە بەرزتر لە مەسەلەی پوول و کاڵا، وە یان ئامرازی بەرهەمهێنان. سەرمایە لە ڕوانگەی مارکسەوە پەیوەندییەکی کۆمەڵایەتییە، کە لەودا زێدەبایی بەرهەم دێت و پوول و ئامرازی بەرهەمهێنان و کاڵای بەرهەمهاتوو، هیچکامیان سەرچاوەی زێدەبایی نین. بەپێی ئەوە، ئەگەر بمانەوێ باسی وابەستەبوونی سەرمایە بکەین، دەبێ ئەو وابەستەبوونە بەڕاشکاوی لەسەر بنچینەی وابەستەبوونی پەیوەندی سەرمایە (واتە بەرانبەرکێی کاری کرێگرتە و سەرمایە یانی، پەیوەندی چەوساندنەوە و بەرهەمهێنانی زێدەبایی) بە ئیمپریالیزمەوە، ڕوون بکەینەوە. بە واتایەکی تر، پێویستە سەرەتا ئەو مەسەلەیە ڕوون بکرێتەوە کە چۆن بەرهەمهێنانی زێدەبایی لە ئێراندا بە ئیمپریالیزمەوە گرێدراوە و پاش تێگەیشتن لەوە_ لە خۆمان بپرسینەوە کە چۆن ئەو وابەستەبوونە ماهییەتی سەرمایە، شکڵ و شێوەی کۆنکرێتی ئابووریی دەوروبەرمان ڕوون دەکاتەوە. لە لایەکی تر لەبیربردنەوەی چەوسانەوەی کاری کرێگرتە و هێنانەخوارەوەی سەرمایە تا ڕادەی شکڵ و شێوەی جۆراوجۆری سەرمایە، لە هەلومەرجێکدا کە لە بناغەوە دەستەواژەی گشت سەرمایەی کۆمەڵایەتی لە ئەدەبییاتی بزووتنەوەی کۆمۆنیستی ئێمە



ونە، بووەتە هۆی هاتنەخوارەوەی پێناسەی ئابووریی سەرمایەداری هەتا ڕادەی "ئابووریی کاڵایی"! گشت سەرمایەی کۆمەڵایەتی ناکاتە بەرهەمی کۆکردنەوەی ماتماتیکی ئەو سەرمایانەی لە وڵاتدا هەن، بەڵکوو دەستەواژەیەکە کە پەیوەندیی بەرامبەریەکی کاری کرێگرتە و سەرمایە لە کوولی ئابووریدا دەگرێتەوە. بەم جۆرە ناکرێ باسی وابەستەبوونی نیزامی سەرمایەداری لە ئێراندا بکرێت، بێ ئەوەی قانوونمەندی ڕەوت و پێویستیی گەشە و پەرەگرتنی گشت سەرمایەی کۆمەڵایەتی و ناتەبابییە دەروونییەکانی لەپێشچاو بگیرێ. پەیوەندیی بەرامبەریەکی کاری کرێگرتە و سەرمایە لە کوولی ئابووریدا، یەکەم هەنگاوی هەموو لێکۆڵینەوە و ڕوونکردنەوەیەکە کە لە مەسەلەی وابەستەبوونی بەرهەمهێنانی سەرمایەداری لە ئێراندا. ئەگەر نا، ئەوا هەر تەنیا وابەستەبوونی ڕواڵەتیی ئابووریی کاڵاییمان ڕوون کردووەتەوە بەس!

2) لادانی بنچینەیی دووەم، کە خۆی لە باری تیۆریکەوە لە لادانی یەکەمەوە سەرچاوەی گرتووە، دەگەڕێتەوە بۆ نەبوونی تێگەیشتنی لێنینی لە ئیمپریالیزم. لە فۆرموولبەندییەکانی سەرەوەدا، ئیمپریالیزم نەک وەکوو نیزامێکی بەرهەمهێنانی سەرمایەداری، واتە سەرمایەداری لە بەرزترین قۆناغی خۆیدا، بەڵکوو وەکوو میکانیزمێکی دەرەوەی سنوور بۆ تاڵانگەری دەخرێتە بەرچاو. لێنین بە ڕاشکاوی بەرانبەر بەو بۆچوونەی کاوتسکی کە ئیمپریالیزم تا ڕادەی سیاسەتی دەرەوەی وڵاتە سەرمایەدارییە پێشکەوتووەکان دێنێتە خوارەوە، ڕاوەستاوە. دیارە کاتێک سەرمایەداریی تا ڕادەی بەرهەمهێنانی کاڵایی بێتە خوارەوە، ئیتر بۆچوونی لێنینی سەبارەت بە ئیمپریالیزم جێگای نابێ و ئیمپریالیزم وەکوو کۆمەڵێک لە پیلانی ئابووری و سیاسی و فەرهەنگی کە لە دەرەوەی وڵات، بە مەبەستی

"تالان"کردنی بەرهەمەکانی "ئابووریی کالایی" ئێمە دەیگێڕن، دەخرێتە پێشچاو. بۆ نموونە پێناسەی کارکردی ئیمپریالیزم وەکوو میکانیزمێکی چوونەدەرەوەی زێدەباییەک کە لە ولاتدا بەرهەم هاتووە، پەیوەندیی ئیمپریالیزم هەتا ڕادەی چۆنیەتی دابەشکردنی جوگرافیایی زێدەبایی، وە یان خاوەندارێتی حوقووقی زێدەبایی، دێنێتە خوارەوە و لەبیری دەچێتەوە کە ئەگەر زێدەباییەک کە بەهۆی سەرمایەی مۆنۆپۆلییەوە بەرهەم هاتووە لە ئێرانیشدا بمێنێتەوە، نەک هەر هیچ شتێک لە خەسلەتی ئیمپریالیستیی بەرهەمهێنان و چەوساندنەوە ناگۆڕێ، بەلکوو تونتریشی دەکاتەوە. یان تیۆری ناردنەدەرەوەی کالای "بنئەمباری" بێجگە لەوەی کە سەبارەت بە "بایی مەسرەفی کالا" دەکاتە یەک و لە بنچینەوە ئەو جیاوازییە ڕاشکاو و بنچینەییەی لەبیر دەباتەوە کە لێنین لەنێوان ئیمپریالیزم وەکوو ناردنەدەرەوەی سەرمایە لە لایەکەوە و ناردنەدەرەوەی گەلالەیەکی دیکەوە دای دەنێ.

بەم جۆرە فۆرموولەکانی سەرەوە، ڕوانگەی نادروستی خۆیان لە بارەی سەرمایە، دەکێشنە سەر ئیمپریالیزمیش. لەم فۆرموولانەدا ئیمپریالیزم (کە سەرمایەداری ئەم سەردەمەیە) نیزامێکی بەرهەمهێنان نییە، یانی کۆمەلێک لە پەیوەندی کۆمەلایەتیی بەرهەمهێنان کە هێزە بەرهەمهێنەرەکان لەنێو دەروونی خۆیدا بپەروەرێنێ (وە یان لە قۆناغێکی دیاریکراودا مەیدانی گەشەکردنیان لێ تەنگ بکاتەوە)، نییە، بەلکوو لە بنچینەوە نیزامیی تالان و وێرانگەرییە. ئیمپریالیزم لە ڕوانگەی چینی کرێکارەوە نابینن کە لەنیزامی ئیمپریالیستیدا خەریکی بەرهەمهێنانە و لە پەیوەندییەکی بەرهەمهێناندا خەریکە دەچەوسێتەوە، بەلکوو لە ڕوانگەی توێژە ناوەنجییەکانی بۆرژوازییەوە کە لەسەر دابەشکردنی بەرهەمی ئەو



چەوساندنەوەیە ململانێیەکی بێ ئەنجامیان لەگەل مۆنۆپۆلدا هەیە، دەی بینن و تێی دەگەن. ئاخر ئەوە ڕێک بار و دۆخی بەرهەمهێنانە کە ئیمپریالیستییە و باندەستبوونی مۆنۆپۆلەکان بەسەر سەرمایە غەیرە مۆنۆپۆلەکاندا لە چۆنیەتی دابەشکردنی گشت زێدەبایی بەرهەمهێنراو، لە هەلومەرجێکدایە کە مۆنۆپۆلەکان بەسەر بەرهەمهێناندا زالن و دەسەلاتیان بەسەریدا هەیە. کەوایە سەبارەت بە پێکنەری دووەمی پێناسەی وابەستەبوون، یانی ئیمپریالیزم، دیسان دەبێ لە پەیوەندی بەرامبەریەکی کاری کرێگرتە و سەرمایەوە، وە لە بار و دۆخی ئیمپریالیستیی ئەم پەیوەندییەوە دەستپێ بکەین و پاشان (وە دروست ئەو وەختە) بچینە سەر ئەو مەسەلەیە کە چۆن هەبوون، بەردەوامبوون و هێشتنەوەی بار و دۆخی ئیمپریالیستیی چەوساندنەوەی چینی کرێکار، چەند مەوازینێکی دیاریکراویشی بەسەر پەیوەندی بەرامبەریەکی توێژە جۆراوجۆرەکانی سەرمایە و بۆرژوازیدا سەپاندووە. تەنیا پاش تێگەیشتن لە پەیوەندی نێوان کار و سەرمایە، لە سەردەمی ئیمپریالیزم لە ولاتی ژێردەستەدایە کە دەتوانین پەیوەندی بەرامبەریەکی تەکنەلۆژیک، پوولی، ئیعتیباری، بازاڕی، وە هەروەها پەیوەندی سیاسی_ ئایدیۆلۆژیکی نێوان توێژە جۆراوجۆرەکانی بۆرژوازی ڕوون بکەینەوە و لەو پەیوەندییانە بە قازانجی چینی کرێکار لە شۆڕشدا کەلک وەربگرین.

بۆ خستنەڕووی دروستی مەسەلەی وابەستەبوون و بەدەستهێنانی هەلوێستی سیاسیی شۆڕشگێڕانە بەو پێیە، دەبێ لە ناسینێکی دروست سەبارەت بە سەرمایە و ئیمپریالیزمەوە دەستپێ بکەین. سەرمایەداریی وابەستە، سەرمایەداریی سەردەمی ئیمپریالیزم لە ولاتی ژێردەستەدایە. ئەمە مانای ئەوەیە کە یەکەم، لەم نیزامەدا

بەرهەمهێنانی کۆمەڵایەتی و گەشەی هێزە بەرهەمهێنەرەکان بەگشتی لە چوارچێوەی گەشەکردن و پەرەسەندنی سەرمایەدا بەڕێوە دەچێ. دووەم، ڕەوتی گشت سەرمایەی کۆمەڵایەتی لە وڵاتدا لە وەڵامدانەوەی پێویستییە جیهانییەکانی سەرمایەی مۆنۆپۆڵدا، بە لەبەرچاوگرتنی دابەشبوونی ئاشکرای جیهان بە وڵاتە ئیمپریالیستییە ژێردەستەکان، لە پلەی ئابووری و سیاسیدا قەوارە دەگرێ. بەم جۆرە کاتێک باسی سەرمایەداریی وابەستە دەکەین، باسی شێوە بەرهەمهێنانێک دەکەین کە <u>دامەزرانی</u> سەرمایەداری سەردەمی ئیمپریالیزم لە وڵاتی ژێردەستەدا بەشوێن خۆیدا هێناوە(10). کەوایە پێش هەموو شتێک قسە لە وابەستەبوونی <u>نیزامێکی</u> بەرهەمهێنان لەگەڵ ئیمپریالیزمە، نەک وابەستەبوونی میکانیکی و ڕواڵەتی بەشبەشی ئەو نیزامە. ئەم خاڵە دەبێ بۆ هەموو ئەو کەسانەی کە باسی سەرمایەداریی وابەستە دەکەن ڕوونبێتەوە کە بۆچی دەڵێین سەرمایەداریی وابەستە و ناڵێین " ئابووریی ژێردەسەڵاتی <u>سەرمایەدارانی</u> وابەستە".

هەر وەک وتمان لە ڕوانگەی مارکسیزمەوە نیزامێکی کۆمەڵایەتی، پێش هەموو شتێک بە قانوونمەندیی دەروونی ڕەوتی خۆی دیاری دەکرێ و ئێمە لە لێکدانەوەی نیزامی سەرمایەداریی وابەستەدا دەبێ پێش هەموو شتێک لە باسی وابەستەبوونی قانوونمەندییە ئابوورییەکەی ڕەوتی ئەم نیزامە بە ئیمپریالیزمەوە و لە باسی یەککەوتنی قانوونەکانی ڕەوتی گشتیی سەرمایەی کۆمەڵایەتی لە ئێران لەگەڵ قانوونەکانی ڕەوتی سەرمایەی مۆنۆپۆڵییەوە دەستپێ بکەین و پاش تێگەیشتن لە وابەستەبوون لەم پلەیەدا ئەمجار بچینە سەر باسی چۆنیەتی پەرەگرتنی هێزە بەرهەمهێنەرەکان و باسی پەیوەندییەکانی نێوان چینە ئەسڵییەکانی کۆمەڵ و چۆنیەتی



دابەشبوونی گشت زێدەبایی لەنێوان توێژە جۆراوجۆرەکانی سەرمایەدا و توێژتوێژبوونەوەی نێوخۆی بۆرژوازی و توانا و لێهاتوویی سیاسی و کۆمەڵایەتی ئەو توێژانە. بێگومان ڕوونکردنەوەی هەموو ئەو باسانەی سەرەوە نەک هەر لە چوارچێوەی ئەم کۆمەڵە نووسراوانەدا ناگونجێ، بەڵکوو لە بناغەوە لە توانای تیۆریک و لێکۆڵینەوەی گرووپێکی بچووکی کۆمۆنیستی(11)دا کە ئیمکاناتیان بەرتەسکە ناگونجێ. ئەمە ئەرکێکە کە لە لێکدانەوەی ئاخردا تەماشای بکەی بەسەرشانی هەموو بزووتنەوەی کرێکاری و کۆمۆنیستیی وڵاتەوەیە. ئەو ئەرکەی کە ئێمە لەم نامیلکەیەدا ناومانەتە بەرانبەری خۆمان، خستنەڕووی ئوسووڵیی مەسەلەی وابەستەبوون و بەدەستهێنانی بەرهەمی سیاسیی گشتییە سەبارەت بە توانا و لێهاتوویی (وە یان بێتوانایی و لێنەهاتوویی) دیاریکراوی سیاسیی توێژە جۆراوجۆرەکانی بۆرژوازی لە ئێراندا.

چوارچێوەی گشتی لادانە باوەکان خۆی یەکەم هەنگاوی لێکدانەوەکەی ئێمە دیاری دەکا. "بەشی ئەفسانەی بۆرژوازیی میللی و پێشکەوتنخواز" بە وەبیرهێنانەوەی پایە بنەڕەتییەکانی تێگەیشتنی مارکسیستیی لێنینیستی لە سەرمایە. نیزامی سەرمایەداری و ئیمپریالیزم دەستپێ دەکا. نیازی ئێمە لەم بەشەدا دووبارەکردنەوەی دەستەواژە و پێناسە پایەییەکانی مارکسیزم لە چەشنی چەوساندنەوە، زێدەبایی، هێزە بەرهەمهێنەرەکان و پەیوەندییەکانی بەرهەمهێنان و ... نابێ، بەڵکوو مەبەستمان توێژینەوە و لێکدانەوەی چوارچێوەی گشتی ئەو لادانەیە کە لە سەرەوە ئاماژەمان پێ کردووە. بۆ ئەم بەشە کتێبی کاپیتاڵ (هەر سێ بەرگەکەی) و بەشبەشێک لە "تیۆرییەکانی زێدەبایی" (بەرگی یەکەم، بەشی کاری

بەرهەمهێنەر و بەرهەمنەهێنەر)، "فۆرماسیۆنەکانی ئابووریی پێش سەرمایەداری" ، "گرۆندریسە" لە مارکسەوە و "خەسڵەتنوێنی ڕۆمانتیزمی ئابووری" و "پەرەسەندنی سەرمایەداری لە ڕووسیا" و "ئیمپریالیزم وەکوو بەرزترین قۆناغی سەرمایەداری" و "کاریکاتۆری مارکسیزم و ئیکۆنۆمیزمی ئیمپریالیستی" و "ئیمپریالیزم و لەتبوون لە سۆسیالیزمدا" لە لێنینەوە، وەکوو سەرچاوەی سەرەکیی تیۆریک دەگرینە بەرچاو. پاش خستنە ڕووی مەسەلە پایەییەکان، دەچینە سەر لێکدانەوەی هەلومەرجی مێژوویی دامەزران و هەلومەرجی ئەم سەردەمەی بەرهەمهێنان و بەرهەمهێنانەوەی نیزامی سەرمایەداریی وابەستە لە ئێراندا. سەرچاوەی کەڵک لێوەرگیراو بۆ ئەم بەشە لە کۆتایی نامیلکەکەی تردا دەناسێنین. ئەوەی لەم بەشەدا لێی دەکۆڵینەوە، ڕوونکردنەوەی قانوونە بنەڕەتییەکانی ڕەوتی گشت سەرمایەی کۆمەڵایەتی لە وڵاتدا دەبێ و مەسەلەی توێتوێبوونەوەی دەروونیی بۆرژوازیی ئێران و ڕەخنەگری لە یۆتۆپیای سەرمایەداریی سەربەخۆ و دیموکرات. ڕەخنەگری لە بەشبەشی پێناسە و بۆچوونە لادەرەکان کە هێڵە گشتییەکانیمان لەم سەرەتایەدا باس لێ کرد، لەم بەشەدا دەیخەینە بەرچاو. پاش خستنەڕووی مەسەلە ئابوورییەکان، دەچینە سەر باسی ڕۆڵی بۆرژوازیی لیبراڵ لەم شۆڕشەی ئێستادا و بە ڕاشکاوی و بە بەڵگەهێنانەوە، ئەو خۆشخەیاڵییانەی کە سەبارەت بە دەوری سیاسی ئەم توێژە لای هەندێک لە هێزە شۆڕشگێڕەکان هەیە، دەخەینە بەرچاو. ئەو سەرچاوانەی بۆ ئەم بەشە کەڵکی لێ وەردەگرین، زۆرتر نووسراوەکانی لێنین سەبارەت بە دەوری بۆرژوازی لە شۆڕشەکانی 1905 و 1917دا دەبێ و هەروەها نووسراوە و وتارەکانی ڕابەرانی سیاسیی بۆرژوازیی لیبراڵ لە



ئێران و هەڵوێستەکانی سازمانە کۆمۆنیستییەکانی وڵاتمان بەرانبەر بە ڕەوتی ئابووری و سیاسیی بۆرژوازیی بەناو میللی و ڕابەرانی سیاسیی ئەو، دەخەینە بەرچاو. دەبێ ئەوەش بڵێین کە لە ئێستاوە بەڕوونی لێمان مەعلووم نییە کە چەند نامیلکەمان بۆ بەشی "ئەفسانە ... " دەبێ و ناونیشانیان چی دەبێ. هیوادارین کە بتوانین لەگەڵ بڵاوکردنەوەی نامیلکەی دووەمدا، کە بە مەسەلەگەلی تیۆریکی گشتی تایبەتە، سەبارەت بە چۆنیەتی دابەشکردن و مێژووی بڵاوبوونەوە و سەرچاوەی کەڵک لێوەرگیراو بۆ هەر نامیلکەیەک زیاتر هاوڕێیان ئاگادار بکەین.

**پەراوێزەکان**:

1) هەرچەندە، ڕووداوە سیاسییەکانی ئەم یەکساڵەی دوایی تا ڕادەیەکی زۆر خەرمانەی موبارەکی لە نێوچاوانی بۆرژوازیی لیبراڵ سڕیوەتەوە، کە لە سایەی لادانەکانی بزووتنەوەی کۆمۆنیستییەوە هەی بوو، گۆشەیەک لە واقیعییەتی ناشیرین و وابەستەبوونی بە ئیمپریالیزمەوە و ملهوڕبوونی ئەوی بە ئاشکرا دەرخستووە، بەڵام بێگومان ئەوە مانای تێکشکانی بۆچوون و بیروباوەڕی تێکڕا گەلی و مەنشەڤیکی (کە باوەڕ و متمانەکردن بە بۆرژوازی توێژە لیبراڵەکانی تەنیا ڕەنگدانەوەیەکێتی) نییە و پێش بەوە ناگرێ کە ئەو بۆچوون و بیروباوەڕە لە دوارۆژدا سەر هەڵداتەوە.

2) مانگی ئاخری پایز (22 ی تشرین تا 21 کانوون) مەبەست ئاخری پایزی 79 بووە.

3) ئەوانەی وتمان هەرگیز بە مانای لێکۆڵینەوەی هۆی لادانە تیۆریکەکانی بزووتنەوەی کۆمۆنیستیی ئێران نییە. ئێمە هەر تەنیا یەکێک لە پێکنەرە تیۆریکەکانی ئەو لادانانەمان خستە بەرچاو. بە هەندێک سەرنجدان دەکرێ ڕەنگدانەوەی بیرورای لادەرانەی نووسەری چەپنوێنی وەک "پۆل سوئیزی"، "پۆل باران" مۆریس داب"، " فرانک" و ... لە ئەدەبییاتی بزووتنەوەی کۆمۆنیستیی ئێراندا بە تایبەت لەسەر باسی ئیمپریالیزم و ئابووریی ژێردەستە بدۆزیتەوە.

4) مەبەست دەسکۆتابوونی زەحمەتکێشانی دێهاتە لە زەوی و بوونیانە بە فرۆشیاری هێزی کار.

5) مەشرووتە، نیزامی پارلەمانی بە ڕاگرتنی پاشایەتییەوە.

6) مەبەست دەوڵەتی کاتییە کە ئەو کاتە بە سەرۆکایەتی بازرگان پێک هاتبوو. و.

7) گەلێک نموونە لەو فۆرموولبەندییانەی کە باسی دەکەین لە نووسراوەکانی زۆربەی سازمانە کۆمۆنیستییەکاندا هەن. ئێمە لەم کورتە باسەدا باسی نووسراوی سازمان، یان گروپێکی دیاریکراو ناکەین و ئەوە دێڵینەوە بۆ نامیلکەکانی دوایی و پاش خستنە بەرچاوی مەسەلە پایەییەکان، دەبێ ئەوەش بڵێین کە ئەو تێبینییانەی کە ئێمە لێرە لەسەر هەر فۆرموولبەندییەک باسی دەکەین، تەنیا بۆ وردکردنەوە و ڕوونکردنەوەی زیاتری ئەو فۆرموولانەیە، نەک بۆ ڕەخنەگری لەوانە. ئەو ڕەخنە بنچینەییانە و ئەو تێکەڵاوکردنە تیۆریکانەی کە لەم جۆرە پێناسانەدا شاردراوەتەوە، لە نامیلکەکانی دواییدا، بە وردی و بە دوورودرێژی دەخەینە بەر لێکۆڵینەوە.

8) بەم پێیە هەردوو بۆچوونەکەی سەرەوە، واتە چ ئەوانەی باسی نیزامی نیوەفیۆداڵ_ نیوەکۆلۆنی دەکەن و چ ئەوانەی کە نیزامی



بەرهەمهێنانی زاڵ لە ئێراندا بە سەرمایەداریی وابەستە دەزانن بەڵام تێگەیشتنێکی غەیرە مارکسیستی و غەیرە لێنینییان لێی هەیە، لە کردەوەدا لە باری هەڵسەنگاندنی دەوری توێژێکی دیاریکراو لە بۆرژوازی ئێران لەم شۆڕشەی ئێستادا، کە هەردووکیان پێی دەڵێن "بۆرژوازیی میللی" ئەگەنە یەک شت و بەناچار سیاسەت و تاکتیکی چۆنیەک، بەرانبەر بەو دەگرنە پێش. ئێمە لەم زنجیرە نامیلکانەدا، بۆچوونی یەکەم، واتە ئەوانەی کە حاشا لەوە دەکەن کە نیزامی سەرمایەداری بەسەر بەرهەمهێنانی کۆمەڵایەتی لە ئێراندا زاڵە واتە، لایەنگرانی تێزی نیوەفیۆداڵ_ نیوەکۆلۆنی نادوێنین! قسە و باسی ئێمە لەم نامیلکانەدا زۆرتر لەسەر پەردەلادان لەسەر تێکەڵاوکردنە تیۆریکەکەی بەشی دووەم (کە هیچ نەبێ بە ڕواڵەت لە ئێمە نزیکترن) دەڕوا، هۆی ئەوەی کە لەم هەلومەرجەدا ئێمە ئەم شێوەیە دەگرینە پێش ئەوەیە، کە لایەنگرانی تێزی نیوەفیۆداڵ_ نیوەکۆلۆنی، لەچاو بۆچوونی دووەم پلەیەک لە تێگەیشتنی بار و دۆخی کۆنکرێتی ئێران دوورترن. گیروگرفتی زیاتری ئەم بەشە کە دەگەڕێتەوە بۆ شێوە لێکۆڵینەوەی نامارکسیستی ئەوەیە، کە نموونە بۆ خۆیان دادەنێن و لاسایی ئەزموونی وڵاتی دیکە دەکەنەوە. ئەمڕۆ ئەوە گرنگ نییە کە ئەوان لە سەرمایە و سەرمایەداری بە باشی تێنەگیشتوون، وە یان ژمارە و ئاماری ئابووری تەواو کامڵیان بۆ تێگەیشتن لە پایەییترین نیشانەکانی شێوەی بەرهەمهێنان لە ئێران بەدەستەوە نییە. باسکردنی ئەو لادانە، بە شێوەی ئوسووڵی تەنیا کاتێک دەست دەدا کە بۆچوونی فیکری دووەم واتە، ئەوانەی باوەڕیان بە هەبوونی نیزامی سەرمایەداریی وابەستە لە ئێراندا هەیە، بەهۆی بەدەستەوەدانی لێکۆڵینەوەی ڕوونی تیۆریک و بەڵگەدار، ئەو تێکەڵ و پێکەڵییە فیکرییەی کە هەیانە لایەبرن و بە

تێگەیشتنێکی مارکسیستی_ لێنینیستی لە دەستەواژەی ئابووری و سیاسی و ئەو ڕاستییانەوە کە هەن، بەرەو ڕووی بۆچوونی یەکەم بینەوە.

9) مارکس، "میتۆدی ئابووریی سیاسی"، گروندریسە (لە چاپی ئینگلیزی) لاپەڕەی 110.

10) ئێمە هەلومەرجی دامەزرانی سەرمایەداری بە گشتی و خەسڵەتی ئیمپریالیستی ئەو پرۆسەیە لە ئێراندا لە نامیلکەکانی دواییدا بە وردی لێک دەدەینەوە.

11) مەبەستی گروپی "سە هەند"ە لەو سەردەمەدا/ و.

وەرگێڕانی: ڕێبواری شاعیر



# ئەفسانەی بۆرژوازیی میللی و پێشکەوتنخواز
# بەشی (2)

## قسەیەک لەگەڵ خوێنەران

ماوەی 9 مانگ کەوتووەتە نێوان نامیلکەی یەکەم و دووەمی "ئەفسانە ... "، کەواتە پێویستە هەر لێرەدا ئەو ڕەخنەیە لە خۆمان بگرین کە لەم ماوەیەدا قوسووریمان هەبووە. هەندێک کەموکووڕی لەوەدا هەبووە، کە ئێمە لەناو خۆماندا بە باشی کارەکانمان دابەش نەکردبوو، کە هەڵبەت پێمان وایە، ئێستا تا ڕادەیەکی زۆر چارەسەر کراوە، وە ڕەنگە ئەمە گرنگترین هۆی ئەو دواکەوتنە بووبێ. ئەوەش بڵێین، هەندێک مەسەلە کە بەپێی تەرحەکەی پێشوو، قەرار وا بوو کە لەم زنجیرە وتارانەدا باسیان بکەین، ئێستا لە نووسراوەکانی ترماندا باسیان کراوە. لێکۆڵینەوە و قسەوباس لەسەر پێشمەرجەکانی گەشەی سەرمایەداری لە ئێران کە تەوەری ئەم باسە پرۆسەی دەسکۆتاکردنی ساڵانی شەستە، وە بەپێی تەرحەکەی پێشوو، دەبووایە ببێتە ناوەڕۆکی نامیلکەی چوارەمی "ئەفسانەی ... "، بە شێوەیەکی گشتی، لە کتێبی "کۆمۆنیستەکان و بزووتنەوەی جووتیاریی پاش چارەسەری ئیمپریالیستیی مەسەلەی زەوی"دا، مانگی ئاداری ساڵی 80، پێشکەش کراوە. هەر بەم جۆرە هەندێک خاڵ سەبارەت بە بەرهەمهێنان و سەرلەنوێ بەرهەمهێنانەوەی تەواوی سەرمایەداریی کۆمەڵایەتی لە ئێراندا، وەک پاشکۆی کتێبی "دوورنمای فەلاکەت و هەڵچوونی سەرلەنوێی شۆڕش" ئاداری 80 نووسراوە، کە لە نامیلکەی پێنجەمی "ئەفسانە ... "دا بە درێژی لە

سەری دەڕۆین. بەڵام هیچ کام لەمانە، بە بڕوای ئێمە ناتوانن ببنە بیانوویەک بۆ ئەوەی ئێمە ئەم زنجیرە وتارانە بە شێوەیەکی بەردەوام بڵاو نەکەینەوە، وە ئێمە بۆ ئەوەی جارێکی تر بەڵێنەکەمان دووپات کەینەوە و جەخت لەسەر شێلگیربوون لە بەجێهێنانی ئەم ئەرکەدا بکەین، وە بۆ ئەوەی ئەگەر لە داهاتوودا دیسانەوە کەمتەرخەمیمان کرد، هاوڕێیان دەستیان ئاواڵەتر بێ بۆ ڕەخنەگرتن لێمان، لە کۆتایی ئەم نامیلکەیەدا تەرحی گشتیی ئەم زنجیرە وتارانە وەک پاشکۆی ئەم نامیلکەیە پێشکەش دەکەین.

بەڵام ئەگەرچی ئێمە ماوەیەکی دوورودرێژ نامیلکەکانی "ئەفسانە ... "مان واز لێهێنا، ڕاستییەکانی خەباتی چینایەتی وازیان نەهێنا و دەستیان لە گەرووی ئەفسانەی بۆرژوازیی میللی بەر نەدا. ساڵێک لەوەپێش، ئەگەر کەسێک لە ڕووی دڵسۆزییەوە بۆ بزووتنەوەی کرێکاری "ئیهانە"یەکی بە "بۆرژوازیی میللی" کردبایە، ئەگەر وتبای "بۆرژوازیی میللی" دژ بە شۆڕشە، وتبای بۆرژوازی ڕێی ناکەوێ شانی لە شانی وشەی "میللی" (کە لە وڵاتانی ژێردەستەی ئیمپریالیزمدا، تەنیا مانای "دژی ئیمپریالیست"ی لێ دەدرێتەوە) بدا، وە ئەگەر کەسێک پێشبینی خەیانەتەکانی (ئەو بۆرژوازییەی) کردبا، وە وای لە کرێکاران کردبا کە لێی بپرینگێنەوە، وە ...، ئەو ئاشقانەی کە بەرۆکیان بۆ ئەم داوەڵە شرە دادەدری، هاواریان لێ هەڵدەستا و بە ڕێژنە ناونیتکەی "سیاسی" وەک، "شێوە ترۆتسکیست" و"چەپڕەو" و ئەم جۆرە شتانەیان بەسەردا دەباراند، هەڵبەت ڕەنگە هەقیشیان بووبێ! تۆ بڵێی لەوان سەردەمی لە مێژینە! دا، شێوەی بەرهەمهێنان لە ئێراندا لەگەڵ ئێستا جیاواز بووبێ، قۆناغی شۆڕش جیاواز بووبێ، دەستەبەندییەکانی نێو تاقمی دەسەڵاتدار جیاواز بووبێ، حەقیقەت لەگەڵ ئێستا فەرقی بووبێ، "مارکسیزم" فەرقی



بووبێ، وە ...!؟ بەڵام هەر چی بووبێ ئێستا وا نییە. ئەو لافاوەی کە لە خوێنی پاکی کرێکاران و زەحمەتکێشانی شۆڕشگێڕ و جەنگاوەرانی کۆمۆنیستی ئێران لە سەرتاسەری ئەم وڵاتە، لە کوردستان، بلووچستان، تورکمان سەحرا، خووزستان، ئیسفەهان، تاران و ... بە "لوتف و کەرەمی" هەر ئەو ئاغایەنەی "بۆرژوازیی میللیی ئێران" لە یەک ساڵی ڕابوردوودا کەوتە ڕێ، بناغەی خۆشخەیاڵییە مەنشەڤیکییەکانی بەشێکی بەرین لە کۆمۆنیستەکانی ئێرانی لەقاندووە. "بۆرژوازیی میللیی ئێران " سیمای دزێو و گەندەڵی خۆی بە ئاشکرا نیشان داوە. ئەو بەڵگە و سەنەدە "کەشف کراو"انەی کە نیشانی دەدەن، هەر ئەم ئاغایانە سەفارەتی ئەمەریکایان گوڵباران کرد، زۆربەی هێزەکان دەخەنەوە بیری بۆمببارانی زەحمەتکێشانی کوردستان، وە ئەفسانەی بۆرژوازیی میللی و پێشکەوتنخواز، بە حوکمی هەلومەرجی بابەتیی خەباتی چینایەتی، جارێ هەتا نۆرەیەکی تر، خرایە گۆڕەوە. بەڵێ! بە ڕاستی واقعییەتی ڕووداوەکان زۆر باشتر لە بەڵگەهێنانەوە، توانیویەتی کام مێشک هەرە وشک و ڕەقە، لەگەڵ حەقیقەت ئاشنا بکا.

بەڵام ئەو شێوەیە، کە بەشێکی بەرین لە بزووتنەوەی کۆمۆنیستی بەرانبەر بەم "ناسینە" (یانی ناسینی بۆرژوازیی میللی) و گۆڕینی هەڵوێستی خۆی بەرانبەر بەو گرتوویەتە پێش، یەکجار جێگەی سەرنجە. هەمووومان دیتمان کە چۆن زاراوەی "بۆرژوازیی میللی" ئیتر بەسەر زاری بزووتنەوەی کۆمۆنیستیدا نەهات. سەرەتا وشەی "میللی"یان وەک ئاوەڵناوێکی لاوەکی و تەواوکەر لە پاڵ ئاوەڵناوی وەک "لیبراڵ"، "تایبەتی" و "ناوەنجی"یەوە، لەنێو کەوان پەستاوت و پاشان لە ماوەی نێوان دوو نامیلکە، دوو ڕاگەیاندن، وە یان لە ماوەی نێوان دوو ژمارەی گۆڤارێکدا، بێ ئەوەی متەقیان لێ بێ،

سەری کەوانەکانیشیان بە بن گۆمدا کرد. ئەمڕۆ ئیتر وای لێهاتووە، کە لە بڵاوکراوەی "ڕەزمەندگان"، "پەیکار"، "کار"، "نەبەرد" و تەنانەت لە بڵاوکراوەی "زەحمەت"دا، زاراوەی "بۆرژوازیی میللی" بۆ دەرمانیش وە چنگ ناکەوێ(1).

بەڵام ئایا لەم هەنگاوەدا (کە بە هەر حاڵ هەنگاوێکە بەرەو پێش) هیچ دەسکەوتێکی تیۆری بۆ بزووتنەوەی کرێکاری جێگیر کراوە؟ ئایا هیچ کام لەو هێزانەی کە هەڵوێستی خۆیان بەرانبەر بە "بۆرژوازیی میللی" گۆڕیوە، بە ڕاشکاوی ئەوەیان بە بزووتنەوەی کۆمۆنیستی ڕاگەیاندووە کە بۆچی لە ڕابوردوودا وایان بیر دەکردەوە؟ هەڵەکەیان لە چیدا بووە؟ وە کام بۆچوونی تازە بەرانبەر بە پەیوەندییەکانی بەرهەمهێنان و پەیوەندییەکانی چینایەتی لە کۆمەڵدا، وە یان چ بۆچوونێک بەرانبەر بە مارکسیزم بووەتە بناغەی ئەم هەڵوێستگرتنەی ئێستایان؟ بزووتنەوەی کرێکاری و کۆمۆنیستیی ئێران و باقی وڵاتانی ژێردەستەی ئیمپریالیزم، چۆن دەتوانن کارێکی وا بکەن کە لە داهاتوودا تووشی هەڵەی لەم چەشنە نەبنەوە؟ ئایا ئەو هێزانەی کە باسی "بۆرژوازیی میللی"یان لە دەزگای فیکریی خۆیان ئاوا دەرهاویشتووە، هەست بەوە ناکەن کە پێویستە ئاڵوگۆڕێک لە باقی بەشەکانی ئەم دەزگا فیکرییەدا پێک بهێنن؟ وە بێگومان وەڵامەکە "نا"یە. چونکە وا دیارە هەموو هونەری "تیۆریسینێکی باش"ی سیکتاریست لەوەدایە، بە جۆرێک هەڵوێستی خۆی بگۆڕێ، کە گا بە کولانەدا بەرێتە دەرەوە و هیچ کەس پێی نەزانێ و هەتا بۆی بکرێ کارێکی وا بکا، کەوا بەرچاو بکەوێ، کە هەڵوێستی ئێستای گرووپەکەی یان ڕێکخراوەکەی، هەر درێژەی "ڕێکوپێکی" هەڵوێستی پێشوویەتی. ئەم شێوەیە لە لایەکەوە بۆیە "باشە" کە گرووپەکەیان بێ پێز نابێ و لە چالاکی ناکەوێ، ئەو



کادرانەی کە لە مەیدانی جۆراوجۆردا فەعالییەت دەکەن، دڵسارد نابنەوە، وە بوونی تێکەولێکەی فیکری و خوا نەکردە داماوی و بەربەستبوونی تیۆرییان بەسەردا ناچێ، وە سەرنجیان بۆ لای گرووپ و ڕێکخراوەکانی تر ڕاناکێشرێ و دەیان "کەڵکی" تری لەم چەشنەی هەیە: وە لە لایەکی ترەوە، ئەم کەڵکەشی هەیە کە تیۆریسینەکەمان هەمیشە دەتوانێ بێ ئەوەی تووشی هیچ گیروگرفتێک بێ، باداتەوە سەر هەڵوێستەکانی پێشووی، بێ ئەوەی لەم هاتووچۆ و بێنەوبەرە و تەڕ و وشککردنەدا، "ڕێکوپێکی" و حورمەتەکەی لە کیس بچێ، وە لێرەدا ئەو مەسەلەیە بە لایانەوە هەر هیچ بایەخێکی نییە، کە بزووتنەوەی کرێکاری و کۆمۆنیستی لە هەر چەشنە دەسکەوتێکی تیۆری بێبەش دەمێنێتەوە و هەمیشە دەکەوێتە شوێن ڕووداوەکان، هەموو جارێک لە سفرەوە دەست پێ دەکاتەوە و شکست لە دوای شکست دەبێتە باری سەر باری. سیکتاریزم، یانی ئەوەی کە گرووپێک بەرژەوەندیی خۆی بە بانتر لە بەرژەوەندیی گشت بزووتنەوەی کرێکاری بزانێ، وە سیکتاریزمی تیۆری شێوەی هەرە پوخت و قاڵکراوی سیکتاریزمە. بزووتنەوەی کۆمۆنیستی ئێران کە لێبڕاوانە دەیەوێ و پێویستی بەوە هەیە "هەڵەکان بکوتین"، ناتوانێ مل بەم پێشەنگە بدا. پرۆلیتاریای ئێران ناتوانێ هەتا هەتایە قوربانی بدا، لە خوێن و ئارەقە ئەزموون وەرگرێ و پێشکەشی بزووتنەوەی کۆمۆنیستی بکا و لەبری ئەو "ئابڕوومەندیی تیۆری" وەربگرێ. تیۆری ناتوانێ هەتا هەتایە چاو لە دوای کردەوە بێ، چونکە بەبێ تیۆری شۆڕشگێڕانە، کردەوەی شۆڕشگێڕانە بە ناچار تووشی داوکەوتن و شکست دەبێ.

بەڵام لایەنی دیکەی مەسەلەکە، یانی هێشتنەوەی هەندێک کون و کەلەبەر بۆ ژیاندنەوەی ئەو بۆچوونە لادەرانەی کە <u>لەبیر براونەتەوە</u>

یان بێدەنگەیان لێ کراوە، تا ئەو جێگایەی کە بە چەمکی "بۆرژوازیی میللی" پەیوەستە، یەکجار گرنگە. ئەگەر مەبەستمان لە نووسینی ئەم نامیلکانە تەنیا ئەوە بووایە کە ئەو وشەیە لە ئەدەبیاتی بزووتنەوەی کۆمۆنیستیدا نەمێنێ، دەبووایە هەر ئێستا دەستمان لە کار هەڵگرتایە و پاڵمان بدایەتەوە، وە ڕامانگەیاندایە کە ویستەکەمان بەدی هاتووە و جێبەجێ بووە. بەڵام خاڵی سەرەکی لێرەدایە (هەر وەکوو لە نامیلکەی یەکەمیشدا باسمان کرد)، چەمکی "بۆرژوازیی میللی" شوێنی پێک گەیشتنەوەی لادانێکی بنچینەییتر و ڕیشەدارترە. لادانێک کە لە شکڵ و شێوەی جۆراوجۆردا خۆ دەنوێنن، وە چەمکی "بۆرژوازیی میللی" تەنیا شکڵێکە لەو لادانە و ڕەنگە لە ساڵی ڕابوردوودا ئاشکراترین شکڵی بووبێ. کەواتە، هەڵوێستگۆڕین بەرانبەر بە چەمکی "بۆرژوازیی میللی"، تا ئەو کاتەی کە بە ڕەخنەی مارکسیستی بەرانبەر بە تەواوەتی ئەو دەزگا فیکرییەی کە ئەم چەمکە بەشێکێتی، پشت ئەستوور نەبێ و پشت بەم ڕەخنە مارکسیستییە نەبەستێ، تا ئەو کاتەی کە ڕەخنەلێگرتن و وەلانان و ڕەتکردنەوەی ئەم چەمکە، ڕەنگدانەوەی جێگیربوونی حوکمە بنچینەیی و ئوسووڵییەکانی مارکسیزم لێنینیزم لە زەمینەی ئیمپریالیزم، سەرمایەداری، وە تایبەتییەکانی شۆڕشی دیموکراتیک لە وڵاتی سەرمایەداریی ژێردەستەدا نەبێ، هیچ بایەخێکی پایەداری سیاسیی تیۆریی نابێ. ئەو لادانانەی کە تا دوێنێ لەو بڕوایەدا خۆی دەنواند کە "بۆرژوازیی میللی" لە شۆڕشی ئێمەدا هەیە و دەورێکی "پێشکەوتنخوازانە" دەگێڕێ، ئەمڕۆ لە شکڵی ئەو تیۆرییەدا خۆی نیشان دەدا کە دەڕوانێتە سەر باڵبالکردن و دەستەبەندیکردنی تاقمی دەسەڵاتدار، وە شێوەی هەڵوێستگرتنی بەرانبەر بە دەوڵەتی فریودەری بۆرژوازی، وە سبەینێ لە بۆچوونی مەنشەڤیکی و



ڕیفۆرمیستی بەرانبەر بە بەرنامەی کۆمۆنیستی لە شۆڕشی ئێستادا، وە بە تایبەت لە فۆرموولبەندیی داخوازییەکانی پرۆلیتاریا لەم شۆڕشەدا خۆ دەنوێنێ. درێژەی ئاسایی ئەو لادانە بنچینەییانەی کە بڕوا بە "بۆرژوازیی میللی"، یەکەم شکڵی بوو، جگە لەوەی سەرەنجام سەربکێشێتە سەلماندنی تێڕوانینی ڕێگای گەشەی ناسەرمایەداری و تێزی سێ جیهان، هیچ ڕێگایەکی تری لە پێشدا نییە. وە ئەمە ئاگادارکردنەوەی تەواوی ئەو هێزانەیە کە لە لایەکەوە دەیانەوێ سنووری نێوان خۆیان و ئەم تێڕوانینە دیاری بکەن، وە لە لایەکی ترەوە هێشتا لە زەمینەی بینای ئابووریی کۆمەڵ و جەوهەر و ناوەڕۆکی شۆڕشی ئێستادا، دەستیان لە لاساییکردنەوە و بۆچوونی میکانیکی هەڵنەگرتووە.

کەواتە، ئەگەر چی گوشاری خۆبەخۆی تاقیکردنەوە پاشەکشەی بەو کەسانە کردووە کە بڕوایان بە ئەفسانەی بۆرژوازیی میللی و پێشکەوتنخواز هەبوو، هێشتا بزووتنەوەی کرێکاری و کۆمۆنیستی شکستی ئەم بۆچوون و تێڕوانینەی تیۆریزە و جێگیر نەکردووە و خەبات لە دژی ئەم لادانە دەبێ درێژەی پێ بدرێ. بەڵام ئەوەندە ئاشکرایە کە هەر لەبەر ئەوەی ئەفسانەی بۆرژوازیی میللی و پێشکەوتنخواز لانی کەم لەم قۆناغەدا کەمڕەنگ بووەتەوە، ئەم خەباتە دەبێ بە شێوەیەکی تر درێژەی پێ بدرێ، وە بچێتە سەر وەلانان و ڕەتکردنەوەی هەندێک شکڵ و شێوەی تری ئەم لادانە بنچینەییانە. ئەو شتەی کە خەباتی ئێمە دەبێ بچێتە سەری، بە بڕوای ئێمە لە لێکدانەوەی کۆتاییدا، مەسەلەی دیاریکردنی ناوەڕۆکی ئابووریی سەرکەوتنی شۆڕشی دیموکراتیکی ئێران لە ڕوانگەی بەرژەوەندیی سەربەخۆی پرۆلیتاریاوەیە. ناوەڕۆکێک کە دەبێ هەر ئێستا کاکڵەکەی وەک داخوازیی پرۆلیتاریا لە بەرنامەی

کۆمۆنیستەکاندا لەبەرچاو بگیرێ. لەم ڕوانگەیەوە، سنووری یەکلایی نێوان بۆلشەڤیزم و مەنشەڤیزم لە بزووتنەوەی کۆمۆنیستی ئێمەدا بە سەلماندن وە یان نە سەلماندنی جێوشوێن و پێویستی و دڵخوازبوونی دامەزراندنی "سەرمایەی میللی و سەربەخۆی ئێران" وەک ناوەرۆکی سەرکەوتنی شۆڕش دیاری دەکرێ. ئۆتۆپیای سەرمایەداریی میللی و سەربەخۆ ئێستا تەنیا داردەستە جێبەجێکەرەکەی خۆی (واتە، "بۆرژوازیی میللی"ی) لە دەست داوە. وە مەنشەڤیزم بە تەمایە خودی پرۆلیتاریا بکاتە داردەست بۆ بەدیهێنانی "سەمایەداریی میللی و سەربەخۆ"، وە ئەوە بە ئەرکی سەرشانی پرۆلیتاریا دابنێ کە هەر چی کەند و کۆسپێ لەسەر ڕێگای گەشەی "سەرمایەداریی میللی"دا هەیە، لای ببات. بەرانبەر بەمە کۆمۆنیستەکان دەبێ بە تێکشکاندنی ئۆتۆپیای سەرمایەداریی میللی و سەربەخۆ بە هەموو لایەنەکانییەوە، داخوازییەکانی پرۆلیتاریا لە شۆڕشی دیموکراتیکدا، بە ڕوونترین شێوە ڕابگەیەنن و جێگیریان بکەن. ئەو داخوازییانەش لەوەوە سەرچاوە دەگرن، کە پرۆلیتاریا بۆ بزاوتی کۆتایی بەرەو سۆسیالیزم، پێویستی بە بەدیهێنانی ئەو پێشمەرجانە هەیە کە ڕێگای بۆ خۆش بکەن.

کەواتە، تا ئەو جێگایەی کە بەم زنجیرە نامیلکانەوە پەیوەستە، کارەکەمان نەک هەر کۆتایی پێ نەهاتووە، بەڵکوو لە ڕاستیدا دەبێ تازە دەست پێ بکا. ئەم نامیلکانە دەبێ بە تایبەتی خزمەت بە ڕەتکردنەوەی ئۆتۆپیای سەرمایەداریی میللی و سەربەخۆ بکەن. هەر وەکوو لە نامیلکەی پێشوودا وتمان، ئەم وتارانە بۆ لێکۆڵینەوەی دەستەواژەکان و سەرەتاکانی مارکسیزم لە مەڕ سەرمایەداری و ئیمپریالیزم دەست پێ دەکات. لەم بەشەدا، مەبەستمان دووپاتکردنەوەی پێناسە و پێناسە گشتییەکان نییە، بەڵکە دەمانەوێ



ئەو دەستەواژە و پەیوەندییانە دەستنیشان بکەین کە نەبوونی دەرک و تێگەیشتنی مارکسیستی لێیان، ژێرخان و بناغەی بۆچوونی لادەرانە لەمەڕ ئەو پەیوەندییە ئابووری_ چینایەتییانەن کە بەسەر کۆمەڵدا زاڵن. بە وتەیەکی تر، ئێمە بە سازکردنی ئامرازی تیۆری، یان باشتر بڵێین، بە بیرهێنانەوەی ئەو ئامرازە تیۆرییانەی کە ڕابەرانی مەزنی پرۆلیتاریا، مارکس، ئەنگڵس و لێنین سازیان کردووە، دەست پێ دەکەین و پاشان لە نامیلکەکانی تردا، بەپێی توانا، ئەو ئامرازانە وەک چەکێک بۆ ڕەخنەگرتن لە ئۆتۆپیای سەرمایەداریی میللی و سەربەخۆ بە دەستەوە دەگرین، لە هەمان کاتدا هەوڵ دەدەین، لە هەر قۆناغێکدا، بە لەبەرچاوگرتنی لایەنی مەعریفەتی ئەو باسەی کە دەستی پێ دەکەین، ڕیشەی تیۆریی ئەو لادانانە لە هەمان پلەی لێکۆڵینەوە و لێکدانەوەدا شی بکەینەوە.

ناوی ئەو کتێبانەی لەم نامیلکەیەدا ناویان هێنراوە، بەم جۆرە کورت کراونەتەوە:

| ناوە کورتکراوەکە | ناوەکە بە تەواوی |
|---|---|
| _ بەرگی یەکەم (دووەم و ...) | سەرمایە، بەرگی یەکەم (دووەم و ... )، مارکس، لە بڵاوکراوەکانی پرۆگرێس (بە ئینگلیزی) |
| _ "ئەنجامەکان" | "ئەنجامەکانی پرۆسەی بەردەوامی بەرهەمهێنان"، پاشکۆی بەرگی یەکەم، سەرمایە، لە بڵاوکراوەکانی پنگوئن (بە ئینگلیزی) |
| _ "تیۆرییەکان" | "تیۆرییەکانی زێدەبایی" مارکس، لە بڵاوکراوەکانی پرۆگرێس (بە |
| _ "گروندریس" | |

| | |
|---|---|
| | ئینگلیزی) |
| _ "ڕەخنەی ئابووریی سیاسی" | "گروندریس"، مارکس، لە بڵاوکراوەکانی پنگوئن (بە ئینگلیزی)<br>"سەرەتایەک لە ڕەخنەی ئابووریی سیاسیدا"، مارکس، لە بڵاوکراوەکانی پرۆگرێس (بە ئینگلیزی) |
| _ "پەرەسەندنی سەرمایەداری" | "پەرەسەندنی سەرمایەداری لە ڕووسیا"، لێنین (بە فارسی)، خاکەلێوەی 59 |

## ئەفسانەی بۆرژوازیی میللی و پێشکەوتنخواز (2)

### 1) دەستەواژە و چەمکە بنچینەییەکان: سەرمایەداری (بەشی یەکەم)

لە نامیلکەی یەکەمدا وتمان، کە ئەفسانەی بۆرژوازیی میللی و پێشکەوتنخواز، وە ئۆتۆپیای سەرمایەداریی میللی و سەربەخۆ (وە هەر بەم پێیە ئەو ڕێڕەوە ڕاسترەو و سازشکارانەیەی کە پشت بەم ئۆتۆپیایە دەبەستێ) لە سایەی سەری زاڵبوونی دوو بۆچوونی لادەرانەی بنچینەیی بەسەر بزووتنەوەی کۆمۆنیستیی ئێمەدا بەڕێوە دەچن، یەکەم: دەستەواژەکانی سەرمایە و نیزامی سەرمایەداری نەک لە ڕوانگەی مارکسیستییەوە، بەڵکوو لە ڕوانگەیەکی تەواو بۆرژواییەوە چاویان لێ دەکرێ و دەرکیان پێ دەکرێ. دووەم: وە



هەر لەسەر ئەم بناغەیە، لەجیاتی بۆچوونی لێنینی بەرانبەر بە ئیمپریالیزم وەک باڵاترین قۆناغی سەرمایەداری، بیر و بۆچوونی ناسیۆنالیستی، کە ئیمپریالیزم بە سیاسەتی دەرەوەی زلهێزەکان دەزانێ، وە یان پێی وایە، میکانیزمێکە لەودیوی سنوورەکان بۆ تاڵانچێتی و ڕاووڕووت دانراوە. کەوایە ئاشکرایە کە ئەگەر بمانەوێ ئەم قسە و باسەمان لە قەدەر توانا هەمە لایەنە و تێر و تەسەل بێ، پێش ئەوەی بچینە سەر لێکدانەوەی چەند و چوونی پەیوەندییەکانی بەرهەمهێنان لە ئێراندا، وە هەڵسەنگاندنی بناغەی ماددیی جووڵەی چینە جیاجیاکان لەم نیزامەدا، وە پێش ئەوەی دەست بە لێکۆڵینەوەی جەوهەر و ناوەڕۆکی شۆڕشی ئێستا و ئۆتۆپیای سەرمایەداریی میللی و سەربەخۆ بکەین، پێویستە هەڵوێستی خۆ بەرانبەر بەو دەستەواژە بنچینەییانە ڕۆشن بکەینەوە کە تێگەیشتنی غەیرە مارکسیستی لێیان، بناغەی هەموو ئەو لادانانەیە کە لە بزووتنەوەی ئێمەدا باون. کەواتە، دەبێ ئێمەش لە سەرمایە، سەرمایەداری و ئیمپریالیزمەوە دەست پێ بکەین و پێش هەموو شتێک سەرخەتی بۆچوون و تێگەیشتنی مارکسیست_ لێنینستی لەو دەستەواژانە بەبیر بخەینەوە. بە تایبەت بە بڕوای ئێمە دەکرێ پرتووکاوی و پەککەوتوویی بیروباوەڕی لایەنگرانی "بۆرژوازیی میللی" (وە یان تێکەولێکەی فیکری ئەو کەسانەی کە لێبڕاوانە سنووری نێوان خۆیان و ئەم بۆچوونە بۆرژواییە دیاری ناکەن) هەر لێرە لە باسی دەستەواژە بنچینەییەکاندا، وە بە پەردەلادان لەسەر ئەو مەسەلەیە کە دەزگا و ئامرازەکانی لێکدانەوە و لێکۆڵینەوەیان هەر فرێ بەسەر مارکسیزمەوە نییە، تا ڕادەیەکی زۆر بخەینە بەرچاو. کەواتە، یەکەمین پرسیار کە وەبیرخستنەوەی وەڵامەکەیمان بە ئەرکی سەرشانی خۆمان داناوە ئەوەیە کە: "سەرمایە چییە و نیزامی

سەرمایەداری کامەیە؟ ئاشکرایە کە وەڵامی ئەم پرسیارە بە شێوەیەکی هەرە ڕۆشن و تێر و تەسەل، لە بەرهەمە کلاسیکییەکانی مارکس، ئەنگڵس و لێنیندا هەیە و وا لە بەردەستی بزووتنەوەی کۆمۆنیستیی ئێراندایە، وە ئەرکی ئێمە دووپاتکردنەوەی نییە، ئەو شتەی کە بە تایبەتی ئەرکی ئێمەیە، بریتییە لەوەی کە یەکەم: خۆمان بەم دەسکەوتانە تەیار کەین، وە دووەم: نیشانیشی بدەین کە چۆن ئەو بۆچوونە لادەرانانەی کە باون، تەنیا بە شێواندن و پێشێلکردن و پەردەپۆشکردنی سەرەتاکانی مارکسیزم لێنینیزم توانیویانە خۆیان بە پێوە ڕابگرن.

## 1) بەرهەمهێنانی سەرمایەداری وەک یەکانگیربوونی پرۆسەی بەرهەمهێنان و پرۆسەی زۆرکردنی بایی (بەرهەمهێنانی زێدەبایی)

سەرمایەداری چییە و چۆن لە باقی نیزامەکانی بەرهەمهێنان جیا دەکرێتەوە؟ مارکس بەرهەمهێنانی سەرمایەداری بە "یەکانگیربوونی پرۆسەی بەرهەمهێنان و پرۆسەی زیادکردنی بایی (بەرهەمهێنانی زێدەبایی)" دەزانێ. بۆ ناسینی جەوهەری نیزامی سەرمایەداری، دەبێ هێندێک لەو گوتەیەی مارکس وردبینەوە و زیاتر تێی فکرین.

بەرهەمهێنانی کۆمەڵایەتی پێشمەرجی بوونی هەموو کۆمەڵگایەکە و ژێرخانی بنچینەییەتی. لایەنی هاوبەشی هەموو شێوازەکانی بەرهەمهێنانی کۆمەڵایەتی، بە درێژایی مێژووی ئینسان، هەمان پرۆسەی فیزیکیی کارە: پرۆسەیەک کە تێیدا ئینسان بە یارمەتی ئامرازەکانی خۆی، کار دەکاتە سەر سرووشت، شکڵ و شێوەکەی دەگۆڕێ و ئەو شتانەی کە پێویستی پێیان هەیە، لە دەروونی سرووشتەوە دەردێنێ. "کار بەر لە هەموو شتێک پرۆسەیەکە لە



نێوان ئینسان و سرووشتدا، پرۆسەیەک کە تێیدا ئینسان بە هەڵسووڕانی خۆی، لە میتابۆلیزمی نێوان خۆی و سرووشتدا دەخاڵەت دەکا، ڕێکوپێکی دەکا و دەیهێنێتە ژێر چاودێری و دەسەڵاتی خۆی. "(بەرگی یەکەم، لاپەڕەی 173). پرۆسەی کار، ڕێک هەر لەبەر ئەوەی لایەنی هاوبەشی هەموو شێوازەکانی بەرهەمهێنانی کۆمەڵایەتییە، لە شکڵە دیاریکراوەکانی پەیوەندییەکانی بەرهەمهێنان لە هەموو قۆناغە دیاریکراوەکانی پرۆسەی مێژووی ئینسان جیایە. بە وتەیەکی تر، لە ناخی هەموو نیزامە کۆمەڵایەتییەکاندا، پرۆسەی کار، پرۆسەیەکی هاوبەشە. "تازەترین و کۆنترین قۆناغە کۆمەڵایەتییەکان، لە دەستەواژەیەکی دیاریکراودا کە بەبێ ئەوان بەرهەمهێنان ئیمکانی نییە، هاوبەشن". (گروندریس، لاپەڕەی 85). ماکە بنچینەییەکانی پرۆسەی کار، کە جیاواز لە شێوازی پەیوەندییەکانی بەرهەمهێنان و پلەی گەشەی هێزە بەرهەمهێنەرەکان لە هەر کۆمەڵگایەکدا بنەما و بناغەی بەرهەمهێنانی کۆمەڵایەتی پێک دێنن، بریتین لە: 1) کار 2) ئەو شتە یان ئەو بابەتەی کە کاری لەسەر دەکرێ 3) ئامرازەکانی کار. "کەواتە، لە پرۆسەی کاردا، هەڵسووڕانی ئینسان بەهۆی ئامرازەکانی کارەوە، دەبێتە هۆی پێکهاتنی ئاڵوگۆڕ لە بابەتی کارەکەدا یانی، هەر ئەو شتەی کە لە سەرەتاوە مەبەست بووە. پرۆسەی کار لە بەرهەمدا بە ئاکامی خۆی دەگا. کار لە ئاکامی پرۆسەی خۆیدا بایی مەسرەف (consumption value) بەرهەم دێنێ، یانی هەندێک کەرەستەی خاو بە ئاڵوگۆڕێک کە بەسەر شکڵەکەیان دەهێنرێ، وایان لێ دەکرێ بۆ ئەوە بشێن کە پێداویستییەکانی مرۆڤ دابین بکەن." (بەرگی یەکەم، لاپەڕەی 177). "ئەگەر پرۆسەی کار لە ڕوانگەی ئاکامە نیهاییەکەیەوە چاو لێ بکەین، دیارە هەم ئامرازی کار و هەم بابەتی

کار (مەوزووعی کار) هەردووکیان ئەجزای هۆیەکانی بەرهەمهێنانن، وە خودی کار، کاری بەرهەمهێنەرە". (هەمان سەرچاوە، لاپەڕەی 176).

بە کورتی، پرۆسەی کار و بەرهەمهێنانی بایی مەسرەف بەهۆی پرۆسەی کارەوە، پێشمەرجی بوونی ئینسان و هەموو نیزامێکی کۆمەڵایەتییە. ئەم پرۆسەیە دەتوانێ لە باری مەیدانی پەرەسەندن و شکڵی عەمەلیی خۆیەوە، لە قۆناغە جۆراوجۆرەکانی پەرەسەندنی مێژوویی کۆمەڵگاکاندا، لایەنی جۆراوجۆری هەبێ، بەڵام لەپشت ئەم لایەن و شکڵە جۆراوجۆرانەوە، بوونی دوو هۆی سەرەکی یانی، کار و ئامرازەکانی کار، مەرجی هەرە پێویست و حاشا هەڵنەگرن. پرۆسەی کار و بەرانبەرکێی هۆیەکانی ناوخۆی ئەم پرۆسەیە (واتە کار و ئامرازەکانی کار)، بناغەی فیزیکی و ماددی هەموو نیزامێکی بەرهەمهێنانە و مارکس پێی دەڵێ: "هەلومەرجە گشتییەکانی هەر جۆرە بەرهەمهێنانێک" (وە هەر بەم پێیەش، مەرجی سەرەکیی وجوودی هەموو کۆمەڵگایەک)

بەڵام ناسینی ئەم "هەلومەرجە گشتییانە"، یانی تێگەیشتن لە پێویستبوونی وجوودی پرۆسەی کار و ئەو جێوشوێنە تەوەری و سەرەکییەی کە ئەم پرۆسەیە لە هەموو نیزامێکی کۆمەڵایەتیدا هەیەتی، خۆی لە هەمان کاتدا، کە بۆ ناسینی یاسای حەرەکەتی کۆمەڵگاکان ئوسوولێترین خاڵی دەستپێکردنە بۆ ناسینی ئەو یاسایانە بەس نین. هێنانەگۆڕی ڕەوتی پەرەسەندنی مێژوو، وە دینامیزمی ناوخۆی حەرەکەتەکەی، وە جەخت لەسەر ئەو مەسەلەیە کە پەیوەندییەکانی کۆمەڵایەتی لەم ڕەوتی پەرەسەندنەدا، شکڵ و شێوەی جۆراوجۆر دەگرنە خۆ، وە لە هەر قۆناغێکی دیاریکراودا یاسای بزاوتی سەربەخۆیان هەیە، یەکێک لە دەسکەوتە



بنەڕەتییەکانی ماتەریالیزمی مێژووییە. مارکسیزم بە پێچەوانەی هەموو ئایدیۆلۆژییە بۆرژواییەکان، کە پەیوەندییەکانی سەرمایەداری بە ئەزەلی و ئەبەدی دەزانن، ڕێک پەنجە دەخاتە سەر ئەو مەسەلەیە، کە ئەم پەیوەندییە تایبەتی قۆناغێکی مێژوویی دیاریکراوە، لە هەلومەرجێکی دیاریکراودا پەیدا دەبێ، حەرەکەت دەکا و بەرەو فەوتان و تێداچوون دەچێ و هەر لەم ڕوانگەیەوە لێکی دەداتەوە، دیارە کە لێکدانەوەیەکی لەم چەشنە، ناتوانێ تەنیا لەسەر بنچینەی ناسینی "هەلومەرجی گشتیی بەرهەمهێنان" دامەزرێ، چونکە قسە لەسەر یاسا سەربەخۆکانی بزاوتی کۆمەڵ لە چەند قۆناغێکی دیاریکراوی مێژووییدایە، وە "ئەم بەناو هەلومەرجی گشتیی بەرهەمهێنانە، جگە لە دەستەواژەی موجەڕەد کە هیچ کام لە قۆناغە مێژووییە ڕاستەقینەکانی بەرهەمهێنان دیاری ناکا، هیچی تر نییە". (گروندریس لاپەڕەی 88، تەئکید هی مارکسە). کەواتە، "هەر کاتێک باسی بەرهەمهێنان دەکەین، هەمیشە مەبەستمان بەرهەمهێنانە لە قۆناغێکی تایبەتیی پەرەسەندنی کۆمەڵایەتیدا ... بەرهەمهێنان بە گشتی خۆی تەجریدێکە، بەڵام تا ئەو جێگایەی کە لایەنە هاوبەشەکان دیاری دەکا و جەختیان لەسەر دەکا و لە دووپاتبوونەوە بەرگری دەکا، تەجریدێکی گونجاو و مەنتیقییە". (هەمان سەرچاوە، لاپەڕە 85). ئەوەی ئێمە دەمانەوێ بیزانین، بریتییە لە یاساکانی بزاوتی نیزامی بەرهەمهێنانی سەرمایەداری وەکوو نیزامێکی بەرهەمهێنانی دیاریکراو، قۆناغێکی مێژوویی تایبەتی، وە ئاشکرایە کە بۆ ئەم مەبەستە، ناتوانین لێکۆڵینەوەی "هەلومەرجی گشتیی بەرهەمهێنان" (پرۆسەی کار) کە لایەنی هاوبەشی نیزامی سەرمایەداری و باقی نیزامە کۆمەڵایەتییەکانە، بە دەستەوە بگرین. بە پێچەوانەوە، دەبێ ڕێک بە شوێن ناسین و

لێکۆڵینەوەی ئەو پەیوەندییە لە بەرهەمهێناندا بچین کە شێوازی بەرهەمهێنانی سەرمایەداری لە باقی شێوازەکانی بەرهەمهێنانی کۆمەڵایەتی، کە هەموویان لە بوونی پرۆسەی کار و بەرهەمهێنانی بایی مەسرەفدا هاوبەشن، جیا دەکاتەوە. با بزانین پێکنەرەکان و پەیوەندییە تایبەتەکانی بەرهەمهێنانی سەرمایەداری کامانەن؟

بینیمان کە لێکۆڵینەوەی بەرهەمهێنان لە خودی خۆیدا، بەبێ لەبەرچاوگرتنی پەیوەندییەکانی دیاریکراوی بەرهەمهێنان، هەر چەندیش بە ناخی پەیوەندییەکانی کار و ئامرازەکانی کاردا رۆچین و لێی ورد بینەوە، خۆی لە خۆیدا وەڵامی ئەم پرسیارەی ئێمە ناداتەوە، هەر بەم جۆرەش، هەڵە و بەلارێداچوونە ئەگەر دەستەواژەی "چەوسانەوە" بە شێوەیەکی موجەرەد بدەینە بەر لێکۆڵینەوە. هەر وەک چۆن پرۆسەی کار، پێشمەرجی گشتی هەموو نیزامێکی بەرهەمهێنانە، بوونی زێدەبەرهەمیش (بەرهەمێکی زیاتر لە پێویستییەکانی ژیان و سازکردنەوەی ئامرازەکانی بەرهەمهێنان) مەرجی پێویستە بۆ بوونی هەموو کۆمەڵگا چینایەتییەکان. گەشەکردنی هێزە بەرهەمهێنەرەکان لەناو جەرگەی کۆمەڵگا کۆمۆنییە سەرەتاییەکاندا، وە زێدەبەرهەمهێنانی، مەرجی پێویستە بۆ پەیدابوونی چینە کۆمەڵایەتییەکان، چونکە بەبێ ئەم زێدەبەرهەمە هەر ناکرێ بەرهەمی کاری چینێک لە کۆمەڵ، لە لایەن چینێکی ترەوە دەستی بەسەردا بگیرێ (چەوسانەوە). کەواتە، بوونی زێدەبەرهەم، دەتوانێ تەنیا یەکێک لە فاکتەرە سەرەکییەکانی جیاوازیی نێوان کۆمەڵگا چینایەتییەکان و کۆمۆنی سەرەتایی بێ. وە دیسانیش، رێک هەر لەبەر ئەوەی کە ئەمە لایەنی هاوبەشی هەموو کۆمەڵگا چینایەتییەکانە، ناتوانێ چۆنیەتی پەیوەندییە ئابووری و سیاسییەکانی چینەکان لە قۆناغی دیاریکراو و جۆراوجۆری



پەرەسەندنی مێژووی کۆمەڵگاکاندا بەیان بکا، وە یان یاسا ئابوورییە سەربەخۆکانی بزاوتی هەر قۆناغێک لە قۆناغەکانی تر جیا بکاتەوە. چەوسانەوە بە گشتی (زەوتکرانی زێدەبەرهەمی بەرهەمهێنەران لە لایەن چینی دەسەڵاتدار، وە یان چینە دەسەڵاتدارەکانەوە)، نیزامە چینایەتییە جۆراوجۆرەکان لە یەکتر جیا ناکاتەوە. ئەو خانە دەست رۆیشتووەی کە سەرانە دەستێنێ، ئەو مەلایەی زەکات و سەرفیترە وەردەگرێ، ئەو دەرەبەگەی نیوەیی و دە و دوو دەبا، ئەو سەرمایەدارەی قازانج دەرفێنێ و ئەو سەلەمخۆرەی سەلەم دەخوا، هەریەکەی بەشێک لە بەرهەمی کاری کۆمەڵایەتی کە خۆیان هیچ دەورێکیان لە پرۆسەی بەرهەمهێنانیدا نەبووە، دەبەن. هەر بەم جۆرەش ئەو کۆیلەیەی کە خۆی بۆ خاوەنەکەی دەپڕووکێنێ، ئەو رەعیەتەی کە بێگاری دەکا و ئەو کرێکارەی کە هێزی کاری خۆی "ئازادانە" لە بازاڕدا بە سەرمایەدار دەفرۆشێ، هەموویان، سەرەڕای ئەوەی بەرهەمهێنەرانی سامانی کۆمەڵن، هەر ئەو لانی کەم بژێوەیان پێ دەبڕێ کە لە هەر قۆناغێکی دیاریکراو لە کۆمەڵدا، بە ئاشکرا یان لە پەناوە بە رەسمی دەناسرێ، وە لەمە زیاتر بەشیان بەسەر هیچی ترەوە نییە. کەواتە، جیاوازیی قۆناغە جۆراوجۆرە کۆمەڵایەتییەکان لە مێژووی کۆمەڵگا چینایەتییەکاندا، لە بوون وە یان نەبوونی چەوساندنەوە و مشەخۆریدا نییە، بەڵکوو لەو پەیوەندی و قانوونمەندییە تایبەتە ئابوورییەدایە کە چەوساندنەوە و مشەخۆری لە هەر قۆناغێکی دیاریکراودا، لە چوارچێوەی دیاریکراو و سەربەخۆیدا شکڵ دەگرێ. مارکس فاکتەری سەرەکیی جیاوازی نێوان کۆمەڵگا چینایەتییە جۆراوجۆرەکان بە کورتی بەم جۆرە دەخاتە روو: "ئەوەی فۆرماسیۆنە ئابوورییە جۆراوجۆرەکانی کۆمەڵگاکان لێک جیا دەکاتەوە ... شکڵێکە کە تێیدا ئەم کارە زیادییە

له بەرهەمهێنەری ڕاستەوخۆ_ کرێکار (بە مانا گشتییەکەی) دەکێشرێتەوە (بەرگی یەکەم، لاپەڕەی 209). کەواتە، ئەوەی سەرمایەداری دەکاتە سەرمایەداری، ئەوە نییە کە ئەم نیزامە، نیزامێکی بەرهەمهێنانە و تێیدا ئینسان بە یارمەتی ئامرازەکانی بەرهەمهێنان، بایی مەسرەف دروست دەکا، چونکە ئەمە خەسڵەتی هەموو کۆمەڵگاکانی ئینسانییە: دیسانیش، سەرمایەداری بەم فاکتەرە جیا ناکرێتەوە کە لەم نیزامەدا، لە بەرهەمهێنەران_ کرێکاران (بە مانا گشتییەکەی)_ زێدەکار دەکێشرێتەوە و زێدەبەرهەم دەچێتە گیرفانی ئەو کەسانەوە کە خاوەنی ئامرازەکانی بەرهەمهێنانن، چونکە ئەمەش خەسڵەتی هاوبەشی هەموو نیزامە کۆمەڵایەتییە چینایەتییەکانە. ئەو شتەی کە جەوهەرێکی جیاواز و یاسایەکی سەربەخۆ بە سەرمایەداری دەدا، شێوەیەکە کە هەر تایبەت بە خۆیەتی و بەپێی ئەم شێوەیە، زێدەبەرهەم لەم نیزامەدا، لە لایەن ئەو کەسانەوە کە خاوەنی ئامرازەکانی بەرهەمهێنانن، دەستی بەسەردا دەگیرێ. ئەم شکڵ و شێوەیە جگە لە بەرهەمهێنانی زێدەبایی هیچی تر نییە. بەرهەمهێنانی سەرمایەداری، نیزامێکە کە تێیدا "پەیوەندیی سەرمایە" یانی، "پرۆسەی بەرهەمهێنانی زێدەبایی" بەسەر بەرهەمهێنانی کۆمەڵایەتیدا زاڵ دەبێ و پرۆسەی کۆمەڵایەتیی کار لە چوارچێوەی پەرەسەندنی سەرمایە (بەرهەمهێنانی زێدەبایی)دا دەبەسترێتەوە. پێش ئەوەی بچینە سەر باسی هەلومەرجی زاڵبوونی سەرمایە بەسەر بەرهەمهێنانی کۆمەڵایەتیدا، پێویستە هەندێک لە خودی "پەیوەندیی سەرمایە" یانی، پرۆسەی بەرهەمهێنانی زێدەبایی ورد بینەوە:

ئەوەی کە زێدەبەرهەم وەک زێدەبایی خۆی بنوێنێ، بەر لە هەموو شتێک پێویستی بەوە هەیە کە بەرهەمەکانی پرۆسەی کار (پرۆسەی



بەرهەمهێنان) وێڕای بایی مەسرەف، باییشیان هەبێ، واتە بووبن بە کاڵا. بەم جۆرە، هەم لە ڕوانگەی شیکارییەوە، هەم لە باری گەشە و پەرەسەندنی مێژوویی دەستەواژە و دیاردە و پەیوەندییە ئابوورییەکانەوە، بوونی کاڵا دەکەوێتە پێش سەرمایەوە(2). بەرهەمهێنانی سەرمایەداری، شێوازی گەشەکردوو و پەرەسەندووی بەرهەمهێنانی کاڵاییە. بەرهەمهێنانی کاڵایی کە تێیدا بەرهەمهێنەرانی سەربەخۆ کە خاوەنی ئامرازی کاری خۆیانن (وە یان بازرگانەکان)، بەرهەمی خۆیان (وە یان زێدەبەرهەمی بەرهەمهێنەرانی تر) لە بازاڕدا دەگۆڕنەوە، خۆی ڕیشەیەکی مێژوویی هەیە. ئەم شێوازەی بەرهەمهێنان، لە پاڵ نیزامەکانی بەرهەمهێنانی پێش سەرمایەداریدا، گەشە دەکا و بەرەبەرە گەرای ئەو ئۆرگان و پەیوەندییە ئابوورییانە کە لە دواییدا لە نیزامی سەرمایەداریدا دەبنە تەوەری سەرەکیی پەیوەندییەکانی حاکم_ وەک پارە، بازاڕ، جیابوونەوەی مانیفاکتۆر لە کشتوکاڵ، پەرەی بازرگانی ..._ دروست دەکا. هەر لە سەرەتاوە لە چوارچێوەی بەرهەمهێنانی کاڵاییدایە کە بەرهەمەکانی پرۆسەی کار جگە لە بایی مەسرەف، پێکنەری باییشیان تێدایە، کاڵا یەکانگیربوونی بایی مەسرەف و باییە، وە بەرهەمهێنانی کاڵا، "یەکانگیربوونی پرۆسەی کار و پرۆسەی بەرهەمهێنانی باییە". بەڵام لە بەرهەمهێنانی کاڵاوە هەتا بەرهەمهێنانی سەرمایەداری، چ لە ڕوانگەی شیکارییەوە و چ لە باری پەرەسەندنی مێژووییەوە، ڕێگایەکی دوورودرێژە. لە ڕوانگەی شیکارییەوە، مارکس بە کورتی ئاوا باسی ئەم جیاوازییە دەکا: "پرۆسەی بەرهەمهێنان، هەر کاتێک وەک یەکانگیربوونی پرۆسەی کار و پرۆسەی بەرهەمهێنانی بایی لەبەرچاو بگیرێ، هەمان پرۆسەی بەرهەمهێنانی کاڵایە، وە هەر کاتێک وەک یەکانگیربوونی پرۆسەی کار و پرۆسەی زۆرکردنی بایی

(بەرهەمهێنانی زێدەبایی) لەبەرچاو بگیرێ، بەرهەمهێنانی سەرمایەداری، وە یان بە وتەیەکی تر، شێوازی سەرمایەداریی بەرهەمهێنانی کاڵایە." (بەرگی یەکەم، لاپەڕەی 191). لە بەرهەمهێنانی کاڵاییدا، قسە لەسەر بەرهەمهێنانی باییە و لە بەرهەمهێنانی سەرمایەداریدا، لەسەر بەرهەمهێنانی زێدەبایی. گرنگی ئەم جیاوازییە لە چیدایە؟

1) ئایا پرۆسەی بەرهەمهێنانی زێدەبایی، هەمان پرۆسەی بەرهەمهێنانی بایی نییە، کە تا ڕادەیەکی دیاریکراو فراوان کرابێتەوە؟ وە

2) ئایا بەم جۆرە، جیاوازیی نێوان بەرهەمهێنانی کاڵایی و بەرهەمهێنانی سەرمایەداری، تەنیا جیاوازییەکی چەندایەتی نییە؟

لە بابەت پرسیاری یەکەمەوە دەبێ بڵێین، کە بێگومان لە نیزامی سەرمایەداریدا وایە(3). پرۆسەی بەرهەمهێنانی زێدەبایی، هەمان پرۆسەی بەرهەمهێنانی باییە کە زیاتر لە "ڕادە"یەکی دیاریکراو پەرەی پێ درابێ، بەڵام لەو جێگایەدا کە بەرهەمهێنانی بایی لە نیزامی کاڵاییدا لەگەڵ بەرهەمهێنانی زێدەبایی_ کە تایبەتی نیزامی سەرمایەدارییە_ بەراورد بکەین، بۆمان دەردەکەوێ کە بۆ بەدیهاتنی ئەوەی دووەم (واتە بەرهەمهێنانی زێدەبایی)، بوونی هەلومەرجێکی بابەتیی دیاریکراو پێویستە، کە هەر لە بنەڕەتەوە لە نیزامی بەرهەمهێنانی کاڵاییدا نییە. تەوەرەی سەرەکی ئەم هەلومەرجە بابەتییە، بریتییە لە بەکاڵابوونی هێزی کار. بۆ ئەوەی زێدەبەرهەم وەکوو زێدەبایی خۆی بنوێنێ، هەر ئەوەندە بەس نییە کە بەرهەمەکانی پرۆسەی کار وێڕای ئەوەی بایی مەسرەفن، باییش بن (واتە ببن بە کاڵا)، بەڵکوو دەبێ "هەلومەرجی گشتیی بەرهەمهێنان" (کار و ئامرازەکانی بەرهەمهێنان)یش ببن بە کاڵا. بۆ ئەوەی



پرۆسەی کار ببێتە پرۆسەی ڕووبەڕووبوونەوە و کار و کارتێکردنی دوو جۆرە کاڵا، وە لەم ڕێگایەوە هۆیە سەرەتاییەکانی پرۆسەی کار بتوانن باییان ببێ. ئامرازەکانی کار، هەر لە هەمان بەرهەمهێنانی کاڵاییشدا، بۆ ئەوە دەبن کە تا ڕادەیەکی بەرچاو ببن بە کاڵا، بەڵام بەکاڵابوونی کار (وە یان باشترە بڵێین، هێزی کار)، وە سەرلەنوێ بەرهەمهێنانەوەی هێزی کار وەک کاڵایەک، ڕێک هەر هەمان پرۆسەیە کە مەرجی پێویستە بۆ بەرهەمهێنانی زێدەبایی، وە کرۆکی تایبەتیی نیزامی سەرمایەدارییە. هەر لێرەدایە کە لە گرنگی ناساندنی سەرمایەداری وەک "بەرهەمهێنانی کاڵاییی پەرەپێدراو" تێدەگەین، چونکە تا ئەو کاتەی "بەکاڵابوون" هێزی کاریش ئەگرێتە خۆ، بەرهەمهێنانی کاڵایی نابێتە بەرهەمهێنانی سەرمایەداری. بەم جۆرە وەڵامی پرسیاری دووەم هەر لە ئێستاوە ڕوونە. جیاوازیی نێوان بەرهەمهێنانی کاڵایی و بەرهەمهێنانی سەرمایەداری لە باری لێکدانەوە و شرۆڤەوە، بە هیچ جۆرێک جیاوازییەکی چەندایەتی نییە. سەرمایەداری هەر تەنیا نیزامێک نییە کە تێیدا بەرهەمهێنانی کاڵایی پەرەدارتر بووبێ، وە یان بۆ نموونە کاڵایەکی زیاتر بێتە بەرهەم، قسە لەسەر بەکاڵابوونی گرنگترین دیاردەی ئابووری_ واتە، هێزی کار_ و تیۆری بەرهەمهێنانی زێدەباییە. لە باری مێژووییەوە، هەر وەکوو باسمان کرد، بەرهەمهێنانی کاڵایی و بەرهەمهێنانی سەرمایەداری، مەودایەکی زۆریان لە نێواندایە و ئێستا ئیتر ئاشکرایە بۆچی وایە، گۆڕانی بەرهەمهێنانی کاڵایی بە بەرهەمهێنانی سەرمایەداری، لە گرەوی ئەو گۆڕانکارییە کۆمەڵایەتی و مێژووییەدایە کە زەمینە بۆ ئەوە پێک دێنێ، هێزی کار ببێتە کاڵا، وە دەیکاتە کاڵا. مێژووی سەرهەڵدانی سەرمایە، مێژووی سەرهەڵدانی کاری کرێگرتەیە لەنێو جەرگەی پەیوەندییەکانی دیلیهێنەری

فیۆدالییەوە. مێژووی زەوتکردنی خاوەندارێتی لە بەرهەمهێنەرانی ڕاستەوخۆ و جیابوونەوەی وەرزێران لە زەوی، هەر ئەو مێژووەیە کە بە وتەی مارکس، "لە ڕۆژژمێری ژیانی مرۆڤایەتیدا، بە پیتی ئاگر و خوێن نووسراوە" (بەرگی یەکەم، لاپەڕەی 669).
بەرانبەرکێی کاری کرێگرتە و سەرمایە، وە بەرهەمهێنانی زێدەبایی لەسەر ئەم بنچینەیە، جەوهەری "پەیوەندیی سەرمایە"یە. لەگەڵ ئەوەدا کە هێزی کار بە ڕادەیەکی بەرین لە کۆمەڵدا دەبێتە کاڵا، پەیوەندیی سەرمایە بەسەر بەرهەمهێنانی کۆمەڵایەتیدا زاڵ دەبێ. وە کاتێک سەرمایە بەسەر بەرهەمهێنانی کۆمەڵایەتیدا زاڵ بوو، یاسا ئابوورییەکانی بزاوتی کۆمەڵیش، خەسڵەتی تەواو سەرمایەدارانە دەگرنە خۆیان. دەستەواژە و پەیوەندی وەک پرۆسەی بەرهەمهێنان، کاڵا، پارە، بازاڕ و ئەم جۆرە شتانە کە لە باری شیکاری و مێژووییەوە، پێشمەرج و زەمینەی سەرهەڵدانی سەرمایە و بەرهەمهێنانی سەرمایەداری بوون، ئێستا ئیتر بە پشتئەستووری سەرمایە و بەپێی یاساکانی بزاوتی سەرمایە، مەوجودییەت پەیدا دەکەن و جێگیر دەبن. "تەنانەت ئەو دەستەواژە ئابوورییانەی کە لەگەڵ شێوازە ئابوورییەکانی پێشوو دەهاتنەوە و بۆ ئەو شێوازە ئابوورییانە لەبار بوون، لە نیزامی بەرهەمهێنانی سەرمایەداریدا خەسڵەتێکی مێژوویی تازە و تایبەت دەگرنە خۆ" (ئەنجامەکان، لاپەڕەی 950). سەرمایە داغ و مۆری خۆی بە هەموو پرۆسەی کارەوە دەنێ. پەیوەندیی نێوان ئینسان و ئامرازەکانی بەرهەمهێنان، لە "پەیوەندیی نێوان ئەو شتانەدا کە سەرمایەدار کڕیویەتی، ئەو شتانەی کە هی سەرمایەدارن" خۆ دەنوێنێ. وە پرۆسەی کار، کە پێشمەرجی بوون و مانی کۆمەڵگای ئینسانییە، تەنیا دەبێتە هۆیەکی پێویست بۆ بەرهەمهێنان و سەرلەنوێ بەرهەمهێنانەوە و



کەڵەکەکردنی سەرمایە، وە ئەمجار بەرفراوانبوون و پەرەگرتن و چۆنیەتی پرۆسەی کار، خۆی لەگەڵ پێویستییەکانی بزاوتی سەرمایە ڕێک دەخەن. بەرهەمی پرۆسەی کار یانی، بایی مەسرەف کە پێداویستییە کۆمەڵایەتی و ئینسانییەکان دابین دەکا، لێرەدا، لەبەر ئەوەی هەڵگری فیزیکیی بایی، وە نەک هەر بایی، بەڵکوو زێدەباییە، دەبێتە شتێکی گرنگ و بەرهەم دێ. "بایی مەسرەف بێگومان ئەو شتە نییە کە بەرهەمهێنانی کاڵای بە شوێندا دێ، سەرمایەداری تەنیا لەبەر ئەوە، وە تەنیا تا ئەو جێگایە بایی مەسرەف بەرهەم دێنێ، کە بایی مەسرەف هەڵگری ماددی بایی گۆڕینەوەیە. سەرمایەداریی ئێمە دوو مەبەستی هەیە: یەکەم، دەیەوێ ئەو بایی مەسرەفە بەرهەم بێنێ کە خاوەنی بایی گۆڕینەوە بێ، یانی شمەکێک بێ بۆ فرۆشتن، یانی کاڵا بێ. وە دووەم، دەیەوێ کاڵایەک بەرهەم بێنێ کە لەچاو بایی گشت ئەو کەرەستانەی کە بە بەرهەمهێنانی ئەو کاڵایە کەڵکی لێ وەرگیراوە و لە کار کراوە. یانی بایی ئامرازەکانی بەرهەمهێنان و ئەو هێزی کارەی کە بە پارەی خۆی لە بازاڕی ئازاد کڕیویەتی. باییەکی زیاتری هەبێ، مەبەستی سەرمایەدار هەر تەنیا ئەوە نییە کە بایی مەسرەف بەرهەم بێنێ، بەڵکوو مەبەستی ئەوەیە کاڵا بەرهەم بێنێ. نەک تەنیا بایی مەسرەف، بەڵکوو بایی وە دیسانیش نەک هەر بایی، بەڵکوو هەروەها زێدەبایی" (بەرگی یەکەم، لاپەڕەی 181). بەم جۆرە پرۆسەی کار لە باری مەبەست (دەستخستنی قازانج) و هەلومەرج (بەکاڵابوونی هۆیەکانی بەرهەمهێنان) و یاساکانی گەشەوە (یاساکانی کەڵەکەبوونی سەرمایە)، خەسڵەتێکی تەواو سەرمایەدارانە دەگرێتە خۆی.
بەرهەمهێنانی سەرمایەداری، "تەنانەت بەو دەستەواژە ئابوورییانەش کە لەگەڵ نیزامی پێشوو دێنەوە"، ناوەڕۆکێکی تازە دەبەخشێ.

دابەشکردنی کار، کاڵا، بازاڕ، پارە، وە بازرگانیش کە خۆیان زەمینەی هاتنە سەر دەوری نیزامی سەرمایەداری بوون، لەم سووڕی گۆڕانە ناوخۆیییە بێبەری نەبوون. کاڵا کە لە پەراوێزی نیزامەکانی بەرهەمهێنانی پێش سەرمایەداریدا بەرەنجام و دیاردەی گۆڕینەوەی بەرهەمی بەرهەمهێنەرانی سەربەخۆ، وە یان زێدەبەرهەمی خودی ئەو نیزامانە بووە، (لە نیزامی بەرهەمهێنانی سەرمایەداریدا) دەبێتە شێوازی گشتی و سەرەتایی هەموو بەرهەمەکانی کاری کۆمەڵایەتی و "خەسڵەتی تایبەتیی سەردەمی سەرمایەداری ئەوەیە کە هێزی کار لەبەر چاوی خودی کرێکار، لە شێوەی کاڵایەکدا خۆی دەنوێنێ کە هی خۆیەتی، لە ئاکامدا کارەکەی دەبێتە کاری کرێگرتە. لە لایەکی ترەوە، هەر لەو کاتەوەیە کە بەرهەمی کار بە گشتی دەبێتە کاڵا" (بەرگی یەکەم، لاپەڕەی 167).
هەر بۆئەوەی هەموو بەرهەمەکانی پرۆسەی کار شکڵی کاڵایی بە خۆوە بگرن، پێویستە سەرمایە کاردابەشکردنی تایبەتیی خۆی بەسەر بەرهەمهێناندا زاڵ بکا: "بۆ ئەوەی پێویست بێ هەموو بەرهەمێک شکڵی کاڵا بە خۆیەوە بگرێ، وە بۆ ئەوەی بۆ دەستبەسەرداگرتنی، پێویستی بەوە هەبێ کە بەرهەمەکە لە خۆ دوور کرێتەوە، پێویستە کاردابەشکردنێکی کۆمەڵایەتیی تەواو پێشکەوتوو لە گۆڕدا بێ و لە هەمان کاتدا هەر لەبەر ئەمەیە، یانی تەنیا لەسەر بنچینەی بەرهەمهێنانی سەرمایەداری، وە لەم ڕێگایەوە، لەسەر بنچینەی کاردابەشکردنی سەرمایەدارانە لە کارگاکاندایە کە هەموو بەرهەمەکان شکڵی کاڵایی دەگرنە خۆ، وە هەموو بەرهەمهێنەران هەر دەبنە بەرهەمهێنەرانی کاڵا. کەواتە، تەنیا بە سەرهەڵدانی سەرمایەدارییە کە بایی گۆڕینەوە دەبێتە هۆی



جیهانداگر و گشتیی بایی مەسرەف" (ئەنجامەکان، لاپەڕەی 951/ تەئکیدەکان هی مارکسە).
بازاڕ و بازرگانی کە تا ئەم قۆناغە لە سەر بنچینەی سووڕی کاڵاکان گەشەیان دەکرد و پەرەیان دەستاند، لەگەڵ زاڵبوونی سەرمایە دەگۆڕێن و دەبن بە هەندێک دەزگا و پەیوەندی، کە زێدەبایی لە چوارچێوەی ئەواندا بەدی دێ. سووڕی کاڵا، دەبێتە پاشکۆی سووڕی سەرمایە و گۆڕانی لە شکڵی کاڵاییەوە بۆ شکڵی پارە و بە پێچەوانەوە. پارە، کە لە ڕەوتی گەشە و پەرەگرتنی بەرهەمهێنانی کاڵایی و گۆڕینەوەدا و ڕاستەوخۆ لە پەیوەند لەگەڵ سووڕی کاڵاکاندا سەری هەڵداوە، وە وەک بەیانی سەربەخۆ و ڕوو لە دەرەوەی بایی، دەوری هۆی گۆڕینەوە، پێوانەی بایی و ئامرازی (پارە)دان دەگێڕا، لەگەڵ زاڵبوونی سەرمایە، دەورێکی تەواو تازەی گرتە خۆ. ئێستا پارە، یەکێک لە شکڵە دیاریکراوەکانی سەرمایە و "بیلقووەی سەرمایە"یە." پارە، کە خۆی تەنیا شکڵێکە لە کاڵا، تەنیا کاتێک دەبێتە سەرمایە کە هێزی کاری کرێکار بۆی بووبێ بە کاڵا" (ئەنجامەکان، لاپەڕەی 950).
بەم جۆرە، لە گەڵ بەکاڵابوونی هێزی کار، بەرهەمهێنانی کاڵایی بە ناچار، بۆ بەرهەمهێنانی سەرمایەداری دەگۆڕێت، وە بەرهەمهێنانی سەرمایەداری بەش بە حاڵی خۆی، بەرهەمهێنانی کاڵا لە هەموو لایەنەکانیدا لەسەر بنچینەیەکی تەواو جیاواز لە بەرهەمهێنانی کاڵایی سادە، وە لەسەر بنچینەی یاسا و تایبەتییەکانی خۆی دادەمەزرێنێ:
"ئەم سێ خاڵە یەکجار گرنگن:
1) بەرهەمهێنانی سەرمایەداری، یەکەمین نیزامە کە کاڵا دەکاتە شکڵی گشتیی هەموو بەرهەمەکان.

2) لەو کاتەوە کە کرێکار ئیتر خۆی بەشێک لە هەلومەرجی بەرهەمهێنان نەبێ ... بە کورتی، کاتێک کە هێزی کار بە گشتی بووبێتە کاڵا، بەرهەمهێنانی کاڵا بە ناچار دەبێتە بەرهەمهێنانی سەرمایەداری.

3) بەرهەمهێنانی سەرمایەداری بنچینەی بەرهەمهێنانی کاڵاییە تا ئەو جێگایەی کە ئەوەی دووەم (بەرهەمهێنانی کاڵایی) پێویستی بە بەرهەمهێنانی فەردی سەربەخۆ و گۆڕینەوەی کاڵاکان لەنێو خاوەنەکانیاندا هەیە، یانی تا ئەو جێگایەی کە لەسەر بنچینەی گۆڕینەوەی هاوتا (معادل)کانە، لەناو دەباو گۆڕینەوەی ڕواڵەتیی سەرمایە و هێزی کار دەبێتە گشتی" (ئەنجامەکان، لاپەڕەی 951).

بە کورتی، نیزامی سەرمایەداری بە دوو لایەنی بنچینەیی گشتی و تایبەت دیاری دەکرێ. یەکەم: لە ئاستی گشتیدا، لەپێشدا نیزامێکی بەرهەم هاوردەیە، یانی وەکوو هەموو نیزامێکی تری کۆمەڵایەتی، پرۆسەی کۆمەڵایەتیی کار و بەرهەمهێنانی بایی مەسرەف دەگرێتە بەر، دووەم: نیزامێکی چینایەتییە یانی، تێیدا وەکوو باقی نیزامە چینایەتییەکانی تر، زێدەبەرهەمێکی زیاتر لەو ئەندازەیەی کە بۆ وەڵامدانەوە بە پێداویستییەکانی بەرهەمهێنانەوەی هەلومەرجی گشتیی کار (کار و ئامرازەکانی کار) بەرهەم دێ، وە ئەم زێدەبەرهەمە لە لایەن چینێکەوە غەیری بەرهەمهێنەرانی ڕاستەوخۆ، دەستی بەسەردا دەگیرێ. سێیەم: نیزامێکی کاڵاییە، یانی بەرهەمەکانی پرۆسەی کار جگە لە بایی مەسرەف، خاوەنی پێکنەری بایی و شکڵی بایی گۆڕینەوەشن. لەم ڕوانگەیەشەوە، سەرمایەداری نیزامێکی تاقانە نییە، چونکە بوونی بایی و بایی گۆڕینەوە بەرەنجامی بەرهەمهێنانی کاڵاییشە. پێکنەری تایبەتی و هەروەها جەوهەری تایبەتیی نیزامی سەرمایەداری، بەرهەمهێنانی زێدەباییە،



کە لەسەر بنچینەی بەکاڵابوونی هێزی کار و بەرانبەرکێی کاری کرێگرتە و سەرمایە سەر هەڵدەدا. "لێرەدا پرۆسەی نەپساوەی بەرهەمهێنان هەمیشە یەکانگیربوونی بێ هەڵوەشانەوەی پرۆسەی کار و پرۆسەی زۆرکردنی باییە، ڕێک هەر بەو شێوەیەی کە کاڵا، یەک شتە و لە یەکانگیربوونی بایی مەسرەف و بایی گۆڕینەوە پێک هاتووە" (ئەنجامەکان، لاپەڕەی 952/ تەئکیدەکان هی مارکسن). بەم جۆرە بەرهەمهێنانی سەرمایەداری نیزامێکە کە تێیدا، لەگەڵ بەکاڵابوونی هێزی کار و بەرهەمهێنانەوەی بەردەوامی ئەم "کاڵا"یە، وە لە گەڵ قەرارگرتنی پرۆسەی کار لە ئەڵقەی بەرهەمهێنانەوەی سەرمایەدا، زێدەبەرهەمی پرۆسەی بەرهەمهێنان وەک زێدەبایی لە لایەن چینی چەوسێنەری سەرەکیی کۆمەڵ (سەرمایەدار)ەوە دەستی بەسەردا دەگیرێ.

بەرهەمهێنانی زێدەبایی لەسەر بنچینەی چەوساندنەوەی کاری کرێگرتە، بناغە و کرۆکی هەموو نیزامێکی سەرمایەدارییە، چ لە وڵاتی میترۆپۆڵ و چ لە وڵاتانی ژێردەستە. ڕەنگە بڵێین ئەم حوکمە بناغەیییەی مارکسیزم، ئیتر پێویستی بەوە نەبوو کە ئەو هەمووەی لە سەر بڕۆی، بەڵام ئەگەر ئەو بۆچوونانە کە بەرانبەر بە مەسەلەی "وابەستەیی" (یانی، جۆری سەرمایەداری لە وڵاتی ژێردەستەدا) باون، وە بە کورتی لە نامیلکەی یەکەمدا ئاماژەمان پێ کردن، دەورە بکەینەوە، بۆمان دەردەکەوێ کە دووپاتکردنەوە و جەختکردن لەسەر ئەم حوکمە سەرەتاییەش هەر پێویستە، چونکە ئەوەی پێش هەموو شتێک بەرچاو دەکەوێ ئەوەیە، کە لەم بۆچوونەدا ڕێک هەر ئەم حوکمە سەرەتاییەی مارکسیزم لەبیر براوەتەوە.

لە نامیلکەی یەکەمدا وتمان، ئەو بۆچوون و گوزارشتانەی کە باون، لەسەر بنەمای ئەو شکڵە کۆنکرێت و دیاریکراوانەوە ئاماژە بە

"وابەستەیی" ئێرانی ئەمڕۆ دەکەن. بە وتەیەکی تر، ئەم بۆچوونانە، وابەستەبوونی سەرمایە لە ئێراندا، لە ڕووی ئاماژەکردن بە هەندێک موشاهەدەی وەک وابەستەیی تەکنیکی (وابەستەیی بە ئامرازەکانی بەرهەمهێنانی وڵاتانی دەرەوە)، وابەستەیی پارە (وابەستەبوون بە سەرچاوەکانی پارە و ئیعتیبار(credit)ی دەرەکی)، وابەستەیی بازاڕیی (وابەستە بوون بە بازاڕی دەرەوە) و ... دەناسێندرێ. نیزامی بەرهەمهێنانیش بە پێی ئەوەی "سەرمایەدارانی وابەستە" دەسەڵاتیان بەسەر ئابووری و سیاسەتدا هەیە، پێناسە دەکرێ. ئاراستەی بزاوتی ئەم نیزامە، وابەستەبوونی هەر چی زیاتر، تاڵانی سامانی میللی، گەشەی ناڕێک و ناهاوسەنگی کاردابەشکردنی کۆمەڵایەتی، بەرهەمنەهاتنی کەلوپەلی "پێویست" و کڕین و بەرهەمهێنانی کاڵای بێ کەڵک و بەکار نەهاتوو، نەبوونی پیشەسازیی دایک و بە گشتی "غەیرە سەنعەتیبوون"، تێداچوونی کشتوکاڵ و بە کورتی نەبوونی خۆبژێوی و نەبوونی دینامیزمی سەربەخۆی گەشەکردنە. بۆرژوازی "میللی"ش هەر بە پێچەوانەکردنەوەی ئەم فاکتەرانەی سەرەوە "دادەتاشرێ". کە گوایە توێژێک لەو سەرمایەدارانەی کە کەمتر و کەمتر لە باری پارە و تەکنیک و بازاڕەوە بە دەرەوە وابەستەن و ئەگەر ئیمپریالیزمی لەخۆبایی ڕێی لێ نەگرتبان، ئێرانێکی ئاوەدان، سەربەخۆ، ڕێکوپێک، خۆبژێو و پڕ لە کاڵای "بە کەڵک"یان دروست دەکرد. دەبینین ئەو شتەی کە هەر باسی ناکرێ، بریتییە لە وابەستەبوونی پەیوەندیی بەرهەمهێنانی زێدەبایی (پەیوەندیی دوو لایەنەی کاری کرێگرتە و سەرمایە) بە کارکردی سەرمایەی مۆنۆپۆڵییەوە. هەموومان بەرهەمهێنانی زێدەباییمان وەک جەوهەری نیزامی سەرمایەداری قەبووڵە، بەڵام لە لێکدانەوەی وابەستەبوونی سەرمایەداریی ئێراندا



فەرامۆشی دەکەین و وابەستەیی سەرمایەداریی ئێران جیا لەم جەوهەرە، وە بە شێوەیەکی تر باس لێ دەکەین. هەر دەڵێی بە ئەنقەست وازمان لە سەرمایەدارییبوونی ئێران هێناوە. باسی وابەستەیی پرۆسەی کار (وابەستەیی تەکنەلۆژیک) دەکەین، باسی حەرەکەتی جوگرافیایی زێدەبەرهەم (تاڵانی سەرمایە "میللی"_یەکان) دەکەین، باسی وابەستەیی بەرهەمهێنانی کاڵایی و باسی بایی مەسرەف (مەسەلەی بەرهەمهێنان و لە دەرەوە ڕاهێنانی کاڵای "بن ئەمباری (جەڵەبی) و بێ کەڵک") دەکەین، بەڵام باسی پرۆسەی بەرهەمهێنانی زێدەبایی ناکەین. کەواتە پێویستە تەئکید بکەین کە ئەگەر باسی ئەو خاڵەی دواییمان نەکردبێ، هەر لە بنەڕەتەوە باسی وابەستەیی سەرمایەداریمان لە ئێراندا نەکردووە. " کەوایە ئەگەر بمانەوێ باسی وابەستەیی سەرمایە بکەین، دەبێ ئەم وابەستەيییە بە شێوەی موشەخەس و دیاری لەسەر بنچینەی وابەستەبوونی پەیوەندیی سەرمایە (یانی بەرانبەرکێی کاری کرێگرتە و سەرمایە_ یانی پەیوەندی نێوان چەوسانەوە و بەرهەمهێنانی زێدەبایی) بە ئیمپریالیزم، باسی لێ بکرێ و ڕوون بکرێتەوە. بە وتەیەکی تر، سەرەتا ئەم خاڵە دەبێ ڕوون بکرێتەوە کە چۆن بەرهەمهێنانی زێدەبایی لە ئێراندا وابەستەیە بە ئیمپریالیزمەوە وە پاش ناسینی جەوهەری ئەم وابەستەيییە_ وە تەنیا پاش ناسینی_ لە خۆمان بپرسین کە چۆن ئەم وابەستەيییەی جەوهەری سەرمایە هۆی پێکهێنانی شکڵە کۆنکرێتە ئابوورییەکانی دەوروبەرمان ڕوون دەکاتەوە" (ئەفسانە"، نامیلکەی یەکەم، لاپەڕەی 36).

ڕەنگە هەر لە سەرەتاوە ئەم هەڵوێستەی ئێمە بەرانبەر بە مەسەلەکە، دوو ڕەخنەی سەرەکی لێ بگیرێ. یەکەم، ڕەنگە بوترێ جەوهەر و بنچینەی وابەستەیی ناتوانێ جیاواز لەو شکڵە کۆنکرێتەی

که خۆی تێدا دەنوێنێ، وجوودی هەبی، وە بەم بۆنەیەوە لێکدانەوەیەکی هەمە لایەنە لە شکڵە کۆنکرێتەکانی وابەستەیی سەرمایەداری ئێران، خۆی لە خۆیدا جەوهەر و بنچینەی وابەستەیی پەیوەندیی سەرمایەش ڕوون دەکاتەوە. بە وتەیەکی تر، وابەستەیی پەیوەندیی بەرهەمهێنانی زێدەبایی، بە ناچار لە شکڵ و شێوەی کۆنکرێتی وەک وابەستەیی پارە و تەکنیک و بازاڕ، وە شکڵی موشەخەسی کاردابەشکردنی کۆمەڵایەتی لە بازاڕی ناوخۆدا، خۆ دەنوێنێ وە ناسینی ئەو شکڵانە دەبێتە هۆی ناسینی جەوهەری پەیوەندییەکەش ئەمە تێگەیشتنێکی ئەمپریستی (تاقیگەرانە)یە لە حوکمێکی دیالێکتیکی. ئەوە ڕاستە کە جەوهەری ناوخۆی پەیوەندییەکی کۆمەڵایەتی (بۆ نموونە بەرهەمهێنانی زێدەبایی) بە ناچار لە هەندێک شکڵ و شێوە و پەیوەندی کۆنکرێتی دیاریکراودا خۆ دەنوێنێ وە بەهۆی ئەم شکڵە کۆنکرێتانەوە نەبێ، لە هیچ ڕێگایەکی ترەوە بوونی خۆی نیشان نادا، بەڵام ئەمە قەت بەو مانایە نییە کە جەوهەری ناوخۆی پەیوەندییەکی کۆمەڵایەتی، دەکرێ تەنیا لە ڕووی کۆکراوەی هەموو ئەو شکڵە کۆنکرێتانەوە کە خۆی تێدا دەنوێنێ، بناسرێ وە یان بناسێنرێ. تیۆری بایی مارکس ئەم شێوە هەڵوێستە زۆر بە باشی ڕەت دەکاتەوە نرخ لە ڕووی بایییەوە دیاری دەکرێ و شکڵی کۆنکرێتی بایی بە ناچار لە نرخدا خۆی دەنوێنێ و خۆی دەردەخا. بەڵام ڕوونکردنەوەی چۆنیەتی وجوود و ئاڵوگۆڕی کاڵایەک لە ڕووی زانین و لێکۆڵینەوەی نرخ وە یان ڕەوتی حەرەکەتی نرخەکانەوە بەدەست نایە، بەڵکوو بایی دەبێ خۆی بەپێی دەستەواژەی کاری موجەڕەدی لە باری کۆمەڵایەتی پێویستەوە ڕوون بکرێتەوە. ئاکامی سیاسیی ئەمپریسیزم (پشت بە تاقیکردنەوە بەستن) جگە لە شوێنکەوتوویی و دەستەوەستانی و



لەدەستدانی توانای لێکدانەوە و پێشبینی هیچی تر نییە، چونکە یاسای ناوخۆی حەرەکەتی هەر دیاردەیەک، لە گۆڕانی ئەو دیاردەیە لە شکڵێکی کۆنکرێتەوە بۆ شکڵێکی تردا خۆی دەنوێنێ. وە کەسێک کە پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان لە ڕووی شکڵی خۆنواندنی ئەم پەیوەندییانەوە بناسێ، لەگەڵ هەموو گۆڕانکارییەکدا سەری لێ دەشێوی، لە بۆچوونەکانی پێشووی خۆی دەکەوێتە شک وە دەستەوئەژنۆ دادەنیشێ و چاوەڕوانی ئەوە دەبێ کەی شکڵە تازەکان "حەقیقەتی تازە"ی بۆ ڕوون بکەنەوە. ئەگەر کەسێک سەرمایەداریی وابەستەی لەگەڵ نەبوونی پیشەسازیی قورس بە یەک شت دانابێ، (کە ئەمە یەکێکە لەو بۆچوونانە کە بەسەر بزووتنەوەی کۆمۆنیستیماندا زاڵن) ئەو ڕۆژەی ئیمپریالیزم بەپێی نیاز و پێداویستییەکانی خۆی دەست بداتە پیشەسازییکردنی وڵاتی ژێردەستە، لە باری تیۆریکەوە وە لە مەیدانی سیاسەتدا بەرەو ئەوە دەچێ دەست و پێوەندە خۆوڵاتییەکانی ئەم پیشەسازییکردنە، وەک هێزی "سەربەخۆ و میللی" بناسێ و پشتیوانییان لێ بکات. وە یان ئەگەر وابەستەیی لەگەڵ "تاڵانی" سەرچاوە مەعدەنییەکان و "سامانە میللییەکان" بە نرخێکی کەم، بە یەک شت بزانێ لە قسە پووچەکانی شای بەکرێگیرا و لە مەڕ نرخی نەوت و چوونە سەری نرخی نەوت، سەری سووڕ دەمێنێ (کە بڵێی شا نەبووبێتە دژی ئیمپریالیست؟). لەگەڵ تیۆرییەکانی، تاکتیکەکانیشی لێ گوم دەبێ و بەبێ دەنگە و سەرەگێژە، ڕێگا بۆ گەشەی تیۆری سێ جیهان دەهێڵێتەوە وە یاخود هەر خۆی ڕوو دەکاتە ئەو تیۆرییە. بەبێ ناسینی بنچینە و جەوهەری واقیعییەتێک، ڕوونکردنەوەی شکڵی خۆ نواندنیشی، وە لەوەش گرنگتر ناسینی پێویستی و چۆنیەتی گۆڕانی لە شکڵێکەوە بۆ شکڵێکی تر، ئیمکانی نیە. هەموو ئەو کەسانەی کە بۆ ئەوەی

ماڵەکانیان دلوپە نەکا بەفری سەربان دەماڵن، ڕەوابوونی شێوە هەڵوێستی دیالێکتیکی بەرانبەر بە شکڵە کۆنکرێتەکانی دیاردەیەک ئیسپات دەکەن.

بەم جۆرە ڕەخنەی یەکەم کە ڕەنگە لە هەڵوێستی ئێمە بگیرێ، کە بە شێوەی بیلقووە لەو هەڵوێستانەدا تیۆریزە کراوە کە بەرانبەر بە مەسەلەی وابەستەبوون ڕەچاو کراون، خۆی نیشاندەری بۆچوونێکی ئەمپریسیستییە، بۆچوونێکە کە بە ناشێلگیری و دەستەوەستانی و داکەوتنی خۆی، ڕێگا بۆ هەموو جۆرە بیروڕای ڕیڤیژنیستی و سیاسەتی سازشکارانە دەکاتەوە و خۆی سەرەنجام وای لێ دێ خزمەتی پێ بکا.

بەڵام ڕەخنەی دووەم: ڕەنگە کەسێک بە ڕاشکاوی هەر لە سەرەتاوە دوایین قسەی خۆی بکا و بڵێ وابەستەیی پەیوەندییەکە کە لە بنەڕەتەوە لە ئاستی شکڵی پەیوەندیی سەرمایەداریدایە لە ئێراندا و هیچ پەیوەندییەکی لەگەڵ بەرهەمهێنانی زێدەبایی و دژایەتی کاری کرێگرتە و سەرمایە لە بازاڕی ناوخۆی وڵاتدا نییە. بە وتەیەکی ڕوونتر، "وابەستەیی هەر ئەوەیە کە دەیبینین و جگە لەمە هیچی تر نییە، وابەستەیی تەکنەلۆژیک و پارە و بازاڕ و هتد. ... وە مەبەستی "ئێمە" (هەڵبەت لەم "قۆناغە"دا) هەر فەوتاندنی ئەم پەیوەندییانەیە و فەوتاندنی ئەم پەیوەندییانەش نە پێویستی بە گۆڕانی پەیوەندی نێوان کار و سەرمایە هەیە و نە کاری دەکاتە سەر.

ئەگەر بە کورتی بدوێین و لاسایی شێوە بەیانی باوی ئێستا بکەینەوە، دەبێ بڵێین خەبات لە دژی وابەستەیی (وە هەر بەم پێیە خەبات لە دژی ئیمپریالیزم) خەباتێکە لەسەر بنچینەی دژایەتیی "گەل و ئیمپریالیزم" نەک لەسەر بنچینەی دژایەتی کار و سەرمایە، هێشتا وەختی چارەسەرکردنی دژایەتی کار و سەرمایە نەهاتووە".



ئەگەر لە بابەت ڕەخنەی یەکەمەوە، باسی مەیل بەرەو ڕیڤیژینیزم و سازشکاریمان کرد، لە بابەت ئەم خاڵی دووەمەوە ئیتر ڕیڤیژینیزمی تۆخ و تەواو عەیار بە جلوبەرگی تایبەتی خۆیەوە، خۆ دەنوێنێ. ئەم بۆچوونە ئاسۆی دوارۆژی شۆڕشی ئێران بەم جۆرە دەخاتە بەرچاو کە: "سەرکەوتنی ئەم شۆڕشەی ئێستا لە هەڵوەشانەوەی پەیوەندییەکانی وابەستەییدا خۆ دەنوێنێ، وە سەرمایەداریی میللی و سەربەخۆ لەسەر بنچینەی ئەم سەرکەوتنە حەرەکەتی خۆی بەرەو گەشەی هێزە بەرهەمهێنەرەکانی وڵات (کە گوایە تا ئێستا ئیمپریالیزم نەیهێشتووە گەشە بکەن) دەست پێ دەکا و ئێران دەبێتە وڵاتێکی ئاوەدان و ... جا ئەوجار نۆرەی چارەسەرکردنی دژایەتی کار و سەرمایە دێ". ئەگەر مێژەرێکی مەلایانە بنێینە سەر ئەم هەڵوێستە، بە هەمان هەڵوێستی بەناوبانگی "ئیمپریالیزم (ئەمەریکا) شەیتانی گەورەیە"، کە گوایە چووەتە پێستی بۆرژوازییەوە، دەگەین، وە ئەرکی ئێمەش هەر دەبێتە دامەزراندنی خاوەندارێتی "مەشرووع و مەرجدار"ی بۆرژوازی بەسەر ئامرازەکانی بەرهەمهێناندا و پێکهێنانی زەمینە بۆ چەوساندنەوەی "مەشرووع و مەرجدار"ی چینی کرێکار! ئیمپریالیزم لەناو بەرین، سەرمایەداری بهێڵینەوە؟! بەڵێ، ئۆتۆپیای سەرمایەداریی میللی و سەربەخۆ و دیموکرات (وە هەڵبەت مەشرووعیش) لە سەردەمی ئیمپریالیزمدا، پەیوەندییەکی بە ناچاری لەگەڵ بۆچوونی میکانیکی و بۆرژوایی بەرانبەر بە مەسەلەی وابەستەیی هەیە. ئەمە ئیتر تەنانەت ئۆتۆپیایەکی سۆسیالیستی نییە، بەڵکوو ئۆتۆپیای کاپیتالیستی مناڵە بێ ئاوەز و ڕۆمانتیکەکانی بنەماڵەی فرەخێزانی بۆرژوازییە. ئەمە ئۆتۆپیایە، چونکە لە سەردەمی ئیمپریالیزمدا، لە باڵاترین قۆناغی سەرمایەداریدا، هەر لە بنەڕەتەوە هیچ بناغەیەکی ماددی بۆ بەدیهێنانی خۆی نییە. وە

کاپیتالستییە، چونکە سەرەڕای ئەوەی لە باری ئابوورییەوە پووچەڵە، لە تیۆری و پراتیکدا، بیروڕا و درووشم و ڕێنوێنییە سیاسییەکانی بۆرژوازی لیبراڵ و گزیرەکانی تەئید دەکا و هەوڵ دەدا جارێکی تر کۆمەڵانی زەحمەتکێش لەژێر ئاڵای بۆرژوازیدا و بۆ خزمەتکردن بە بۆرژوازی کۆ کاتەوە. بیروڕای "سێ جیهانی" و "ڕێگای گەشەی ناسەرمایەداری" لە ڕاستیدا هیچی تر نییە جگە لەم کاپیتالیزمە خەیاڵییە کە لە پەردەی قسەی شێوەی سۆسیالیستییەوە پێچراوە، وە ڕێک هەر لەبەر ئەمە، لە شۆڕشی ئێستای ئێراندا، گۆپاڵێکی کاریگەرە بە دەست بۆرژوازییەوە. ئەم بیروڕا خائینانەیە، بە خراپ کەڵکوەرگرتن لەوەی کە چینی کرێکار مەیلی بیلقووەی بە ئۆردووگای سۆسیالیزم هەیە، بانگەشە عەوام فریوانەکانی بەشێک لە بۆرژوازیی ئێران، ئەو بانگەشەیانە کە خودی ئەو توێژە بڕوای پێی نییە و تەنیا وەک ئامرازێکی سیاسی_ ئایدیۆلۆژی بۆ بە سازشکێشانی شۆڕشەکەمان کەڵکی لێ وەردەگرێ، بە ڕەنگ و بەرگی "سۆسیالیستی" دەڕازێنێتەوە و دەرخواردی بزووتنەوەی کرێکاری دەدا. داکۆکی لە دەستەواژەی "بۆرژوازیی میللی و سەربەخۆ"، لە هەلومەرجێکدا کە خودی بۆرژوازیی "میللیی سەربەخۆ" بە هەزار زمان پووچەڵبوونی ئەم دەستەواژەیەی بە ئاشکرا ڕاگەیاندووە، جگە لەوەی کە بزووتنەوەی کرێکاری و کۆمۆنیستیی ئێران بەرێتە کوشتارگا، هیچ ئەنجامێکی تری نابێ.

بەم جۆرە، حەرەکەتکردن لە ڕووی لێکدانەوە و شیکردنەوەی قووڵی سەرمایەداریی وابەستە لە ئێران یانی حەرەکەتکردن لە ڕووی ناسینی وابەستەیی پرۆسەی بەرهەمهێنانی زێدەبایی و پێداویستییەکانی لەم نیزامەدا، (وە بە وتەیەکی تر، یانی حەرەکەتکردن لە ڕووی دژایەتی کار و سەرمایەوە) بە بڕوای ئێمە



تەوەری ناسینی جەوهەری شۆڕشی ئێستا و دیاریکردنی سنووری نێوان هێزەکانی شۆڕش و دژی شۆڕش وە بناغەی بەدەستەوەگرتنی سیاسەتی سەربەخۆی پرۆلیتێری و وەلانانی بۆچوون و بیروڕا لادەرانە و ڕیڤیژنیستییەکانە.

ئێستا ئەگەر لەسەر ئەوە بیروڕامان یەک بێ کە بۆ لێکدانەوەی سەرمایەداریی ئێران و وابەستەبوونی ئەو سەرمایەدارییە پێویستە لە پەیوەندیی دوولایەنەی کاری کرێگرتە و سەرمایە لە ئاستی بەرهەمهێنانی زێدەباییەوە دەست پێ بکەین، پرسیارێکی سەرەکی دێتە گۆڕێ کە حەرەکەت بەرەو وەڵامدانەوە بەم پرسیارە، چوارچێوەی باقیی بابەتەکانی ئەم نامیلکەیە و دوو نامیلکەکەی دواتر، دیاری دەکا. ئەو پرسیارە سەرەکییە ئەمەیە: ئەگەر پێویستە لە جەوهەری "پەیوەندیی سەرمایە" لە نیزامی بەرهەمهێنانی ئێرانەوە دەست پێ بکەین و پاشان شکڵە کۆنکرێتەکانی خۆ نواندنی ئەم "پەیوەندیی سەرمایەیە" ڕوون بکەینەوە، ئەو چەمک و دەستەواژە و پەیوەندییە ئابوورییانەی کە دەبێ وەک ئامرازی تیۆریک بۆ لێکدانەوەکەمان کەڵکیان لێ وەرگرین کامانەن؟ بۆ دۆزینەوەی ئەو ئامرازە تیۆریکە، دەبێ باسەکەی خۆمان هەر لەو شوێنەوە کە بەجێمان هێشتبوو دەس پێ بکەینەوە:

وتمان ئەوە پرۆسەی بەرهەمهێنانی زێدەباییە کە دەبێ بۆ ناسینی قانوونمەندی و یاسای تایبەتیی نیزامی سەرمایەداری بدرێتە بەر لێکدانەوە. ئەمە ڕێک هەر ئەو کارەیە کە مارکس لە کتێبی سەرمایەدا دەیکا. مارکس سەرەتا بەم موشاهەدەیە دەست پێ دەکا کە کاڵا شکڵی سەرەتایی و توخمی پێکهێنەری سەروەت و سامانە لە کۆمەڵی بۆرژواییدا (سەرمایە، پەرەگرافی یەکەم) دوو پویی ناوخۆی کاڵا (بایی مەسرەف و بایی گۆڕینەوە) نیشاندەری ئەو ڕاستییەیە کە

کاڵا لە لایەکەوە ئاکامی پرۆسەی کارە (بایی مەسرەف) وە لە لایەکی ترەوە و لە هەمان کاتدا ئاکامی پرۆسەی بەرهەمهێنانی باییە (بایی گۆڕینەوەیە). بەڵام هەر وەک وتمان بەرهەمهێنانی کاڵایی و بەرهەمهێنانی سەرمایەداری یەک شت نین، چونکە لە بەرهەمهێنانی سەرمایەداریدا نەک هەر بایی، بەڵکوو زێدەباییش بەرهەم دێ. کەواتە مارکس لە کاڵا واوەتر دەچێ، وە ئەم پرسیارە سەرەکییە دێنێتە گۆڕ کە: چۆن لە نیزامی سەرمایەداریدا بەرهەمهێنان و گۆڕینەوەی هاوتای کاڵاکان دەبێتە هۆی زیادبوونی بایی (بەرهەمهێنانی زێدەبایی)؟ مارکس بۆ ڕوونکردنەوەی ئەم مەسەلەیە لە شکڵی گشتیی گۆڕانی کۆنکرێتی سەرمایەوە دەست پێ دەکا. سەرمایە لە گشتیترین شکڵدا لە ڕەوتی سووڕی خۆیدا بە شکڵی "پارە ـ کاڵا ـ پارە" (M – C – M`) خۆ دەنوێنێ. زیادبوونی بایی لەم فۆرموولەیەدا بەو جۆرە بەیان دەکرێ کە پارەی دوایی لە پارەی بەرایی زیاترە. بە وتەیەکی تر فۆرموولی گشتیی سەرمایە بەم جۆرەیە:

پارەی دوایی ـ کاڵا ـ پارەی بەرایی

M – C – M`

پارەی دوایی لە پارەی بەرایی زیاترە

M` > M

بەڵام ئەم فۆرموولە گشتییە چۆنیەتی بەرهەمهێنانی زێدەبایی، یانی ئەو ڕاستییە کە پارەی دوایی (M`) لە پارەی بەرایی (M) زیاترە،



ڕوون ناکاتەوە. مارکس بە کورتی ئەم گیروگرفتە بەم جۆرە ئەخاتە ڕوو:

گۆڕانی پارە بۆ سەرمایە، دەبێ بەپێی ئەو یاسایانەی کە بەسەر گۆڕینەوەی کاڵاکاندا زاڵن بە جۆرێک ڕوون بکرێتەوە کە خاڵی دەستپێکردنی حەرەکەتەکەی بریتی بێ لە گۆڕینەوەی هاوتاکان. جەنابی خاوەن پارە، کە هێشتا سەرمایەدارێکە لە قۆناغی ئاولەمەدا، دەبێ لە پێشدا کاڵاکان بەپێی بایی خۆیان بکڕێ و پاشان بەپێی بایی خۆیان بیانفرۆشێتەوە، وە لەگەڵ ئەمەشدا، لە دوایی پرۆسەکەدا باییەکی زیاتر لەوەی کە لە سەرەتادا بۆ دەستمایە داینابوو، لەو سووڕەدا وەچنگ بێنێ. گەشەکردنی جەنابی خاوەن پارە و بوونی بە سەرمایەدارێکی تۆخ و پڕبەپڕ، دەبێ هەم لە ناوخۆی مەیدانی سووڕەکەدا ئەنجام بگرێ و هەم لە دەرەوەی ئەم مەیدانەدا. ئەمانە مەرجی مەسەلەکەن. ئەمە گۆ و ئەم مەیدان". (بەرگی یەکە، لاپەڕەی 163)

ئەگەر لەو فۆرموولەی سەرەوە وردبینەوە، بە ڕوونی ئەو دژایەتییەمان بەرچاو دەکەوێ. فۆرموولی (M – C – M`) لە دوو ئەڵقەی (M – C: کڕین) وە (C – M`: فرۆشتن) پێک دێ. وە لە گۆڕینەوەی کاڵاکاندا کە سەرمایە دەبێ بەپێی ئەم گۆڕینەوەیە دەربهێنرێ، لە هەردووک ئەڵقەکەدا گۆڕینەوەی هاوتا ڕووی داوە(4)، بەم جۆرە سەرچاوەی زێدەبایی لە گۆڕینەوەدا نییە. لێکدانەوە (ی ئەم مەسەلەیە) بە شێوەیەکی مەنتیقی سەردەکێشێتە مەیدانی بەرهەمهێنانەوە. (بڕوانە بەرگی یەکەم، بەشی دووەم، فەسڵی شەشەم). بەڵام ئەو فۆرموولەی سەرەوە هیچ وێنەیەک لە پرۆسەی بەرهەمهێنان ناخاتە بەرچاو. پرۆسەی بەرهەمهێنان دەبێ لە نێوان دوو ئەڵقەی گۆڕینەوەدا جێبەجێ بکرێ و ئەو فۆرموولەی

سەرەوە تەواوی ئەو پرۆسەیە تەنیا لە برگەی Cدا خولاسە دەکاتەوە. ئەگەر پرۆسەی بەرهەمهێنان (پرۆسەی کار) لە فۆرموولی سەرەوەدا وردتر بخەینە بەرچاو، ئەو فۆرموولەیە ئاوای لێ دێ(5):




بە وتەیەکی تر، ئەو کالاَیانەی کە سەرمایەدار دەیان کڕێ، دوو بەشن: ئامرازەکانی بەرهەمهێنان و هێزی کار. پرۆسەی کار یانی، گۆڕینەوەی هێزی کار و ئامرازەکانی بەرهەمهێنان لێک دەدرێنەوە و لە ئەنجامدا کالاَیەکی سێیەم (`C) بەرهەم دێ، کە لە بازاڕدا دەفرۆشرێ و پارەی دوایی (`M) چنگ دەکەوێ. لە باری گۆڕینەوەی هاوتاکان لە ئەڵقە جۆراوجۆرەکاندا، ئەم فۆرموولە وردکراوەیەی سەرەوە هیچ جیاوازییەکی لەگەڵ فۆرموولەکەی پێشوودا نییە. لە ئەڵقەی (M – C)دا سەرمایەدار هەر وا هەندێک کالاَ بەپێی باییەکەیان دەکڕێ. ئەم گۆڕینەوەیە لێرەدا وردتر فۆرموولە کراوە: سەرمایەدار لە ئەڵقەی کڕیندا لە ڕاستیدا دوو گۆڕینەوە ئەنجام دەدا، ئامرازی بەرهەمهێنان دەکڕێ (M – MP) و هێزی کار (M – L). لە گۆڕینەوەی یەکەمدا هاوتای بایی ئامرازەکانی بەرهەمهێنان قەرار وایە بە خاوەنەکانیان درابێ. هەروەها ئەگەر وای دانێین هەلومەرجی ئاسایی کارکردی سەرمایە (واتە هەلومەرجی ناقەیرانی) لە گۆڕدایە، بایی هێزی کاریش وەک کرێ بە خاوەنەکەی (واتە بە کرێکار) دراوە(6). لە ئەڵقەی فرۆشتن



(`C – `M)یشدا هەر وەک فۆرموولەکەی پێشوو کالاَی بەرهەمهاتوو بەپێی باییەکەی فروشراوە. گومان لەوەدا نییە کە بۆ زانینی هۆ و چۆنیەتی زیادبوونی بایی (بەرهەمهێنانی زێدەبایی) لەو فۆرموولەیەی سەرەوەدا پێویستە لە قۆناغی P واتە، پرۆسەی کار وردبینەوە. بەڵام لێرەشدا کەموکووڕی سەرەکیی ئەم فۆرموولەیە (تا ئەو جێگایەی کە ڕوونکردنەوە و دەرخستنی سەرچاوەی زێدەبایی مەبەستە) خۆ دەنوێنێ. ئەم فۆرموولەیە سەرەڕای ئەوەی لەچاو فۆرموولی گشتیتری (`M – C – M) وێنەیەکی ڕۆشنتر لە پرۆسەی کار دەخاتە بەرچاو، هەر لەو پلەیەدا دەمێنێتەوە کە گۆڕانی دەرەوەی سەرمایە_ واتە گۆڕانی سەرمایە لە شکڵی پارەوە بۆ شکڵی بەرهەمهێنەر، وە پاشان بۆ شکڵی کالاَیی و دیسانەوە بۆ شکڵی پارە_ بەیان دەکا و هەر لەم چوارچێوەیەدا قەتیسە. لە باری شیکارییەوە، ئەم فۆرموولەیە بە قەدەر هەمان فۆرموولی ( M – C `M –) موجەڕەدە. فۆرموولە وردکراوەکەی دووەم، جێوشوێنی پرۆسەی کار لە ڕەوتی سووڕ و سەرلەنوێ بەرهەمهێنانەوەی سەرمایەدا دیاری دەکا، بەڵام پرۆسەکە تەنیا هەر لە شکڵە ماددی و فیزیکییەکەیدا، یانی هەر لەو ئاستەدا کە لە سەرەتای ئەم بەشەدا وتمان، نیشان دەدا. پرۆسەی کار لەم فۆرموولەیەدا، تەنیا ئەوە نیشان دەدا کە کرێکاران بە کەڵکوەرگرتن لە ئامرازەکانی بەرهەمهێنان و کەرەستەی خاوەکان هەندێک کالاَی تر بەرهەم دێنن و هەر لە بنەڕەتەوە بە لای ڕوونکردنەوەی ئەم خاڵەدا ناچێ کە چۆن بایی کالاَ بەرهەمهاتووەکان لە سەرجەمی بایی ئەو کالاَیانەی کە بۆ بەرهەمهێنانیان دەکار کراون، زیاترە. لێرەدا پرۆسەی کار بە مانا گشتییەکەی، بە مانای پرۆسەیەک کە لە هەموو نیزامە کۆمەڵایەتییەکاندا هاوبەشە، بە مانای پرۆسەیەک کە تێیدا بایی

مەسرەف بەرهەم دێ، دخرێتە بەرچاو. کەچی هەر وەک پێشتر وتمان، بۆ ڕوونکردنەوەی چۆنیەتی زیادبوونی بایی (بەرهەمهێنانی زێدەبایی)، دەبێ پرۆسەی کار لە ڕوانگەی بەرهەمهێنانی باییەوە بدرێتە بەر لێکۆڵینەوە، نەک لە ڕوانگەی بەرهەمهێنانی بایی مەسرەفەوە. ئەمە خەسڵەتی تایبەتیی پرۆسەی کارە لە نیزامی سەرمایەداریدا کە "هەلومەرجی گشتیی بەرهەمهێنان" (کار و ئامرازەکانی کار) تێیدا بە هۆی چەمکی بایی بەیان دەکرێن، وە هەر بۆیە بۆ نیشاندانی چۆنیەتی بەرهەمهێنانی زێدەبایی، دەبێ بە وردی بە شوێن فۆرموول، وە یان پەیوەندییەکدا بگەڕێین، کە پەیوەندیی دوو لایەنەی نێوان کار و ئامرازەکانی کار، نەک وەک پەیوەندیی نێوان هەندێک شتی جۆراوجۆر بە چۆنایەتییەکی جۆراوجۆرەوە، بەڵکوو وەک پەیوەندی نێوان چەند چەندایەتییەکی جۆراوجۆر لە یەک شت (بایی) نیشان دەدا.

کە وابوو ئاشکرایە، بۆچی مارکس بۆ ڕوونکردنەوەی جەوهەر و ناوەڕۆکی سەرمایە (زیادبوونی بایی) لە چوارچێوەی ئەو فۆرموولەیەی سەرەوە و ڕوونکردنەوەی ڕەوتی شێوەگۆڕی سەرمایەدا خۆی نابەستێتەوە (دواتر ئەوە نیشان دەدەین، کە چۆن ئەو بۆچوونە لادەرانانەی دەربارەی مەسەلەی وابەستەیی هەن، هەر بەپێی ئەم تێگەیشتنە سەرسەرەکی و ڕواڵەتییە لە سەرمایە و لەو دەستەواژە و بابەتانەی کە پەیوەندییان بە ڕەوتی سووڕەوە هەیە، بۆ مەسەلەکە دەچن). مارکس بۆ ڕوونکردنەوەی چۆنیەتی بەرهەمهێنانی زێدەبایی و گۆڕانی پارە بۆ سەرمایە، فۆرموولێکی تر دێنێتە گۆڕ، کە بە کورتی هێڵە سەرەکییەکانی تیۆریی چەوسانەوە و بۆچوونە بناغەیییەکانی مارکس لە مەڕ یاساکانی بزاوتی ئابووریی سەرمایەداری و ناکۆکییە ناوخۆیییەکانی ڕەوتی کۆمابوونی



سەرمایە بەیان دەکا. ئەم فۆرموولەیە، سەرمایە، نەک بەپێی ئەو شکڵە جۆراوجۆرانەی کە لە ڕەوتی سووڕی خۆیدا، لە حەرەکەتی دەرەوەی خۆیدا، دەیگرێتە خۆ (پارە، کاڵا، ئامرازەکانی بەرهەمهێنان)، بەڵکوو بەپێی بەشبەشبوونی ناوخۆی سەرمایە کە دەبێتە دوو بەشی سەرمایەی نەگۆڕ و گۆڕەک شی دەکاتەوە. مارکس بە دۆزینەوەی خەسڵەتی دووانەی هێزی کار (وەک کاڵایەک) نیشانی دەدا، کە لە ڕاستیدا بەشی سەرمایە یانی، ئەو سەرمایەیەی کە بۆ کڕینی هێزی کار سەرف دەکرێ، پەرە دەسێنێ و زیاد دەبێ. هێزی کار تاقە کاڵایەکە کە "بەکاربردن و دەکارکردنی، بەهای تازە بەرهەم دێنێ". ئامرازەکانی بەرهەمهێنان و کەرەستە خاوەکان، تەنیا بایی بەشی دەکارکراو و تێچوو دەخەنە سەر کاڵای کۆتایی. بەڵام کاتێک هێزی کار لە پرۆسەی بەرهەمهێناندا دەکار دەکرێ، زێدەباییەک دەست دەکەوێ، لەو باییەی کە لە هێزی کاری دەکارکراودایە زیاترە. بناغەی بەرهەمهێنانی زێدەبایی چەوسانەوەی کارە. مارکس بۆ دەرخستنی ناوەڕۆک و جەوهەری سەرمایە، ئەم فۆرموولە ناسراوەی داڕشتووە(7):

⟶

{سەرجەمی بایی W = زێدەبایی S + سەرمایەی گۆڕەک V +
سەرمایەی نەگۆڕ C } 2

بە پێچەوانەی فۆرموولەکەی پێشوو کە ئەو شکڵ و چۆنایەتییە جۆراوجۆرانەی شی دەکردەوە کە سەرمایە لە ڕەوتی سووڕی خۆیدا، دەیانگرێتە خۆ، ئەم فۆرموولەیەی سەرەوە سەرمایە بەپێی چەندایەتی بایی دەخاتە بەرچاو، بەشە جۆراوجۆرەکانی ئەم فۆرموولەیە (سەرمایەی نەگۆڕ، سەرمایەی گۆڕەک و زێدەبایی)

هەموویان تەنیا وەک چەند چەندایەتی جۆراوجۆر لە تاکە شتێکدا، یانی بایی، لە فۆرموولەکەدا خۆ دەنوێنن. ئەوەی کە ئەم بەشانە بە شێوەی چ بایییەکی مەسرەف خۆ دەنوێنن. هیچ کاریگەری لەسەر پەیوەندی نێوان ئەم بەشانەدا نییە. (هەر ئەوەندە بەسە کە بزانین ئامرازەکانی بەرهەمهێنان هۆی ماددیی سەرمایەی نەگۆڕن، وە ئامرازەکانی بەڕێچوون هۆی ماددیی سەرمایەی گۆڕەک پێک دێنن، زێدەبایی دەتوانێ لە هەر جۆرە کاڵایەکدا خۆ بنوێنێ). ئەم تەجریدە لە شکڵی کۆنکرێتی ئامرازەکانی بەرهەمهێنان، بەکاربردن و بەرهەمەکانی پرۆسەی کار، تەجریدێکی بابەتی و واقیعییە کە لە کۆمەڵی سەرمایەداریدا بەکردەوە ڕوو دەدا و بەبێ ناسینەوەی ئەم خەسڵەتە تایبەتەی کۆمەڵی سەرمایەداری، چۆنیەتی پەرەگرتنی ڕوون ناکرێتەوە. سەرمایە بریتییە لە بایییەک کە پەرە دەستێنێ و زیاد دەبێ، ئەمە جەوهەری سەرمایەیە. لە گۆڕانی پارە بۆ سەرمایەدا، ئەم پرۆسەی پەرەسەندنەی بایی، لە پارەوە دەست پی دەکا، بەڵام:

"ئەوەندە پارەیە خۆی لە خۆیدا، تەنیا کاتێک دەکرێ وەک سەرمایە پێناسە بکرێ، کە بە مەبەستی زیادبوون کەڵکی لێ وەربگیرێ و بە تایبەت بۆ زیادبوون بخرێتە کار ... کەواتە، هەر لەم بەیانە سادەیەدا، سەرمایە (یان سەرمایەی لەمەودوا)، چ وەک پارە، چ وەک بایی، هەر چی پەیوەندی بە بایی مەسرەفەوە هەیە، پچڕاوە و لەناو چووە. تەنانەت لەمەش ڕوونتر ئەوەیە، کە هەموو نیشانە نادڵخواز و بیلقووە سەرەگێژەهێنەرەکانی پرۆسەی واقیعیی کار قت دەکرێن (بەرهەمهێنانی کاڵا و ... هتد.). هەر بۆیە خەسڵەت و سیفەتی تایبەتی بەرهەمهێنانی سەرمایەداری بەم جۆرە ساکار و تەجریدی خۆ دەنوێنێ. ئەگەر سەرمایەی سەرەتایی بایییەک بێ بە



قەدەر X، ئەمە تەنیا کاتێک دەبێتە سەرمایە و بە مەبەستی خۆی دەگا کە ببێتە $X + \Delta X$ یانی ببێتە ئەوەندە پارە یان بایی کە یەکسان بێ لەگەڵ سەرجەمی پارەی هەوەڵ لەگەڵ هێندێک زیادی، بە وتەیەکی تر، کاتێک ببێتە سەرجەمی ڕادەیەکی دیاریکراو پارە و زێدەپارە، سەرجەمی ڕادەیەکی دیاریکراو بایی و زێدەبایی. کەوابوو، بەرهەمهێنانی زێدەبایی_ کە ئەو بایییە سەرەتایییەی کە پێشتریش خراوەتە گەڕ دەپارێزرێ_ وەک مەبەستێکی دیاریکراو، وەک هێزی بزوێنەر و دوایین ئاکامی بەرهەمهێنانی سەرمایەداری خۆ دەنوێنێ." (" ئەنجامەکان"، ل 976، تەئکیدەکان هی مارکسن)

بەم جۆرە مارکس، بەرانبەر بە فۆرموولی یەکەم، کە باسی گۆڕانی سەرمایەی لە باری چۆنایەتییەوە دەکرد، جەوهەری بەرهەمهێنانی سەرمایەداری و پەیوەندییەکانی سەرمایە لە باری چەندایەتییەوە، لەسەر بنچینەی پرۆسەی زیادبوونی بایی دادەڕێژێ، وە فۆرموولی دووەم، کە چۆنیەتی زیادبوونی بایی بە کورتی ڕوون دەکاتەوە، ڕێک ئەو فۆرموولەیە کە پێویستە بۆ ناسینی ڕەوتی بزاوتی سەرمایە، لەوێوە دەست پێ بکەین. مارکس پاشان لە خۆی دەپرسێ کە چۆن X دەگۆڕێ و دەبێتە $X + \Delta X$ ؟ چۆن سەرمایە پەرە دەستێنێ؟ وە لە وەڵامی ئەم پرسیارەدا، مارکس هەنگاو بە هەنگاو بە ڕوونکردنەوەی شوێنی سەرمایەی گۆڕەک لە دابەشبوونی ناوخۆی گشت سەرمایەدا، وە بە ڕوونکردنەوەی خەسڵەتی دووانەی هێزی کار، شکڵی گشتی $X + \Delta X$ بە شێوەی فۆرموولی 2، یانی (C + V + S) نیشان دەدا. مارکس پاش دەرهێنانی ئەم فۆرموولەیە، ئەم ئەنجامە بەدەستەوە دەدا:

"کەواتە، ئەو دەورە عەمەلییەی کە تایبەتی سەرمایەیە بە مانای تایبەتی وشەکە، بریتییە لە بەرهەمهێنانی زێدەبایی، کە هەر وەک

دواتر نیشانی دەدەین، جگە لە بەرهەمهێنانی زێدەکار، دەستبەسەرداگرتنی کاری بێ پاداش، لە ڕەوتی پرۆسەی واقیعیی بەرهەمهێناندا، هیچی دیکە نییە. ئەم کارە، کاری بێ پاداش، لە زێدەباییدا خۆ دەنوێنێ" (ئەنجامەکان"، لاپەڕەی 978، تەئکیدەکان هی مارکسن)

بەم جۆرە کاتێک ئێمە باسی ئەوە دەکەین کە پێویستە لە جەوهەری پەیوەندیی سەرمایەوە، وە پاشان لە ڕوونکردنەوەی شکڵە جۆراوجۆرەکانی کارکردی کۆنکریتی سەرمایە و نیزامی سەرمایەدارییەوە دەست پێ بکەین، ڕێک لەسەر پێویستیی فۆرمولی دووەم تەئکید دەکەین. ئەم فۆرموولە، فۆرموولێکە کە مارکس چەمکە بنچینەییەکانی ڕەخنەی ئابووریی خۆی بەرانبەر بە کۆمەڵی سەرمایەداری لێ دەردێنێ، پێویستە مارکسیستەکان لە یەکەمین هەنگاودا ئەو چەمکانە وەک کاریگەرترین ئامرازی تیۆریک و وەک کاریگەرترین ئامراز بۆ لێکدانەوە فێر بن و ڕەچاویان بکەن. سەبارەت بە دەستەواژەی سەرمایەی نەگۆڕ و سەرمایەی گۆڕەک وە زێدەبایی پێشتر دواین. ئێستا بە کورتی باسی ئەو دەستەواژە و پەیوەندییە بنچینەییانەی تر دەکەین کە دەکرێ دەستبەجێ لەسەر ئەم دەستەواژانەی سەرەوە دامەزرێن و بریتین لە:

1) نرخی (Ratio) چەوسانەوە (نرخی زێدەبایی) =

$$\frac{\text{زێدەبایی}}{\text{سەرمایەی گۆڕەک}}$$

2) پێکهاتەی ئۆرگانیکیی سرمایە = $\frac{\text{سەرمایەی نەگۆڕ}}{\text{سەرمایەی گۆڕەک}}$



3) نرخی قازانج = $\frac{\text{زێدەبایی}}{\text{سەرمایەی نەگۆڕ + سەرمایەی گۆڕەک}}$ =

$$\frac{\text{نرخی چەوسانەوە}}{\text{1+ پێکهاتەی ئۆرگانیک}}$$

بەم جۆرە مارکس یاسا و پەیوەندییە بنچینەییەکانی حەرەکەتی سەرمایەش لە قووڵترین ئاستی خۆیدا، هەر بەپێی ئەم فۆرموولەیە دێنێتە گۆڕ و ڕوونیان دەکاتەوە: یاسای کۆمابوون و کەڵەکەبوونی سەرمایە، یاسای مەیلی بەرەو داشکانی نرخی قازانج، دابەشبوونی تەواوی سەرمایە کۆمەڵایەتییەکان بە بەشی جۆراوجۆر (ئامرازەکانی بەرهەمهێنان، شمەکی مەسرەفی_ شمەکی پێویست و شمەکی جوانکاری) سەرلەنوێ بەرهەمهێنانەوەی بەرین و کەڵەکەکردن، نرخی بەرهەمهێنان و ناونجیبوونەوەی نرخی قازانج، کاری بەرهەمهێنەر و بەرهەم نەهێنەر و ... بە کورتی لێکدانەوەی یاسا گشتییەکانی کەڵەکەبوون و حەرەکەتی سەرمایە و ناکۆکییەکانی ناوخۆی، ئەمانە هەموویان پێش هەموو شتێک لەسەر ئەو فۆرموولەیەی سەرەوە دامەزراون کە بە کورتی چۆنیەتی بەرهەمهێنانی زێدەبایی، چۆنیەتی زیادبوونی بایی بە هۆی چەوسانەوەی کاری کرێگرتەوە بەیان دەکا.

ئێستا پێش ئەوەی بچینە سەر ئەو باسە کە ئەم دوو فۆرموولەیە لە لێکدانەوەی مەسەلەی وابەستەییدا چ شوێنێکیان هەیە: پێویستە جارێکی تر، هەردووکیان لە پاڵ یەکەوە بخەینە بەر چاو:

1) فۆرموولی یەکەم نیشاندەری ڕەوتی شێوەگۆڕی دەرەوەی سەرمایە و گۆڕانی سەرمایەیە لە شکڵێکەوە بۆ شکڵێکی تر.




هەر وەک وتمان ئەم فۆرموولەیە دیوی دەرەوەی سەرمایە نیشان دەدا، وە نیشاندەری ئەوەیە کە جەوهەر و بناغەی سەرمایە کە بریتییە لە زیادکردنی بایی بەهۆی چەوساندنەوەوە ڕوون بکاتەوە. فۆرموولی دووەم ڕێک کاکڵ و جەوهەری سەرمایە ڕوون دەکاتەوە:

سەرجەمی بایی = زێدەبایی + سەرمایەی گۆڕەک + سەرمایەی نەگۆڕ

بۆ ناسینی یاساکان و ناکۆکییەکانی حەرەکەتی سەرمایە و هەروەها بۆ ناسینی ئەو شکڵە کۆنکرێتانەی کە سەرمایە تێیاندا خۆ دەنوێنێ، پێویستە پەیوەندیی نێوان ئەم دوو فۆرموولەی سەرەوە بناسرێ و بزانرێ کە هەر کامیان لە ئاستە جۆراوجۆرەکانی لێکدانەوەی کۆمەڵی سەرمایەداریدا چ جێوشوێنێکیان هەیە. ئێستا ئەگەر ئەم دوو فۆرموولەیە لەبەرچاو بگرین، وە ئەو بۆچوونانەی کە لە مەڕ مەسەلەی وابەستەیی باو بوون وەبیر خۆمان بێنینەوە (لە نامیلکەی یەکەمدا باسی ئەم بۆچوونانەمان کرد و لەم نامیلکەیەشدا بە کورتی ئاماژەمان پێ کردن)، بۆمان دەردەکەوێ کە چ بۆچوونێکی بۆرژوایی بەسەر لێکدانەوەکانیاندا زاڵ بووە، کام فۆرموول هەوێنی ئەم لێکدانەوەیەیە؟ ئەو دەستەواژە و چەمکانەی کە ئەم جۆرە بۆچوونانە بۆ شیکردنەوەی سەرمایەداریی وابەستە پشتی پێ دەبەستن، لە کام فۆرموولەوە سەرچاوە دەگرن؟ بیگومان لە



فۆرموولی یەکەمەوە. ئەم بۆچوونانە، دەستەواژەی سەرمایە و بەرهەمهێنانی سەرمایەداری لەو جێگایەی کە دەیانەوێ مەسەلەی سەرمایەداریی وابەستە شی بکەنەوە، هەر لە چوارچێوەی ڕواڵەت و دیوی دەرەوەی سەرمایەدا، وە لە ئاستێکی هەستپێکراودا کە بە تاقیکردنەوە بینراوە، دەناسن، یانی هەر لە چوارچێوەی فۆرموولی یەکەمدا دەمێنیتەوە. چونکە لەم بۆچوونەدا پەیوەندیی نێوان کار و سەرمایە کە ناوەڕۆکی سەرەکیی فۆرموولی دووەمە، هەر باسی ناکرێ و مەسەلەی جیاکردنەوەی سەرمایەی "میللی" لە سەرمایەی "وابەستە" بە فاکتەری وەک وابەستەیی پارە، وابەستەیی تەکنیکی، جوگرافیای بازاڕی فرۆشتن و باش و خراپبوونی کالاٚی بەرهەمهاتوو (بەپێی بایی مەسرەف) سەر و بنی دەگیرێ:

1) وابەستەیی پارە: بە وتەیەکی ڕوونتر، بەو مانایەیە کە لە فۆرموولی 1دا خاوەنی پارە سەرەتاییەکە ئێرانی نییە (وە یان بۆ نموونە مۆنۆپۆڵە بێگانەکان خاوەنی ئەو پارەیەن کە خۆی دیسان پێشکەوتنێکە لە فۆرموولەکەدا). ئەم فۆرموولبەندییە کە بۆ سەرمایەداریی وابەستە کراوە، تەنانەت ئەگەر بە وردترین و ڕوونترین شێوەش بەیان بکرێ، لە ئاستی فۆرموولی یەکەم بەولاوەتر ناچێ، چونکە ئەوە کە خاوەنی پارەی سەرەتایی کوێندەرییە، بە هیچ شێوەیەک چۆنیەتی دابەشبوونی بە دوو بەشی سەرمایەی نەگۆڕ و گۆڕەک، وە چۆنیەتی چەوسانەوەی بەم پێیە و ... هتد. بەیان ناکا، وە یان تێیدا کاریگەر نییە. موهەندیس مەهدی بازرگان (کە ساڵی پار ئەم دەمانە، خۆشەویستی دڵی لایەنگرانی بۆرژوازی "میللی" بوو) دەتوانێ کارخانەی "دارشتنی کانزا"کەی بە سەرمایەداری بێگانە بفرۆشێ (یان لەوە ئاسانتر، خۆی ببێتە پاشکۆی ئەمەریکا، وە یان دیسان لەوەش ئاسانتر، ئەوە ئاشکرا بکا

که "پاشکۆی ئەمەریکا"یە) بەبێ ئەوەی فۆرموولی دووەم هیچ ئاڵوگۆڕێکی بەسەردا هاتبێ.

2) وابەستەیی تەکنیکی: دیسان ئەگەر بە بەیانێکی وردتر ئەم جۆرە وابەستەییە شی بکەینەوە، دەکاتە ئەوەی کە لە فۆرموولی 1دا لە ئەڵقەی (ئامرازەکانی بەرهەمهێنان_ پارە)دا، فرۆشیاری ئامرازەکانی بەرهەمهێنان، کۆمپانیای بێگانەیە، دیسانیش بەرتەسکییەکە لە فۆرموولی 1دایە، چونکە لە فۆرموولی 2دا هیچ نیشانەیەک لەوە بەرچاو ناکەوێ کە ئەو کاڵایانەی بە سەرمایەی نەگۆڕ کڕدراون، لە کوێ و لەژێر چاودێری و خاوەندارێتی کام شەخسی حوقووقی، وە یان حەقیقیدا بەرهەم هاتوون، وە هیچ پێوەی دیار نییە کە لە کوێوە هاتوون.

3) جوگرافیای بازاڕی فرۆشتن: بە وتەیەکی وردتر، ئەوەیە کە لە ئەڵقەی فرۆشتن (پارەی دوایی _ کاڵا) لە فۆرموولی 1دا کرێکار "بێگانە"یە. دیسانیش هیچ کام لەو دەستەواژانەی کە مارکس لە مەڕ چۆنیەتی بەرهەمهێنانی زێدەبایی لە فۆرموولی 2 دا باسیان دەکا، نەهاتوونەتە گۆڕ. ئەوەی کە سەرمایەدار کەلوپەلەکەی بە کێ دەفرۆشێ، وە یان لە کوێ دەیفرۆشێ، کار ناکاتە سەر پەیوەندیی بەرامبەریەکی سەرمایەی نەگۆڕ، سەرمایەی گۆڕەک، سەرجەمی ڕۆژکار، نرخی چەوسانەوە و ... کە پێش فرۆشتن ئەم پەیوەندییە بەکردەوە پێک هاتووە.

4) هەڵسەنگاندنی ئەخلاقی (کاسبکارانە) لە مەڕ بایی مەسرەفی کاڵای بەرهەمهاتوو: ئەو بۆچوونە کە پێی وایە سەرمایەداریی وابەستە کاڵای "خراپ" و بەکەڵکنەهاتوو"(!) و "جەڵەب و جەغڵەمە" و ناپێویست و ... بەرهەم دێنێ، بۆ نموونە، سەرمایەداریی "میللی" کاڵای "باش و بەکەڵک و پێویست و زۆر باش(!)" بەرهەم دێنێ، هەر



لەوەوە سەرچاوەی گرتووە کە لە چوارچێوەی فۆرموولی 1 دەرنەچووە. ئەم شێوە بۆچوونە بەرانبەر بە مەسەلەی وابەستەیی، کاڵای بەرهەمهاتووی (C`) لە فۆرموولی یەکەمدا، لە ڕوانگەی سەلیقەوە، وە یان لە ڕوانگەی نیاز و پێویستی مەسرەفی کاڵایەکی دیاریکراوەوە دەداتە بەر لێکۆڵینەوە (وە یان لە ڕووی مەیل و پێخۆشبوونێکی غەیرە چینایەتییەوە، کە پێیان خۆشە هێزە بەرهەمهێنەرەکان گەشە بکەن). ئەوەی کە لە پرۆسەی کاردا چ باییەکی مەسرەف بەرهەم هاتووە، بە کەڵکی چی دێ، جاچکەی مندالانە، یان ڕێئاکتۆری (Reactor) ئەتۆمی، ڕۆژنامەی "ئینقیلابی ئیسلامی"یە یان چەقۆی ئەڵقەدار و ... بە هیچ شێوەیەک ئەوە نیشان نادا کە لە بەرهەمهاتنیدا، پەیوەندیی نێوان کار و سەرمایە چی بووە، وە ئەو هەموو دەستەواژە و پەیوەندییانەی کە باسمان کردن چ دەورێکیان گێڕاوە. ئەم ڕووەی وابەستەییش، هیچ ڕێگایەک بۆ ڕوونکردنەوەی وابەستەبوونی سەرمایە، کە جەوهەرە تایبەتەکەی بریتییە لەبەرهەمهاتنی زێدەبایی ناکاتەوە.

بەم جۆرە ئەو پێکنەرە جۆراوجۆرانەی کە ئەم بۆچوونانە لە شیکردنەوەی مەسەلەی وابەستەییدا لە مەیدانی دابەشکردنی ڕواڵەتی سەرمایەدا پشتی پێ دەبەستن، ئەو پەیوەندییە حوقووقییانەی کە بەسەر شێوەکانی خۆنواندنی سەرمایەدا دێن، تایبەتییە فیزیکییەکانی کەلوپەلە بەرهەمهاتووەکان، جوگرافیای بازاڕی فرۆشتن و ... بە کورتی هەر لە چوارچێوەیەکی بەرتەسکدا دەمێنێتەوە، ئەویش بریتییە لە ناسینی ڕواڵەتی سەرمایە و وابەستەبوونی سەرمایە، وە بە داخەوە مەسەلەکەش هەر لێرەدا تەواو ناکا. ئەڵقەی گۆڕینەوەی هێزی کار_ پارە (M – L)یش سەر بە فۆرموولی یەکەمە. ئەم گۆڕینەوەیە لەسەر ئەوە تەئکید دەکات،

که پێویسته له فۆرموولی یەکەم تێپەڕ بین و بچینه فۆرموولی دووەم:

"ئەو کار و کارتێکرانەی که لەناو مەیدانی سووڕدایه و ئێمه باسمان کرد، تەنیا بریتی بوو له کڕین و فرۆشتنی هێزی کار، وەک مەرجی بنەڕەتی و بنچینەیی بەرهەمهێنانی سەرمایەداری". (بەرگی دووەم، لاپەڕەی 357)

کەواته، ئەو کەسانەی که دڵیان له لای مەیدانی گۆڕینەوە و سووڕ و شێوەکانی خونواندنی سەرمایه (لەم مەیدانەدا)یه، حەق وا بوو سەرێکیشیان لەم گۆڕینەوە دیاریکراوە بدایه. بەڵام نەخێر! دەڵێی ئەم "مارکسیستانه" به ئەنقەست له بردنی ناوی کرێکار و هێزی کار پارێز دەکەن، ئەگینا دەبوایه لەسەر بنچینەی هێزی کاریش گوزارشتێکیان بۆ مەسەلەی وابەستەیی هەبوایه ... وە یان ڕەنگه ئەو سەرمایەدارە "میللی"یەی که تیۆری "ئابووری" به بزووتنەوە کۆمۆنیستییەکەمان فرۆشتووە، بەپێی عادەتی له مێژینەی خۆی لەچەر و کەم فرۆشیشه.

بەڵام له بابەت ئەو گوزارشتەوە که وابەستەیی وەکوو تایبەتی تەواوی نیزامی سەرمایەداری له ئێران دەناسێ، له نامیلکەی یەکەمدا وتمان: "ئەو پێناسانەی که له مەڕ نیزامی سەرمایەداریی وابەستەوە دێنە گۆڕ، بەشی زۆریان پشتیان به شیکردنەوەی میکانیکی حەرەکەتە ئابوورییەکانی بۆرژوازیی وابەسته بەستووە و سەرمایەداریی وابەسته" له ڕاستیدا وەک "نیزامی بەرهەمهێنانی ژێر دەسەڵاتی سەرمایەدارانی وابەسته "لەقەڵەم دەدرێ". (لاپەڕەی 16)، وە هەروەها وتمان، که لەم گوزارشتانەدا، وابەستەبوونی گشت نیزامی سەرمایەداری بەبێ ئەوەی هیچ ئاماژەیەک به دەستەواژەی گشت سەرمایەی کۆمەڵایەتی و یاسا گشتییەکانی حەرەکەتی



سەرمایه بکرێ، ڕوون دەکرێتەوە. له ڕاستیدا کەسێک که تێگەیشتنی خۆی له سەرمایه به شێوەیەکی تەواو ئەتۆمیستی لەسەر بنچینەی فۆرموولی 1، یانی ئەو فۆرموولەی که ڕواڵەتی سەرمایه له سووڕی خۆیدا دەردەخا دامەزراندووە، جگه لەوەی که به شێوەیەکی میکانیکی پشت به موشاهەداتی خۆی ببەستێ، هیچی تری له دەست نایه. ئێستا ئەم خاڵە به ڕوونی دەردەکەوێ. لەو گوزارشتانەدا که باون، وابەستەبوونی گشت نیزامی سەرمایەداریی ئێران به سەرچاوەکانی پاره و ئیعتیبار (Credit)ی دەرەکی ڕەنگدانەوەی ئەوەیه که سەرمایەی پارەی بەشێکی زۆر له سەرمایەداران بەم سەرچاوانەوە وابەستەیه، وابەستەیی تەکنەلۆژیک و بازاڕیش هەر بەم جۆرە. به کورتی، هەر کاتێک بەشی زۆر له سەرمایەداران، بەشی زۆری سەرمایەکانی وڵات بۆ بەرهەمهێنانی ئەو کەلوپەلانه بخەنه کار که بەشی زۆریان بۆ بازاڕی دەرەوە نەک بۆ وەڵامدانەوەی پێویستییەکانی "میللەتی ئێران" بەرهەم هێنراون، وە بۆ بەرهەمهێنانی ئەو کەلوپەلانەش بەشی زۆری ئەو سەرمایەیەش بۆ کڕینی ئامرازەکانی بەرهەمهێنان له دەرەوە خرابێته کار، جا ئەو کاته ئیتر ئەوە نیزامی سەرمایەداریی وابەستەیه! به وتەیەکی تر، بەپێی ئەم گوزارشتانه، هەر کاتێک له فۆرموولی 1دا حەرەکەتی هەموو سەرمایەداران لەبەرچاو بگرین، ئەڵقەکانی گۆڕینەوەی "وابەسته" هێزیان به ئەڵقەکانی گۆڕینەوەی "سەربەخۆ" دەشکێ، ئەو سەرمایەدارانەی که سەرمایه پارەییەکەیان وابەستەیه، ئامرازەکانی بەرهەمهێنان له دەرەوە دەکڕن و کاڵایەک بەرهەم دێنن که دەرەوە پێویستی پێی هەیه و له بازاڕی دەرەوەدا دەیفرۆشن، دەسەڵاتیان له دەستدایه و کەوایه بەپێی دەسەڵاتدارەتی ئەم سەرمایەدارانه هەموو نیزامی

بەرهەمهێنان بە وابەستە دەناسرێ. لەو تەعبیرە بۆرژواییانەدا کە لە بزووتنەوەی کۆمۆنیستیی ئێمەدا باون، جەوهەری ناسین و ناساندنی سەرمایەداریی وابەستە بریتییە لەوە، کە بە هەڵسەنگاندن و سەنگ و سووککردنی ژمارە و گەورە و بچووکی ئەتۆمە وابەستەکان "و ئەتۆمە ناوابەستەکان"، وابەستەبوونی هەموو نیزامی بەرهەمهێنان پێناسە بکرێ.

ئەوەش کە ئەم وابەستەبییە چۆن کار دەکاتە سەر ئابووریی بازاڕی ناوخۆ، هەر لێرەدا ڕوون دەکرێتەوە: دەسەڵاتدارەتی ئەتۆمە وابەستەکان یانی، پێکهێنانی هەلومەرجی پێویست بۆ هێشتنەوە و سەرلەنوێ بەرهەمهێنانەوەی ئەم دەسەڵاتدارەتییە. کاردابەشکردنی کۆمەڵایەتی بە گوێرەی قازانج و بەرژەوەندیی سەرمایەدارانی وابەستە شکڵ دەگرێ، پیشەسازیی دایک و پیشەسازیی قورس (کە نیشانە و سیمبۆلی سەربەخۆیی تەکنیکییە)، بانکە "میللی"یەکان (پارە و ئیعتیبارە سەربەخۆکان)، بازاڕی ناوخۆی ڕێکوپێک و هاوتا و پەرەدار (بەدیهاتنی بابیی کاڵاکان بە شێوەیەکی سەربەخۆ) پێک نایەن و ...

ئەنجامی سیاسیی لۆژیکی ئەم جۆرە "لێکدانەوە ئابوورییە" ڕوون و ئاشکرایە. ئەگەر شۆڕشی دیموکراتیکی ئێران لە ناوەڕۆکی ئابووریی خۆیدا پێویست بێ سەرمایەداریی وابەستە لەناو بەرێ، ئەو کاتە بەپێی ئەم گوزارشتانە، بە شێوەیەکی ئاسایی دەبێ دەسەڵاتدارەتیی سەرمایەدارانی وابەستە (ئەم ئەتۆمە وابەستانە کە خەسڵەت و تایبەتمەندیی خۆیان بەپێی زۆربوونیان بەسەر تەواوەتی سەرمایەی کۆمەڵایەتیدا زاڵ کردووە) ژێرەوژوور بکات. سەرمایەدارانی "میللی" (ئەتۆمە سەربەخۆکان) لەم کێشەیەدا بێ تاوانن و بە دەسەڵات گەیشتنیان تەنانەت دەتوانێ هێزە بەرهەمهێنەرەکان گەشە پێ بدات،



پیشەسازیی پێویست پێک بێنێ، کاڵای پێویست و بە کەڵک بەرهەم بێنێ، سەربەخۆیی بەرهەمهێنان دابین بکات، کاردابەشکردنی کۆمەڵایەتی و لقەکانی بەرهەمهێنان لەنێو وڵاتدا پتەو و ڕێکوپێک بکا و بەم جۆرە ئیشی بەدیهاتنی کاڵا بەرهەمهاتووەکان لە بازاڕی ناوخۆدا، بەبێ ئەوەی هیچ پێویستییەکی بە بازرگانی دەرەوە هەبێ، لەسەر بناغەیەکی تەواو سەربەخۆ دامەزرێنێ و ... ئەگەر شتەکە هەر لێرەدا تەواو ببوایە، ئەمە ئیتر تیۆرییەکی ئابووریی بۆرژوایی تەواو عەیار، وە ڕێگا و شوێنێکی سیاسیی بۆرژوا_ لیبراڵی بە ئاشکرا بوو، کە بەپێی لێکدانەوەی ئابووریی خۆی، بۆرژوازیی "میللی" بە هێزی بزوێنەر و ڕابەری ئاسایی ئەم شۆڕشە لەقەڵەم دەدا. بەڵام قسە لەسەر ئەوەیە کە ئەو گوزارشتە ئابوورییانەی سەرەوە، ئەو گوزارشتانەن کە بەسەر <u>بزووتنەوەی کۆمۆنیستی</u> ئێمەدا زاڵن. کەواتە، پێویستە ئەو ڕاستییە، کە پێویستیی بەشداری و ڕابەری چینی کرێکار لە شۆڕشی دیموکراتیکدا بە هیچ شێوەیەک <u>لەو لێکدانەوە ئابوورییەوە وەرنەگیراوە</u>، بە جۆرێک پەردەپۆش بکرێ. بە ناچار تێبینی "ڕاڕا"بوونی بۆژوازیی "میللی" لە شۆڕشی ئێمەدا بە شێوەیەکی تەواو ئیختیاری لەو گوزارشتەدا زیاد دەکرێ. وە سیاسەتی پرۆلیتاریا بەرانبەر "بەم توێژە"، لە سیاسەتێکی دوژمنانەوە کە بە ناسینی بەرژەوەندە بنەڕەتییەکانی چینە جۆراوجۆرەکان لەم شۆڕشەدا ڕەچاو کراوە، لە سیاسەتێکەوە کە لەسەر بنچینەی تیۆریی مارکسیستی خەباتی چینایەتی دامەزراوە، هەتا ڕادەی سیاسەتێکی سازشکارانە کە بەپێی دیتن و هەڵسەنگاندنی جووڵە و هەستان و دانیشتنی ڕۆژانەی ئەم توێژە بە شێوەیەکی تاقیگەرانە ڕەچاو کراوە، هەتا ڕادەی "پشتیوانیی مەرجدار" دێتە خوار و دادەشکێ.

پشتبەستن بەوەی کە سەرمایە لە ڕەوتی سووڕدا بە چ شکڵ و شێوەیەک خۆ دەنوێنێ (فۆرموولی یەکەم)، بە ناچار دەبێتە هۆی ئەوەی کە پشت بەوە ببەستێ، بزاوتی بۆرژوازی لە مەیدانی سیاسەتدا بە ڕواڵەت چۆن بەرچاو دەکەوێ. ئەنجامی ڕواڵەتبینی ئابووری، ساویلکەبوونی سیاسییە و ئەنجامی تاقیگەری تیۆریک دەبێتە شوێنکەوتوویی لە کردەوەدا. بۆرژوازیی لیبراڵ لە دەوری مێژوویی خۆیدا بۆ ڕزگاربوون لە گێژاوی شۆڕش، بە یارمەتی تێزی "بۆرژوازیی میللی" بە ڕووسووری بەرەی خۆی لەئاو دەردەکێشێ.

لە باری تیۆرییەوە، هەموو هونەری "زانست"ی ئابووریی بۆرژوایی لەوەدایە کە فۆرموولی دووەم پەردەپۆش بکات، وە سەرچاوەی زێدەبایی و قازانجی چینی سەرمایەدار، کە جگە لە چەوساندنەوەی چینی کرێکار هیچی تر نییە، بشارێتەوە. لەم ڕێگایەدا "مارکسیست"ە بە ڕواڵەت بینەکانمان، لایەنگرانی بۆرژوازیی میللی، بە دانستە بێ یان بێئاگا، لەم پەردەپۆشییەدا بەشداری دەکەن. مارکسیزم و دەسکەوتە تیۆریکەکانی بە تێکڕا لەدەست دەدەن و بە قەبووڵکردنی شێوەی بیرکردنەوە و لێکدانەوەی بۆرژوایی، بە ناچار ئەو شتانەش قەبووڵ دەکەن کە بۆرژوازی لە باری ئابوورییەوە سەری پێیانەوە قاڵە. ئەوەش کە بۆ گەشەکردنی سەرمایەداری ئێران، سەربەخۆیی پارە و تەکنیک و ئەم جۆرە شتانە پێویستە یان نا، خودی سەرمایەدار کە حەرەکەتی چاوچنۆکانە و قازانجپەرستانەی (ئەمە پێناسی سەرمایەدارە) "قەرار وایە" ببێتە بناغە و بنچینەی گەشەکردنی سەرمایەداری لە ئێراندا، باشتر تێی دەگا. وە ئەگەر کتێبەکانی مارکس بۆ ئەوە بوایەن کە لە خزمەت ئەم گەشەکردنەدا کەڵکیان لێ وەربگیرێ، لە لایەن خودی بۆرژوازییەوە وەک کتێبی دەرسی "ئابووری" لە قوتابخانەکان و زانکۆکان دەخوێنران.



ئەوپەڕی ڕادیکاڵیزمی ڕواڵەتبینانی ئێمە لەوەدا خوڵاسە دەبێتەوە، کە لە فۆرموولی 1دا باسی گۆڕینەوەی ناهاوتا، باسی چوونە دەرەوەی فڵانە پارە و فیسارە کاڵا لە وڵات، باسی بەتاڵانچوونی ئەم یان ئەو سامانی میللی لە ئاکامی گۆڕینەوە ناهاوتاکاندا دەکا. ئەمەریکا هەر ئەو ڕادیکاڵیزمە بۆرژواییییە کە تاوانی دواکەوتوویی ئابووریی خۆی بەسەر ئەوەدا دێنێ کە ئەو کەسەی مامەڵەی لەگەڵ دەکات دەستبڕ و گوێبڕە، یان خۆی دەستوپێوەندی وای نییە کە بەهۆی ئەوانەوە دەستی بڕوا، یان پەیوەندییەکانی بازاڕی ناعادیلانەیە، وە یان دامودەزگا دەوڵەتییەکان تووشی فەساد و خراپە بوون و ئەم جۆرە شتانە. بەڵام خاوەن پارە "ڕادیکاڵ"ەکەمان هەر گیروگرفت و موشکیلەیەکی هەبێ، لە ئەڵقەی کڕینی هێزی کاردا (واتە لە ئەڵقەی L – M) لە فۆرموولی 1دا هیچ گیروگرفتێکی نییە، چونکە هەر لە سایەی سەری هەمان ڕەقیبە دەستبڕ و گوێبڕەکانییەوە، دەستی بە سەرچاوەیەکی گەورەی هێزی کار ڕادەگا، کە بە نان و پەنیر و تاقە کوخێکی بە تەنەکە دروستکراو "سەرلەنوێ بەرهەم دێتەوە" و کرێکەی، سەرەڕای ڕووە و کزی چوونی کشتوکاڵ (کە خۆی ئاکامی ئاسایی پرۆسەی ئەستاندنەوەی مالکییەت و پێکهێنانی هێزی کاری هەرزانی بەرین لە ئێراندا بووە) بە هۆی سیاسەتی دەرگاکردنەوە و لێشاوی هێنانی بەرهەمی کشتوکاڵ، وە بە هۆی چەوساندنەوەی لە ڕادە بەدەری گوندنشینانی وڵات، لە ئاستێکی نزمدا ماوەتەوە: لەژێر سایەی دەوڵەتێکی "بەهێز"دا قازانج دەڕفێنێ کە سەرەڕای ئەوەی سەرمایەداریی ڕادیکاڵ خۆی لەو دەوڵەتەدا بەشداری ڕاستەوخۆی نییە (مەبەست حوکوومەتی شای بەکرێگیراوە)، مافی هەر چەشنە نارەزایەتی و مانگرتنێکی لە چینی کرێکار پێشێل کردووە، تێکۆشەرانی ئەم چینە، ڕەوانەی مەیدانەکانی

ئیعدام و زیندانەکان و شکەنجەخانەکان دەکا، بۆ ئەوەی نەکا خەباتی حەقخوازانەی کرێکاران، هێزی کڕینی سەرمایەی گۆڕەکی هەموو سەرمایەدارەکان تۆزێک کەم بکاتەوە و ... سەرمایەداری "ڕادیکاڵ" هەر لە سەرەتاوە لەم ڕاستییانە ئاگادارە، وە یان ئەو کاتەی کە هەر لە سایەی سەری ئەم "ڕادیکاڵیزم"ەوە (کە لە ڕاستیدا تەسبیح هەڵسووڕاندن و بەرماڵ بەکۆڵداان و پاکانە بۆ خۆکردنە)، وەک بازرگانەکان و بەختیارەکان و بەنی سەدرەکان بۆ دۆزینەوەی چارەسەر بانگەواز دەکرێ، تێدەگا کە هێشتنەوە و پاراستنی دەسەڵاتدارەتی گشت سەرمایە، چ "گیروگرفت"ێکی گەورە و گرانی لەسەر ڕێیە، دەست لە "ڕادیکاڵیزم"ەکەی هەڵدەگرێ و بە هەموو هێز و توانایەوە هەوڵ دەدا کە پاکانە بۆ بنەچە و خانەدانەکەی خۆی بکا و کار و کردەوەیان بە ڕەوا لەقەڵەم بدا، لە بەردەم بارەگای ئیمپریالیزمدا لەوەی کە پێش شۆڕش هێندێک منگەمنگ و بۆڵەبۆڵی کردووە، داوای لێبوردن دەکا و زۆر بە دڵپاکی و دڵسۆزییەوە بەڵێن دەدا کە هەر ئەو پەیوەندی و داب و دەستوورانە زیندوو کاتەوە. بەڵام ئەو هاوڕێ ڕواڵەتبینەی ئێمە، کە لە ئاستی هەمان فۆرموولی یەکەمدا "هاوپەیمان"ی خۆی لە شۆڕشدا (واتە بۆرژوازی میللی) دۆزیبووەوە، ئێستا تەماشا دەکات خۆی بە تەنیا لە مەیداندا ماوەتەوە و واقی وڕ دەمێنێ، سەرەتا بەپێی شێوەی لە مێژینەی خۆی، داوا لە کرێکارانی شۆڕشگێڕ دەکات، کە دەوڵەتە "هاوپەیمان"ەکەی کز و لاواز نەکەن، پاشان بەهۆی تاقیکردنەوەوە هێندێک شت فێر دەبێ، ئەمجار ئەو بۆرژوازییە "میللی"یەی کە پەیمانشکێنی کردووە ئامۆژگاری دەکا و بەسەریدا دێ کە لە هەستان و دانیشتن لەگەڵ "پاوانخوازان" خۆ بپارێزێ، هەڕەشەی لێ دەکا کە "هەڵوێستی دوولایەنە" بەرانبەری دەگرێ، وە تازە کاتێک



دیتی کە هاوپەیمانەکەی پێشووی ڕەوشتێکی چەندە دزێو و ناشیرینی هەیە (ئەویش بە قیمەتی خۆینی گەلانی کورد و تورکمان و عەرەب و کرێکارانی بێکاری ئەسفەهانی و بەدیلگرتن و ئەشکەنجەی کرێکارانی نەوتی باشوور، حیمادی شەیبانییەکان و سەعادەتییەکان و سەدان نموونەی تر هەر لە چەند مانگی سەرەتای دوای ڕاپەڕیندا)، دەزانێ دۆخەکە چەندە ئاڵۆز و پەشێوە و سەرلێشێواوانە دەکەوێتە پەیجۆری "هاوپەیمان"ێکی تازە. ئەوەی لێرەدا جێگای داخ و کەسەرە ئەوەیە، کە لەجیاتی ئەوەی کەموکوورییە تیۆریکەکانی خۆی بناسێ و کۆیان بکاتەوە سەریەک و بۆ دەرس و پەندی نەوەی نوێی شۆڕشگێڕان کە دوای ئەو دێنە مەیدان بە ڕوونترین شێوە دان بەو کەموکوورییانەدا بنێ، ئەو کەسانە کە لە سەرەتاوە ئامۆژگارییان کردبوو خەتابار دەکا، وە نەک هەر ئەمە دەکا بەڵکوو بۆ پاراستنی ڕواڵەتی خۆی و بۆ ئەوەی لەبەرچاو نەکەوێ، شێوە و فێڵی "تیۆریک"ی نوێ دادێنێ، بەڵێ! ئەم هاوڕێیە هەزار فەرسەخی ماوە بۆ ئەوەی ببێتە پێشەنگی چینی کرێکار.

بۆ ئەوەی نەکەوێتە داوی ئەم سەرلێشێواوییەوە، دەبێ لە لێکدانەوەی ئابووریی خۆماندا لەگەڵ مارکس دەست پێ بکەین و لەگەڵ ئەو بچینە پێشەوە. لە بابەت ناسینی سەرمایەوە، ئەم لێکدانەوەیە پێویستی بەوە هەیە کە لەگەڵ مارکس لە فۆرموولی 1ەوە بەرەو فۆرموولی 2 بچین. ئەمە یەکەمین ئامرازی تیۆریکە کە مارکس لە ڕەخنە و لێکدانەوەی نیزامی سەرمایەداریدا بۆی ئامادە کردووین. ناسینی هەلومەرجی کۆمەڵایەتی و ئابووری و سیاسیی دەسەڵاتدارەتی "پەیوەندیی سەرمایە" (کە بە کورتی لە فۆرموولی C+V+Sدا خراوەتە ڕوو) بەسەر بەرهەمهێنانی کۆمەڵایەتی لە

ولاتی ژێردەستەی ئیمپریالیزمدا، خاڵی دەستپێکردنی لێکدانەوەی یاساکانی حەرەکەتی نیزامی سەرمایەداری وابەستەیە. بەم جۆرە پێش ئەوەی شکڵە کۆنکرێتەکانی وابەستەیی ڕوون بکرێنەوە، دەبێ ئەوە بزانرێ کە پرۆسەی بەرهەمهێنانی زێدەبایی لە بازاڕی ناوخۆی ولاتی ژێردەستەدا وابەستەیە بە هەلومەرجی ئیمپریالیستیی بەرهەمهێنان لەم بازارە و لە بازاڕی جیهانیدا. تەنها پاش دەرک پێ کردن و ناسینی جەوهەری وابەستەیی لە ئاستی فۆرموولی 2دا، دەتوانین ئەوە ڕوون بکەینەوە، کە پێویستە ئەم وابەستەییە لە شکڵ و شێوەی کۆنکرێتی دیاریکراودا (لە ئاستی فۆرموولی 1دا) خۆ بنوێنێ، هەڵبەت ئەمەش وەک کۆکراوەی لێکدانەوەکە (نەک وەک سەرەتای ئەو لێکدانەوەیە).

## 2) پێشمەرجە مێژووییەکان و هەلومەرجی ئێستای بەرهەمهێنانی سەرمایەداری

مارکس هەلومەرجی دامەزران و پەرەسەندنی سەرمایەداری و دەسەڵاتدارەتیی "پەیوەندیی سەرمایە" بەسەر بەرهەمهێنانی کۆمەڵایەتیدا، دەکاتە دوو بەشەوە:

ئەلف) پێشمەرجە مێژووییەکانی گەشەی سەرمایەداری

ب) هەلومەرجی ئێستای بەرهەمهێنان و سەرلەنوێ بەرهەمهێنانەوەی پەیوەندییەکانی سەرمایەداری.

جیاوازی نێوان ئەم دوو پارچەیە لە هەلومەرج، یەکێکە لە نموونە بەرچاوەکانی هەڵوێستی دیالێکتیکی بەرانبەر بە پەرەسەندنی مێژوویی کۆمەڵگاکان. ئابووریزانە بۆرژواکان، چ پێش مارکس و چ دوای ئەو، لە ڕوانگەی سەرمایەدارەوە، وە بە مسۆگەردانانی ئەوەی کە دەسەڵاتدارەتی سەرمایە هەتا هەتایە زیندووە، مێژوو لێک دەدەنەوە و شی دەکەنەوە. کەچی لە ڕوانگەی مارکسیزمەوە،



سەرمایەداری وەک یەکێک لە ئەڵقەکانی پەرەسەندنی مێژووی کۆمەڵگای مرۆیی، دیاردەیەکی دیاریکراو و بەرتەسکە. لە نەبوونەوە پێ دەنێتە مەیدانی بوون. لە ناوجەرگەی نیزامێکی ترەوە و بەپێی هێندێک یاسای تر گەرا دەبەستێ، پاشان لەسەر پێی خۆی ڕادەوەستێ و یاساکانی بزاوتی خۆی بەسەر کۆمەڵدا زاڵ دەکا و ئەمجار لە ناوجەرگەی خۆیدا و بەپێی یاساکانی بزاوتی خۆی پێشمەرجەکانی نیزامێکی تازە (سۆسیالیزم) فەراهەم دەکا. بە وتەیەکی تر، مارکس وتەنی، سەرمایەداری پێش ئەوەی "هەبێ"، دەبوو "ببێ" وە هەلومەرجی "بوونی" سەرمایە لەگەڵ هەلومەرجی "پێکهاتنی" تەواو جیاوازە:

"هەلومەرج و پێشفەرزەکانی پێکهاتن و گەشەی سەرمایە ڕێک بەو مانایەیە، کە سەرمایە هێشتا وجوودی نییە، بەڵکوو تەنیا لە حاڵی پێکهاتندایە. کەواتە ئەم هەلومەرجانە لەگەڵ گەشەی سەرمایەی واقیعی، سەرمایەیەک کە بەپێی واقعییەتە تایبەتەکانی خۆی، هەلومەرجی بەدیهاتنی خۆی دادەمەزرێنێ، لەناو دەچن".
(گروندریس لاپەڕەی 659)

پەیوەندیی دیالێکتیکی نێوان "هەبوون" و پێکهاتن"، بناغەی فەلسەفیی ماتەریالیزمی مێژووییە. وە ئاشکرایە کە ئەگەر جیاوازی نێوان پێشمەرجە مێژووییەکان (واتە، هەلومەرجی پێکهاتن)ی سەرمایە، وە هەلومەرجی ئێستای بەرهەمهێنان و سەرلەنوێ بەرهەمهێنانەوەی سەرمایە (یانی، هەلومەرجی بوونی سەرمایە)مان لە بەرچاو نەبێ، بە ناچار دەکەوینە داوی شێوەی لێکدانەوەی بۆرژوایی و هێندێک تێگەیشتنی بۆرژوایی سەبارەت بە پەرەسەندنی سەرمایەداری لە ئێراندا بەدەستەوە دەدەین.

بەڵام ئەم لادانە چۆن خۆی لە لێکدانەوە و هەڵسەنگاندنی سەرمایەداریی ئێراندا نیشان دەدا؟ دەرک پێ نەکردن و نە ناسینی جیاوازی نێوان ئەم دوو پارچەیە لە هەلومەرج، یانی هەلومەرجی مێژوویی گەشەی سەرمایە لە لایەکەوە و هەلومەرجی ئێستای بەرهەمهێنان و سەرلەنوێ بەرهەمهێنانەوەی سەرمایە (هەم لە ڕوانگەی فەلسەفییەوە و هەم لە ڕوانگەی ڕەخنەی ئابوورییەوە) بەوە دەگا کە یەکەم: لەو جێگایەی کە باسی لێکدانەوەی "پەرەسەندنی سەرمایەداری" لە ئێراندا دەکەین، پێش هەموو شتێک پێشینە و مێژووچەی گەشەی ئەو سەرمایەدارییەمان وەبیر بێتەوە. لە ڕیفۆرمی ئەمیر کەبیر و سوپاسالار، لە پیشەسازیی تەونکردن و شخارتە دروستکردن، لە چالاکییەکانی بانکی قەرزکردن و بانکی شاهی و ئەم جۆرە شتانەوە دەست پێ بکەین و هەنگاو بە هەنگاو بکەوینە شوێن ئەم کورتە مێژووە بە هەموو لایەنە جۆراوجۆرەکانییەوە، هەتا دەگاتە ئەمڕۆ و دووەم: لەو جێگایەی کە دەمانەوێ تایبەتییەکانی نیزامی بەرهەمهێنان لە هەلومەرجی ئێستای ئێراندا ڕوون بکەینەوە، لەو جێگایەش هەوڵ بدەین کە وابەستەیی لە ڕووی "ریشە مێژووییەکانییەوە" ڕوون بکەینەوە. بۆچوونی "هونەری" یان "تەکنیکی" (وە بە گشتی میکانیکی) بەرانبەر بە مەسەلەی وابەستەیی، بۆچوونێک کە لە ڕاستیدا نایەوێ وابەستەیی سەرمایەداری ڕوون بکاتەوە، بەڵکوو لەوە دەگەڕێ فاکتۆرەکانی وابەستەیی "پیشەسازی و بازرگانی و دەوڵەت" لە ئێراندا ناو لێ بەرێ، ڕێک هەر پشتی بەم تێگەیشتنە لادەرانە بەرانبەر بە مەسەلەی "پەرەسەندنی سەرمایەداری" بەستووە. وابەستەیی سەرمایەداریی ئێران یانی، تایبەتییەکانی سەرمایەداری لە ئێران وەک وڵاتێکی ژێردەستەی ئیمپریالیزم_ وابەستەییەکە کە نەک بەپێی هەلومەرجی



مێژوویی گەشەی سەرمایەداری لە ئێراندا، بەڵکە لەسەر بنچینەی یاسا تایبەتییەکانی نیزامی سەرمایەداری کە هەر ئێستا ئامادە و هەن، ئەو یاسایانەی کە سەرمایەداری خۆی پاش گەشەی خۆی بەسەر نیزامی بەرهەمهێنانیدا زاڵ دەکا، دەبێ ڕوون بکرێتەوە. وابەستەبوونی سەرمایەداریی ئێران بە ئیمپریالیزمەوە، بەپێی یاساکانی ئێستای بزاوتی سەرمایەداریی سەردەمی ئیمپریالیزم بەرهەم دێ و سەرلەنوێ بەرهەم دێتەوە و بەم بۆنەیەوە دەبێ ڕێک هەر بە لێکدانەوەی ئەم یاسایانە ڕوون بکرێتەوە. وە کەسێک کە بە وێنەی "ڕاهی کارگەر" حوکمی لەم چەشنە دەردەکا کە: "سەرمایەداریی وابەستە، بەرهەمی کاردابەشکردنێکی سەپێندراوە لە ئاستی نێونەتەوەییدا. لەم بابەتەوە لەبەرچاوگرتنی ئەو ڕاستییە کە لە وڵاتانی ژێردەستەدا بە شێوەی ئاسایی وابەستەیی لە باری زەمانییەوە لە سەرمایەداری لەپێشترە، یەکجار گرنگە" (تەئکیدەکە هی ئێمەیە) یانی، کەسێک کە ئاوا وابەستەیی بە شێوەیەکی موجەڕەد و هەڵکەندراو لەو پەیوەندییە دیاریکراوەی کە (لە باری مێژووییەوە) مانا و ناوەرۆکێکی تایبەت بەم وابەستەییە دەبەخشێ جیا بکاتەوە و تەنانەت پێی وابێ لە سەرمایەداری "لەپێشترە"، هیچ چارەیەکی نابێ جگە لەوەی کە وابەستەیی بەپێی دەستەواژە و چەمکی وا ڕوون بکاتەوە کە خۆیان لە چوارچێوەی مێژوودا ناگونجێن، دەستەواژە و چەمکی وا کە بتوانن بە ئاسانی لە هەموو سیستەمەکانی بەرهەمهێناندا هاوبەش بن، دەستەواژە و چەمکی وا کە بتوانن "پێش سەرمایەداری" بوونیان هەبێ و لەو "لەپێشتر" بن، دەستەواژە و چەمکی وا کە بە ناچار هیچ شتێک لە بابەت وابەستەبوونی سەرمایەداریی ئێرانەوە ناخەنە ڕوو، وە هیچ ڕوونکردنەوەیەکیش لە مەڕ مەیدانی ئەو خەباتە دیاریکراوەی کە

پرۆلیتاریای ئێران پێویسته بەپێی یاساکانی جووڵەی سەرمایەداری لە ئێراندا بیگرێته بەر، بەدەستەوە نادا. کەسێکی لەم چەشنە ناچار دەبێ کە بەرهەمهێنانی زێدەبایی لە وڵاتی ژێردەستەی ئیمپریالیزمدا (یانی سەرمایەداری لە باڵاترین قۆناغی خۆیدا) تەنیا و تەنیا بە "تاڵان" مانا لێ بداتەوە، کە ئەم دەستەواژەیە هەر لە چوارچێوەی مێژوودا ناگونجێ. وتنی ئەوەی کە "وابەستەیی لە باری زەمانییەوە لە سەرمایەداری لەپێشترە"، رێک ئەم هاورێیە بە جێگایەک دەگەیەنێ، کە بڕوای بەوە هەبێ کە ئەم وابەستەیییە "بەرهەمی کاردابەشکردنێکی سەپێندراوە" (بەڵێ! "کاردابەشکردن و سەپاندن" هەردووکیان لە سەرمایەداری لەپێشترن!)، وە هەروەها بڕوای بەوە هەبێ کە "تاڵان" و "سەرچاوە سروشتییەکان" ئاکامی ئەم وابەستەیییەیە. (کە "تاڵان" و "سەرچاوە سروشتییەکان"یش رێک هەر لە سەرمایەداری لەپێشترن!). ئایا ئەم جۆرە هەڵوێست و بۆچوونە سەرەنجام بەوە ناگا، کە تیۆری ئیمپریالیزمی لێنین رەت بکاتەوە و لە جێگای ئەو، رەخنە لە پەیمانی "گولستان" و "تورکمانچای" بێنێتە مەیدانەوە؟ ئایا ئەم جۆرە هەڵوێست و بۆچوونە نابێتە هۆی ئەوەی پێویستی روونکردنەوەی کۆنەپەرستیی سیاسی، بەپێی یاساکانی جووڵەی سەرمایەی مۆنۆپۆڵی رەت بکرێتەوە و لەجیاتی ئەو، لێکدانەوەی بنەماکانی "دیموکراسی و دیکتاتۆری لە ئیسلام" و فیرقە جۆراوجۆرەکانیدا بێنێتە مەیدانەوە؟ ئایا نابێتە هۆی ئەوەی پێویستی لێکدانەوە و شیکردنەوەی پەیوەندیی کار و سەرمایە لە ئێراندا بەپێی دەسکەوتە زانستییەکانی مارکس رەت بکرێتەوە و لەجیاتی ئەو، روو بکرێتە لێکۆڵینەوە و توێژینەوەی حاڵ و ئەحواڵی حاجی میرزا ئاغاسی، وە ئایا "مزگێنی" شتی تری لەم جۆرەمان پێ نادا؟ "رەخنە و توێژینەوەی "هاورێیانی زەحمەت" هەر



ئێستا بەرەو ئەوە دەچێ، کە ئەم ئاسۆ تازەیە بخاتە بەرچاوی بزووتنەوەی کرێکاری(8)!

بەڵام شێوەی مارکس تەواو جیاوازە: مارکس لەپێشدا لەسەر جیاوازیی پێشمەرجە مێژووییەکان و هەلومەرجی هاوچەرخی نیزامێکی بەرهەمهێنان جەخت دەکا و دووەم، بڕوای بەوە هەیە، کە مەرجی پێویست بۆ ناسینی مێژووی پێکهاتنی دیاردەیەک، بریتییە لە ناسینی خودی ئەو دیاردەیە وەک کامڵترین و بەرزترین بەرهەمی رەوتی پەرەسەندن و گەشەکردنی. ئەگەر کەسێک نەزانێ کە "نیزامی سەرمایەداری، یەکانگیربوونی پرۆسەی کار و پرۆسەی بەرهەمهێنانی زێدەباییە"، ئەگەر کەسێک نەزانێ کە لەسەر بنەمای وجوود و سەرلەنوێ بەرهەمهێنانەوەی هێزی کار وەک کاڵایەک، زێدەبایی بەرهەم دێ، ئەو کەسە هەرگیز ناتوانێ مێژووی پەرەسەندنی سەرمایەداری بنووسێ. چونکە هەر لە بنەڕەتەوە نازانێ کە دەبێ بکەوێتە شوێن کام پەیوەندی و فاکتۆر و دیاردە و رووداوی مێژوویی. ئەگەر کەسێک سەرمایەداری و "پیشەسازیبوون" بە یەک شت دابنێ، لە مەیدانی مێژوونووسیندا، مێژووی "پیشەسازیبوون" دەنووسێ.

"کۆمەڵی سەرمایەداری پەرەسەندووترین و ئاڵۆزکاوترین سازمانی بەرهەمهێنانە. کەواتە ئەو دەستەواژانەی کە ئەم پەیوەندییە بەیان دەکەن، وە ناسین و دەرکپێکردنی چۆنیەتی ئەم پەیوەندییە، رێگا خۆش دەکات بۆ ناسینی بینا و پەیوەندیی بەرهەمهێنان لە هەموو شکڵ و قەوارە ئابوورییەکانی پێشوودا، شوێنەوار و پاشماوەی ئەو شکڵ و قەوارانە، وە ئەو هۆیانەی کە ئەو شکڵ و قەوارانەیان لێ پێک هاتبوو، لە خوڵقاندنی کۆمەڵی بۆرژواییدا دەکارکراون. هێندێک لەم شوێنەوارانە کە قووت نەچوون و نەتواونەتەوە، هێشتا لە

کۆمەڵی بۆرژواییدا درێژە بە ژیانی خۆیان دەدەن، کەچی هێندێکی تریان، کە پێشتر تەنیا لە شکڵی سەرەتاییدا وجوودیان بووە، ئێستا پەرەیان سەندووە و لەوپەڕی گرنگبووندان. ئاناتۆمی مرۆڤ کلیلە بۆ ناسینی ئاناتۆمی مەیموون. لە لایەکی ترەوە تەنیا کاتێک دەتوانین پەی بەوە بەرین کە ئەو جۆرە ئاژەڵانەی کە دواکەوتووترن، هێندێک نیشانەی شکڵی پێشکەوتووتریان تێدا بەدی دەکرێ کە خودی شکڵە پێشکەوتووەکان لە خودی خۆیاندا ناسرابن. بەم جۆرە ئابووری بۆرژوایی کلیلێک بۆ ناسینی ئابووریی سەردەمی کۆن بەدەستەوە دەدا، بەڵام ئەگەر بکەوینە شوێن ئەو ئابووریزانانەی کە هەموو جیاوازییە مێژووییەکان قت دەکەن و لە هەموو دیاردە کۆمەڵایەتییەکاندا دیاردەی بۆرژوایی دەبینن، هەرگیز بەم تێگەیشتنە ناگەین، ئەگەر کەسێک بزانێ "کرێ" چییە، دەشتوانێ بزانێ کە سەرانە و پێنجیەک و زەکات و ئەم جۆرە شتانە چین. بەڵام ئەمانە نابێ بە یەک شت دابنرێن" (مارکس، "شێوەی ئابووریی سیاسی" لە کتێبی، "ڕەخنەی ئابووریی سیاسی"ی ئینگلیزی، لاپەڕەی 211_210، وەرگیراوە). هەروەها "تەنیا کاتێک کە کۆمەڵی بۆرژوایی دەستی بە ڕەخنە لەخۆگرتن کرد، توانی ئابووریی دەرەبەگایەتی و ئابووریی کۆن و ئابووریی ڕۆژهەڵاتیش بناسێ". (هەمان سەرچاوە، لاپەڕەی 211)

ئێمە لە نووسراوەی جۆراوجۆردا وە بە تایبەت لە نامیلکەی یەکەمی "ئەفسانە ... "دا، گەلێک جار بە شێوەی جۆراوجۆر ئەم ڕستەیەمان دووپات کردۆتەوە: "پاش <u>دامەزراندنی</u> نیزامی سەرمایەداریی وابەستە، بۆرژوازیی میللی هەر ناتوانرێ باسی بکرێ". جەختی ئێمە لەسەر دەستەواژەی "دامەزراندنی نیزامی سەرمایەداری" ڕێک هەر لەبەر ئەوەیە، کە ئێمە ئەو جیاوازییەمان لەبەرچاوە. بۆ



جیاکردنەوەی <u>پێشمەرجە مێژووییەکان</u> و <u>هەلومەرجی ئێستای</u> بەرهەمهێنانی سەرمایەداری، مارکس کلیلی تیۆریکی بۆ وەڵامدانەوە بە دوو پرسیاری سەرەکیی ئێمە ئامادە کردووە: یەکەم، لە کام قۆناغی دیاریکراوی مێژووییەوە، وە بەپێی بوونی چ هەلومەرجێک، بە نیزامێکی دیاریکراوی بەرهەمهێنان دەڵێین سەرمایەداری؟ بە وتەیەکی تر، دامەزراندنی سەرمایەداری چۆن بەدی دی؟ وە دووەم، یاساکانی جووڵەی کۆمەڵ لە <u>پاش دامەزراندنی</u> سەرمایەداری کامانەن؟ وە یان بە وتەیەکی تر، یاسا ئابوورییە <u>سەربەخۆکانی</u> جووڵەی نیزامی سەرمایەداری چین؟

ئەو وەڵامەی مارکس بەم دوو پرسیارەی سەرەوەی دەداتەوە بە تەواوی ڕوونە. ئێمە توێژینەوەی پرسیاری دووەم بۆ نامیلکەکانی داهاتوو هەڵدەگرین و لەم نامیلکەیەدا وەڵامێکی کورت بە پرسیاری یەکەم دەدەینەوە و نامیلکەکە کۆتایی پێ دێنین.

1) بەرهەمهێنانی سەرمایەداری ئەو کاتە دامەزراوە کە پێشمەرجە مێژووییەکانی وەدی هاتبن. ئەم پێشمەرجانە بریتین لەو گۆڕانکارییە پێویستە ئابووری و کۆمەڵایەتییانەی کە بۆ گۆڕانی نیزامی بەرهەمهێنان لە دەرەبەگایەتییەوە بۆ سەرمایەداری پێویستن. لێرەدا مەبەست ئەو گۆڕانکارییە ئابووری و کۆمەڵایەتییانەیە کە نەک لەسەر بنچینەی قانوونمەندیی ناوخۆی نیزامی سەرمایەداری، بەڵکوو لەسەر بنچینەی گۆڕانکارییە بنەڕەتییەکانی کۆمەڵی دەرەبەگایەتی ڕوو دەدەن. قانوونمەندیی ئەو سەردەمە، قانوونمەندیی لەناوچوونی فیۆدالیزمە. قانوونمەندیی سەردەمێکە کە تێیدا هێزە بەرهەمهێنەرەکان کە لە ناوجەرگەی ئەم نیزامەدا گەشەیان کردووە و هەڵیان داوە، پەیوەندیی بەرتەسکی ئابووریی دەرەبەگایەتی دەشکێنن و زەمینە بۆ دەسەڵاتدارەتی سەرمایە بەسەر

بەرهەمهێنانی کۆمەڵایەتیدا، تا ڕادەیەک کە نیزامی تازە لەسەر بناغەی یاساکانی جووڵەی سەربەخۆی خۆی ڕاوەستێ، ئامادە دەبێ. (مارکس لە نووسراوە جۆراوجۆرەکانیدا، بە تایبەت لە "فۆرماسیۆنە ئابوورییەکانی پێش سەرمایەداری"دا، بەندی "بەناو کەڵەکەبوونی سەرەتایی"، سەرمایە، بەرگی یەکەم، وە گروندریسدا بە تایبەت لە لاپەڕەکانی 71_ 659دا بە درێژی باسی پێشمەرجە مێژووییەکانی گەشە و دامەزراندنی سەرمایەی کردووە، وە لێنینیش لە سەرەتای کتێبی "گەشەکردنی سەرمایەداری لە ڕووسیا"دا نیشانە سەرەکییەکانی ئەم هەلومەرجەی باس کردووە). ئەو لێکدانەوەیەی کە مارکس لە مەڕ پێشمەرجە مێژووییەکانی بەرهەمهێنانی سەرمایەداری بەدەستەوەی دەدا، خۆی لە خۆیدا تەئکیدێکە لەسەر ئەو ناسینە دیالێکتیکییەی کە بەرانبەر بە سەرمایە وەک یەکانگیربوونی پرۆسەی کار و پرۆسەی بەرهەمهێنانی زێدەبایی هەیەتی. چونکە ئەم پێشمەرجانە ڕێک هەر ئەو گۆڕانکارییە کۆمەڵایەتی و ئابوورییانەن کە خەسڵەتی کاڵایی بە بەرهەمەکانی پرۆسەی کار (بایی مەسرەف) و پاشان بەو هۆیانەی کە پێکهێنەری ئەم پرۆسەیەن (کار و ئامرازەکانی کار) دەدەن، وە لەم ڕێگایەوە پرۆسەی کار نەک هەر بە پرۆسەی بەرهەمهێنانی باییەوە پەیوەند دەدا، بەڵکوو بە پرۆسەی بەرهەمهێنانی زێدەباییشەوە پەیوەندی دەدا. پەرەسەندنی کاردابەشکردنی کۆمەڵایەتی، بەرینبوونەوەی گۆڕینەوە و بایی گۆڕینەوە، کاڵا و پارە، جیابوونەوەی پیشەسازی لە کشتوکاڵ و کەمبوونەوەی ڕێژەیی نفووسی کشتوکاڵ و ... هتد، ئەمانە هەلومەرجی پێویستن بۆ هەڵدانی ئابووریی کاڵایی وەک شکڵی سەرەتایی و تازەگەرابەستووی بەرهەمهێنانی سەرمایەداری. بەڵام هەر وەک پێشتر وتمان بەهۆی دابڕانی بەرهەمهێنەرانی



ڕاستەوخۆ لە ئامرازەکانی بەرهەمهێنان، هێزی کار دەبێتە کاڵا و ئەمە ئەو شتەیە کە بەرهەمهێنانی کاڵایی دەگەیەنێتە ڕادەی بەرهەمهێنانی سەرمایەداری. "دابڕانی بەرهەمهێنەرانی ڕاستەوخۆ لە ئامرازەکانی بەرهەمهێنان، یانی ئەستاندنەوەی خاوەندارێتی لەوان، کە <u>تێپەڕبوون لە بەرهەمهێنانی کاڵایی سادەوە</u> بۆ بەرهەمهێنانی سەرمایەداری تەئید دەکا (وە مەرجی پێویست بۆ ئەم تێپەڕبوونە زامن دەکا)، بازاڕی ناوخۆ پێک دێنێ" (لێنین، "گەشەکردنی سەرمایەداری ..." لاپەڕەی 36). بەم جۆرە مارکس بۆ ڕوونکردنەوەی چۆنیەتی دامەزراندنی بەرهەمهێنانی سەرمایەداری لە جەوهەری سەرمایە (یانی بەرامبەرکێی دیالێکتیکیی کاری کرێگرتە و سەرمایە)وە دەست پێ دەکات، وە ئەو پرۆسە مێژووییەی کە تێیدا هێزی کار دەبێتە کاڵا لە ئاستێکی بەرین لە کۆمەڵدا، وەک پێشمەرجی مێژوویی بنەڕەتیی دەسەڵاتدارەتی بەرهەمهێنانی سەرمایەداری ناو لێ دەبا و دەیداتە بەر توێژینەوە. پارە و کاڵا لە ڕەوتی سەرهەڵدان و گەشەی بەرهەمهێنانی کاڵاییدا، لە پاڵ نیزامەکانی پێش سەرمایەداریدا پێک دێن، بەڵام: "هەر بەو ڕادەیەی کە ئامرازەکانی بەرهەمهێنان و بەرێچوون لەوە دوورن کە سەرمایە بن، پارە و کاڵاش لە خۆیاندا هەر ئەوەندە دوورن. پارە و کاڵا دەبێ ببنە سەرمایە. بەڵام تەنیا لە هەلومەرجێکی دیاریکراودا دەتوانن بگۆڕێن و ببن بە سەرمایە. ئەو هەلومەرجانە لەم خاڵەدا تێک هەڵدەنگوون: ڕووبەڕووبوونەوە و خۆلێکدانی نێوان دوو جۆر لە خاوەنەکانی کاڵاکان کە تەواو جیاوازن، لە لایەکەوە خاوەن پارەکان، خاوەنانی ئامرازەکانی بەرهەمهێنان و ئامرازەکانی بەرێچوون کە تامەزرۆی ئەوەن بەهۆی کڕینی هێزی کاری کەسانی ترەوە بایی سامان و داراییەکی خۆیان زیاد بکەن، وە لە لایەکی

ترەوە کرێکارانی ئازاد، کە هێزی کاری خۆیان، واتە کاری خۆیان دەفرۆشن(9). (بەرگی یەکەم، لاپەڕەی 668)
هەر وەک پێشتریش وتمان، مەرجی پێویست بۆ بەدیهاتنی ئەم پێشمەرجەی دامەزراندنی سەرمایەداری لە باری مێژووییەوە هەمان دابڕانی بەرهەمهێنەرانی ڕاستەوخۆ لە ئامرازەکانی بەرهەمهێنان، دابڕانی هەلومەرجی خۆیی بەرهەمهێنان لە هەلومەرجی بابەتییەتی:
"کەواتە: ئەو پرۆسەیەی کە پەیوەندیی سەرمایە پێک دێنێ، هیچی تر نییە جگە لەو پرۆسەیەی کە کرێکار لە خاوەندارێتیی هەلومەرجی کاری خۆی جیا دەکاتەوە. پرۆسەیەک کە دوو گۆڕانکاری دەگرێتە بەر، کە بەهۆی ئەوەوە ئامرازە کۆمەڵایەتییەکانی بەرێچوون و بەرهەمهێنان دەبن بە سەرمایە و بەرهەمهێنەری ڕاستەوخۆ دەبێتە کرێکاری کرێگرتە. کەواتە، بەناو کەڵەکەبوونی سەرەتایی، جگە لە پرۆسەی مێژوویی دابڕانی بەرهەمهێنەران لە ئامرازەکانی بەرهەمهێنان هیچی دیکە نییە". (بەرگی یەکەم، لاپەڕەی 668).
بە کورتی: پەرەسەندنی بەرهەمهێنانی کاڵایی سادە لە قەراخ نیزامە جۆراوجۆرەکانی بەرهەمهێناندا، زەمینەکان و دەستەواژە و دیاردە بناغەییەکانی ئابووریی سەرمایەداری گەشە پێ دەدەن، وەلی ئەو قۆناغە مێژووییە دیاریکراوەی کە تێیدا بەرهەمهێنانی سەرمایەداری بە شێوەیەکی حاشاهەڵنەگر و بێ گەڕانەوە، دامەزراندنی خۆی ڕادەگەیەنێ، جگە لە ئەنجام و بەدیهاتنی پرۆسەی ئەستاندنەوەی خاوەندارێتی و پێکهێنانی سوپای کرێکارانی کرێگرتە، هیچی تر نییە.
ئەم قۆناغە دیاریکراوە لە باری شیکارییەوە بە ڕاستی خاڵی لەدایکبوونی بەرهەمهێنانی سەرمایەداری و سەرەتای بزاوتی سەربەخۆیەتی. بەڵام لە باری مێژووییەوە ئەم "قۆناغە دیاریکراوە"



بە ڕۆژ و سەعات و دەقیقە دیاری ناکرێ. "مێژووی ئەم خاوەندارێتی ئەستاندنەوەیە لە وڵاتانی جۆراوجۆردا، لایەنی جۆراوجۆر دەگرێتە خۆ و بە شێوەی جۆراوجۆر و لە سەردەمی مێژوویی جۆراوجۆردا قۆناغەکانی خۆی تەی دەکا." (بەرگی یەکەم، لاپەڕەی 670).
لە ئینگلستان کە مارکس وەک نموونەی کلاسیک دەیداتە بەر لێکۆڵینەوە، پرۆسەی ئەستاندنەوەی خاوەندارێتی لە ئاخر و ئۆخری سەدەی پازدەهەمەوە دەست پێ دەکا و لە کۆتایی سەدەی هەژدەهەمدا بە ئەنجامی یەکجاریی خۆی دەگا. بەم حاڵەشەوە، ئەستاندنەوەی خاوەندارێتی لە بەرهەمهێنەرانی ڕاستەوخۆ وە لەدایکبوونی پرۆلیتاریا وەک چینی چەوساوەی سەرەکی کە نیشاندەری لەدایکبوونی بۆرژوازی وەک چینی چەوسێنەری سەرەکی و زاڵبوونی پەیوەندیی سەرمایە و بەرهەمهێنانی زێدەبایی بەسەر پرۆسەی کاردایە، شتێک نییە کە تەنانەت لە ماوەی سێ سەدەدا کەمڕەنگ ببێتەوە و خۆی بەرچاو نەخا، وە لەو جێگایەی کە ئەم پرۆسەیە دەگاتە ئەنجامی یەکجاریی خۆی، لە مێژووی زۆرلێکراوی ڕەنجدەراندا بە ئاشکرا تۆمار دەکرێ: چونکە مارکس وتەنی: "ئەگەر بە وتەی ئۆژیە" پارە ئەو کاتە کە پێ دەنێتە مەیدانی جیهانەوە، پەڵە خوێنێکی زگماکی بە ڕوومەتەوەیە"، سەرمایە کاتێک لەدایک دەبێ، لە تەوقی سەرییەوە هەتا بەری پێی، سەرتاپای لەشی نوقمی خوێن و زنجکاوە" (بەرگی یەکەم، لاپەڕەی 12_ 711)
کەواتە ئاشکرایە کە مارکس چ شتێک بە نیشانەی سەرهەڵدان و دامەزراندنی نیزامی سەرمایەداری دەزانێ. لەنێو ئەو دەستەواژە و پەیوەندی و دیاردە بێ ئەژمارانەدا کە هەر کامیان جێ و شوێنێکی مسۆگەریان لە پەرەسەندنی مێژوویی کۆمەڵگاکان و لە مێژووی

سەرهەڵدانی سەرمایەداریدا هەیە. مارکس ئەو خاڵە دەستنیشان دەکات کە گەرای سەرهەڵدانی ناکۆکی نێوان کار و سەرمایەیە. مارکس "ئاناتۆمی"ی نیزامی سەرمایەداری دەناسێ و هەر بەم بۆنەیەوە بە شوێن ڕەوتی مێژوویی پەرەسەندنی ئەو نیزامەدا، باش دەزانێ کە دەکەوێتە شوێن چی و لە چی دەگەڕێ. مارکس بۆ پەیبردن بەوە کە نیزامی سەرمایەداری هەیە یان نا، ناکەوێتە شوێن "پیشەسازیی قورس"، "بازاڕی ناوخۆی هاوسەنگ"، "ئاستی بەرزی تەکنەلۆژی"، "کاڵای بێ کەڵک"، کۆشکی بەرزی هەوربڕ و میترۆی ژێرزەمینی و ... مارکس، سەرمایەداری لە هەموو شێوە بەرهەمهێنانەکانی پێشوو بە جیاواز دەزانێ، سەرمایەداری بە "یەکانگیربوونی پرۆسەی کار و پرۆسەی بەرهەمهێنانی زێدەبایی" دەزانێ و هەر بۆیە جەخت دەکا، کە دامەزراندنی نیزامی سەرمایەداری بەر لە هەموو شتێک بە خۆنواندن و پێکهاتنی جەوهەری ناوخۆی ئەم یەکانگیربوونە، یانی بە بەرامبەرکێی نێوان کاری کرێگرتەی کرێکاری بێ ئامراز و سەرمایەی پووڵیی بۆرژوازیی خاوەن ئامرازدا دیاری دەکرێ. مارکس بۆ ناسینی <u>جۆری</u> یاسا ئابوورییەکانی بزاوتی کۆمەڵ، یانی شێوەی بەرهەمهێنانی کۆمەڵایەتی، لەپێشدا ڕێنوێنیمان دەکات کە بچینە سەر لێکۆڵینەوە و توێژینەوەی پرۆسەی ئەستاندنەوەی خاوەندارێتی، ڕێنوێنیمان دەکات بۆ جێگایەک کە لەوێ بیرەوەرییە ئاڵۆزەکانی گوندنشینە بێ زەوییەکان و شێوە ئاخاوتنی لادێییانەی کرێکارانی شاری، بایەخی تێوریک و بایەخی شیکارییان زۆر زۆرترە لە بەراوردکردنی ژمارەی دووکەڵکێشی کارخانەکانی ئێران و "وڵاتانی پێشکەوتووی پیشەسازیی"، وە ئەو لایەنگرانەی "بۆرژوازیی میللی" کە لە ڕووی نموونەسازی و خشتەڕێژییەوە پێیان چەقاندووە و



لاساری دەکەن و حاشا لەوە دەکەن کە لە ئێران پەیوەندییەکانی سەرمایەداری زاڵن، وە بۆ ئەم مەبەستەش دوواکەوتوویی پیشەسازیی وڵات بە شایەد دەگرن، دەبێ کاری خۆیان لەگەڵ مارکس و مێژوو یەکلا بکەنەوە: <u>خاوەندارێتی ئەستێندراوەتەوە یان نا</u>؟ ئەمەیە پرسیاری سەرەکی، دووکەڵکێشەکان دوایی دژمێرین!

زانینی ئەوەی کە پرۆسەی ئەستاندنەوەی خاوەندارێتی، لە پەرەسەندنی مێژووی سەرمایەداریدا چ گرنگییەکی هەیە، خۆی لە خۆیدا هەموو مارکسیستێک لە لێکدانەوەی ناسینی ئەو پەیوەندییەی بەرهەمهێناندا کە بەسەر کۆمەڵدا زاڵە، بەرەو ئەوە ڕادەکێشێ کە بکەوێتە شوێن چۆنیەتی بەدیهاتنی ئەم پرۆسەیە (بەدیهاتن یان بەدینەهاتنی) لە ئێراندا. لەپێشدا مەسەلەکە ئاوا دێتە گۆڕ، کە ئایا بە شێوەیەکی بەربڵاو جووتیاران و پیشەگەرانی شاریی، خاوەندارێتییان لێ ئەستێندراوەتەوە یان نا؟ لێرەدا بە ڕوونترین شێوە تێکەڵ و پێکەڵی تیۆریکی لایەنگرانی تێزی نیوە فیۆداڵ_ نیوە کۆڵۆنیمان بەرچاو دەکەوێ. ئەم جۆرە ڕەوتانە لە لایەکەوە حاشا لە زاڵبوونی بەرهەمهێنانی سەرمایەداری لە وڵاتدا دەکەن، وە لە لایەکی ترەوە لەو جێگایەی باسی "پەردەلادان" لەسەر ڕژێمی شا دێتە گۆڕ، دەربارەی ماڵوێرانی گوندنشینان و پەڕەوازەبوونیان لە ڕەوتی "ڕیفۆرمی زەوی" ساڵەکانی 1963_ 68دا، درێژدادڕی دەکەن. بانێک و دوو هەوا! بەرهەمهێنەرانی ڕاستەوخۆ لە ئاستێکی ملیۆنیدا لە ئامرازەکانی بەرهەمهێنان جیا بوونەوە و بەرهەمهێنانی فیۆداڵی مایەوە! ئێمە لە نامیلکەکانی داهاتوودا لەو جێگایەی کە پرۆسەی ئەستاندنەوەی خاوەندارێتی لە ئێراندا، وە بە تایبەت ئەنجامی یەکجاریی ئەو پرۆسەیە لە ساڵەکانی 63_ 68دا دەدینە بەر لێکۆڵینەوە، بە ڕوونی لەم بیروڕا بۆرژواییانە هەڵدەنگووین.

سەرخەتی گشتیی بیروڕاکانی ئێمە لەم بابەتەوە لە کتێبی "کۆمۆنیستەکان و بزووتنەوەی جووتیاری، پاش چارەسەری ئیمپریالیستی مەسەلەی زەوی"، وە هەروەها لە پێشوتارێکدا کە بۆ "حەوت وتار دەربارەی مەسەلەی زەویوزار، لێنین" نووسراوە، بە درێژی، شی کراوەتەوە. لێرەدا هەر ئەوەندە بەسە، پەنجە بۆ ئەو خاڵە ڕاکێشین کە بە فیۆداڵی زانینی نیزامی بەرهەمهێنان لە ئێراندا، وە چاوەڕوانهێشتنەوەی چینی کرێکاری ئێران بە تەمای گەشەی "ڕزگاریبەخش"ی بۆرژوازیی "میللی" (ئەم ئیمامە غایبەی مەنشەڤیزمی ئێران)، لە هەلومەرجێکدا کە هەموو توێژەکانی بۆرژوازی لە وڵاتدا لە سایەی سەری ئەوەی کە ملیۆن ملیۆن گوندنشین خاوەندارێتییان لێ ئەستێندراوەتەوە و بە خێروبێری ماڵوێرانی جەماوەری بەرینی جووتیاران، زیاتر لە 15 ساڵە دەستیان بە هەرزانترین هێزی کاری جیهان ڕادەگا، جگە لە پەردەپۆشکردن و شاردنەوەی چەوساندنەوەی بێبەزەییانەی نیزامی سەرمایەداری، وە لە مەیدانی سیاسیدا جگە لە دەستهەڵگرتن و ڕوو وەرگێڕان لە چینی کرێکار، کە ڕزگاریبەخشی خەڵکی ئێرانە و هەر ئێستا لە مەیداندایە، هیچی تر نییە. **درێژەی هەیە ...**

ئاپریلی 1980

**پەراوێزەکان**:

1) دەبێ لە "جەنگاوەرانی ئازادیی چینی کرێکار (ڕەزمەندگان)" ڕاشکاوانە پرسیار بکرێ، کە ئەو ڕوانگە و بۆچوونانەی وا لە نامیلکەی "لێکۆڵینەوەی هەلومەرجی سیاسیی داهاتوو"، وە لە نامیلکەی "هەلومەرجی سیاسیی و ئەرکەکانی ئێمە"دا ڕاپانگەیاندووە، وە ئەو نەزمە لیبراڵییەی کە لە حکوومەتی "بۆرژوازیی میللی"یان



چاوەڕوان دەکرد و لەم دوو نامیلکەیەدا موژدەیان داوە، لە کام سەنەد و بەڵگەی نووسراو و نە نووسراوی تیۆریکدا ڕەخنەیان لێ گیراوە و هاوڕێیان چۆن بەم هەڵوێستەی ئێستایان گەیشتوون؟ دەبێ ڕاشکاوانە بپرسین، کە سازمانی "جەنگاوەرانی ڕێگای ئازادیی چینی کرێکار (پەیکار)" بەپێی کام لێکۆڵینەوەی مارکسیستی و کام پیاچوونەوەی تیۆریک، ناوی "بۆرژوازیی میللی"یان لەو "پێرستە چینایەتی"یەی کە لە گۆڤاری پەیکاری ژمارە 14دا نووسرابوو ڕەش کردووەتەوە؟ دەبێ بپرسین کە "گرووپی جەنگ بۆ ڕزگاریی چینی کرێکار"، کە لە گۆڤاری "نەبەرد"ی ژمارە 4دا لە ڕاگەیاندنێکی چەند دێڕی و کورتدا، داوا لە لایەنگرانی خۆی دەکا کە کاتێک ویستیان سەرلەنوێ نووسراوەکانی ئەو گرووپە بڵاو بکەنەوە، وشەی "میللی" لە لای بۆرژوازی بسڕنەوە و خەتی بەسەردا بکێشن، چونکە گوایە ئەم گرووپە لە لێکۆڵینەوەکانی خۆیدا ئیتر بڕوای بە دەستەواژە و دیاردەیەکی لەم چەشنە نییە، بە شێوەیەکی کۆنکرێت، کام لێکۆڵینەوەی مەبەستە؟ وە هەڵبەت بە چاوەڕوانییەکی زۆر کەمترەوە، دەبێ بپرسین ڕێکخراوەکانی "چریکەکانی فیدایی خەڵق" کە لە گۆڤاری "کار"ی ژمارە 2، لە نامەیەکی سەرئاواڵەدا کە بۆ سەرەکوەزیری خۆشەویستی کۆنەپەرستیی و ئیمپریالیزمیان نووسیوە، خۆیان بە "ڕەخنەگری سەرەکی"ی دەوڵەت لەقەڵەم دەدەن و ستایشی دەوڵەتی بازرگان دەکەن، چونکە گوایە، "جیاوازیی بنەڕەتی" لەگەڵ دەوڵەتەکانی "هوەیدا" و "شەریف ئیمامی"دا هەیە، وە لە جەماوەری خەڵک (بە تایبەت کۆمیتەکانی ئیمام خومەینی) داوا دەکەن، کە تەگەرە نەخەنە سەر ڕێی کاری دەوڵەت، چۆن و بەپێی کام لێکۆڵینەوەی تیۆریک (هەڵبەت لێکۆڵینەوەیەکی وا کە بکرێ لە گۆڤاری " کار"ی ژمارە 24دا باسی بکەی)، بۆرژوازیی میللی و

پێشکەوتنخواز بە "ئەفسانە"یەک دەزانن، کە لە خزمەت ئیمپریالیزمدایە.

نموونەی هەڵوێستەکانی ئەمڕۆی سازمانی چریکە فیداییەکانی خەڵق، وەخۆهێنانەوە و ئاگادارکردنەوەیە بۆ هەموو ئەو هێزانەی کە ڕەخنەی مارکسیستی لە هەڵە تیۆریکەکانی خۆیان ناگرن و تیۆری خۆیان وەک ئامرازێک چاو لێ دەکەن کە لە خزمەت بڕوبیانوو داتاشین بۆ کردەوەکانیان دایە. کردەوەیەک کە بەدەستەوەستانی دەکەویتە شوێن ڕەوتی تاقیکردنەوە و ڕووداوەکانی مەیدانی سیاسەت.

"سیاسەتی ڕیڤیژنیستی بریتییە لەوەی شێوەکار و ڕەوشتی خۆت لەم ڕووداوەوە هەتا ڕووداوێکی تر دیاری بکەی. خۆڕێکخستن لەگەڵ ڕووداوەکانی ڕۆژ، فەرامۆشکردنی بەرژەوەندییە بنەڕەتییەکانی پرۆلیتاریا و تایبەتییە سەرەکییەکانی تەواوی ڕژێمی سەرمایەداری و تەواوی پەرەسەندنی هەنگاو بە هەنگاوی سەرمایەداری لەگەڵ هەر گۆڕانێکی سادە کە بەسەر سیاسەتدا دێ، فیداکردنی ئەم بەرژەوەندییانە لەپێناو بەرژەوەندی کاتیدا جا چ بەرژەوەندییەکی واقیعی و چ بەرژەوەندییەکی گریمانەیی و خەیاڵی. وە خودی ئەم جەوهەر و ماهییەتەش بە ئاشکرا ئەم سیاسەتەی لێ دەوەشێتەوە کە دەتوانێ شکڵی یەکجار جۆراوجۆر بە خۆیەوە بگرێ و هەر مەسەلەیەک کە تا ڕادەیەک "تازە" بێ، وە هەر گۆڕانێک لە ڕووداوەکاندا کە هێندێک چاوەڕوان نەکراو و پێشبینی نەکراو بێ، جا با تەنیا بە قەت نووکە دەرزییەک و بۆ ماوەیەکی زۆر کورتیش ڕێوشوێنی سەرەکیی پەرەسەندنی گۆڕیبێ_ بە ناچار و هەمیشە دەبێتە هۆی سەرهەڵدانی شێوەی جۆراوجۆری ڕیڤیژنیزم" (لێنین، مارکسیزم و ڕیڤیژنیزم، یەک بەرگی بە فارسی، لاپەڕەی 33)



هەڵوێستگۆڕینی ئەو هێزانەی کە پێشتر بڕوایان بە بوونی "بۆرژوازیی میللی" و دەوری پێشکەوتنخوازی "بۆرژوازیی میللی" لە شۆڕشی ئێمەدا هەبوو، وە هەوڵ و تەقەلای ئەو هێزانە بۆ بێدەنگەکردن لەم هەڵوێستگۆڕینە و بۆ ئەوەی وا بەرچاو بخەن کە هیچ ڕانەبووردووە، ئەوەندە نەزانانە بووە، کە سەرەنجام خودی بۆرژوازی هەرا و هاواری لێ هەستاوە. لە نامیلکەیەکدا بە ناوی "کۆتایی خەتی 3"، نووسراوی "ئەڵقەی مارکسیستی_ لێنینیستی لە پێناو پێکهێنانی حیزبی کۆمۆنیستدا"(!!!) تیۆریسینەکانی "دەزگای تەحریفی مارکسیزم لێنینیزمی کۆماری ئیسلامی ئێران" بۆ بەدیهێنانی مافی پێشیلکراوی بۆرژوازیی میللی" هاتوونەتە مەیدان و داوا لە بزووتنەوەی کۆمۆنیستی دەکەن کە "پەیمانشکێنی" نەکا. هێنانەوەی چەند نموونەیەک لەو زاتانە زۆر بە کەڵکە:

"ئایا هیچ گومان لەوەدا هەیە، کە تەبلیغاتی ئێستای کۆنفرانسی وەحدەت لەگەڵ ئەو شتەی کە هەتا چەند مانگ لەوەپێش دانیان پێدا دەنا، عەرز و ئاسمانی فەرقە؟ ئەوە نییە تاقمی دەسەڵاتداری ئێستا هەر لەم توێژ و چینانە، هەر لەم ڕەوتە سیاسییانە و هەر لەم کەسانە (مەبەست "بۆرژوازیی میللی" و سیاسەتمەدارەکانییەتی کە خەتی 3 پێشتر بە پێشکەوتنخوازی دەزانین) پێک هاتووە؟ کەواتە، بۆچی کۆنفرانسی وەحدەت ئێستا ئیتر هیچ باسی ئەوە ناکا کە حوکوومەتی ئێستا میللییە؟ ئایا ئەو هێزانەی کە نزیکەی 30 ساڵ سەرەڕای هەموو کەمایەسی و بێبەشییەکی چینایەتی پێیان لەسەر هەڵوێستی سەربەخۆییخوازانەی خۆیان دادەگرت، لە ماوەی 6 مانگدا جەوهەر و ماهییەتی خۆیان گۆڕیوە، یان ئەوە کۆنفرانسی وەحدەتە کە بەپێی بەرژەوەند و قازانجی ڕۆژ لە خەباتی سیاسیی خۆیدا هەڵوێستی خۆی تەواو وەرچەرخاندووە؟ وەڵامەکە بە ئاشکرا

ڕوونە، ئەوە کۆنفرانسی وەحدەتە کە لەبەر داماوی، بیروڕاکانی خۆی ناوەتە ژێر پێ. وە شتەکە ئەوەندە سووک و بێ نرخە کە ئەوان نەک هەر بەرانبەر بە میللیبوونی حوکوومەتی ئێستا (کە ئەمە خۆی دەورێکی دیاریکەری لەوەدا هەیە کە پرۆلیتاریا چ سیاسەت و تاکتیکێک بەرانبەر بە بۆرژوازی میللی دەگرێ) بێدەنگە دەکەن، بەڵکوو "وابەستەبوونی حوکوومەت بە ئیمپریالیزم"یان لە چەقی تەبلیغاتی خۆیان لە دژی دەوڵەت و حوکوومەتی ئێستادا گونجاندووە" (لاپەڕەی 10)

ئێمە بەش بە حاڵی خۆمان لەوەی کە ڕەوتی تاقیکردنەوە، "خەتی 3" لانی کەم تا ئەو جێگایەی کە پەیوەندی بە دەستەواژەی "بۆرژوازیی میللی"یەوە هەیە بەرەو لێنینیزم پاڵ پێوە دەنێ، وە بەتایبەت لەوەی کە ئەم هێزانە لە تەبلیغاتی خۆیاندا لە بابەت تاقمی دەسەڵاتدارەوە خاڵی "وابەستەبوونی حوکوومەت بە ئیمپریالیزم" "بگونجێنن" زۆر خۆشحاڵ دەبین. بەڵام ئەو قسە بێسەرەوبەرە و پڕوپووچانەی لە وتاری "کۆتایی خەتی 3"دا نووسراوە، دەرسێکی بنەڕەتی بۆ هەموو کۆمۆنیستەکان تێدایە، ئەویش ئەوەیە کە ئەگەر لە ڕوانگەیەکی پرۆلیتێرییەوە و بە مەبەستی هۆشیاربوونەوەی پرۆلیتاریا و گەشەی خەباتی کرێکاران هەڵە و کەموکووڕییەکانی خۆمان نەدەینە بەر ڕەخنە، ئەوا ڕێگامان بۆ بۆرژوازی کردووەتەوە کە ئەم کەموکووڕییانە بەدەستەوە بگرێ و بە چاومانی بداتەوە و بیکاتە گۆپاڵێک بۆ تاوانبارکردن و بە ناڕەوا لەقەڵەمدان و سەرکوتی بزووتنەوەی کرێکاری و کۆمۆنیستی.

2) مارکس لە کاپیتاڵدا بۆ ڕوونکردنەوە و لێکدانەوەی یاساکانی بزاوتی کۆمەڵی بۆرژوایی، لە دەستەواژە و دیاردەی کاڵاوە دەست پێ دەکا و بە ئاشکراکردنی ناکۆکییە سەرەکییە ناوخۆیییەکانی (بایی



گۆڕینەوە و بایی مەسرەف)، هەنگاو بە هەنگاو دەستەواژە و پەیوەندی وەک بایی، کاری موجەڕەدی پێویست لە باری کۆمەڵایەتییەوە، پارە و سەرەنجام "پەیوەندیی سەرمایە" بە گشتی دەردێنێ.

3) "ئێستا ئەگەر ئێمە دوو پرۆسەی بەرهەمهێنانی بایی و بەرهەمهێنانی زێدەبایی لەگەڵ یەکدی بەراورد بکەین، بۆمان دەردەکەوێ کە ئەمەی دووەم (واتە زێدەبایی) هەر درێژەی ئەوەی یەکەم (واتە بایی)ە، کە تا ڕادەیەکی دیاریکراو درێژەی پێدراوە. لە لایەکەوە ئەگەر ئەم پرۆسەیە لەو خاڵە واوەتر نەچێ کە تێیدا ئەو باییەی سەرمایەدار داوێتی بە کرێکار ڕێک بە قەدەر هاوتاکەی خۆیەتی، ئەم پرۆسەیە تەنیا پرۆسەی بەرهەمهێنانی باییە، وە لە لایەکی ترەوە ئەگەر لەم ڕادە دیاریکراوە واوەتر بچێ، دەبێتە پرۆسەی بەرهەمهێنانی زێدەبایی". (بەرگی یەکەم، لاپەڕەی 90_189)

4) ئاشکرایە کە گۆڕینەوەی نایەکسان، چۆنیەتی بوونی زێدەبایی ڕوون ناکاتەوە. چونکە لەم حاڵەتەدا قازانجی لایەکیان بە مانای زەرەری لایەکەی ترە، وە ئەم قازانج و زەرەرانە کە بەرانبەر بە یەکترن، لە ئاستی هەموو سەرمایە لە کۆمەڵدا یەکتر قەرەبوو دەکەنەوە. بەم جۆرە بەرهەمهێنانی زێدەبایی لە ئاستی گشت سەرمایە لە کۆمەڵدا، ناتوانێ لە گۆڕینەوەی نایەکسانی خاوەنەکانی کاڵاوە سەرچاوەی گرتبێ. بۆ ڕوونبوونەوەی زیاتری ئەم مەسەلەیە، بڕوانە بەرگی یەکەمی سەرمایە، بەندی پێنجەم، "ناکۆکییەکانی فۆرموولی گشتیی سەرمایە". مارکس لەوێدا بە ڕوونی نیشانی دەدا، کە هەر لە بنەڕەتەوە سەرچاوەی زێدەبایی لە مەیدانی

سووڕدا نییە، وە ناکۆکی فۆرموولی گشتیی سەرمایە بە کورتی ئاوا بەیان دەکا:

"کەواتە، ئەوە هەر ئیمکانی نییە کە سەرمایە بەهۆی مەیدانی سووڕەوە بەرهەم بێ، وە دیسانیش ئەوە ئیمکانی نییە کە سەرمایە سەرچاوەیەکی جیاواز لە مەیدانی سووڕی هەبێ. کەواتە، سەرچاوەکەی هەم دەبێ لە مەیدانی سووڕدا بێ و هەم نابێ تێیدا بێ. کەواتە بە ئەنجامێکی دووانە گەیشتووین" (بەرگی یەکەم، لاپەڕەی 163)

5) بۆ ڕوونبوونەوەی شکڵی بەرینی فۆرموولی گشتیی سەرمایە (فۆرموولی یەکەم لە باسەکەی ئێمەدا)، وە بۆ ناسینی لایەنە جۆراوجۆرەکانی ئەڵقەکانی گۆڕینەوە و هەروەها سووڕی ماک و بەشە جۆراوجۆرەکانی ئەم فۆرموولەیە، بڕواننە سەرمایە، بەرگی دووەم، بەندی یەکەم هەتا چوارەم.

6) لە کۆمەڵی سەرمایەداریدا "بایی هێزی کار، وەکوو هەموو کاڵایەکی تر، لە ڕووی ئەوەوە دیاری دەکرێ، کە ماوەی پێویست بۆ بەرهەمهێنان و سەرلەنوێ بەرهەمهێنانەوەی ئەم کاڵا دیاریکراوە چەندە ... ئەگەر وای دانێین کە خودی کرێکار هەیە، بەرهەمهێنانی هێزی کار هەمان بەرهەمهێنانەوەی هێزی کار و بە وتەیەکی تر مانەوەیەتی. بۆ مانەوەی خۆی، کرێکار پێویستی بە ڕادەیەکی دیاریکراو وەسیلە و هۆی بەرێچوون و گوزەران هەیە و بەم بۆنەیەوە، ماوەی کارێک کە بۆ بەرهەمهێنانی هێزی کار پێویستە، هەر هەمان ماوەی کارە کە بۆ بەدەستهێنانی هۆیەکانی بەرێچوون و گوزەران پێویستە. بە وتەیەکی تر بایی هێزی کار، بایی ئەو هۆیانەی بەرێچوونە کە بۆ مانی کرێکار پێویستە" بەرگی یەکەم، لاپەڕەی 167. بۆ ڕوونبوونەوەی پەیوەندیی کرێ (نرخی ئەو هێزی



کارەی کە لە ماوەیەکی دیاریکراودا دەکار کراوە) و بایی هێزی کار، بڕوانە بەرگی یەکەم، بەندی 19 "گۆڕانی بایی هێزی کار بۆ کرێ".

7) بۆ ڕوونبوونەوەی چۆنیەتی دەرهێنانی ئەم فۆرموولەیە، بڕواننە سەرمایە، بەرگی یەکەم، بەندی 8 و بەندی 9 و هەروەها بڕوانە "ئەنجامە دەسبەجێکانی پرۆسەی کار".

8) ئەگەر پێتان وایە، ئێمە مەسەلەکەمان لە ڕادە بەدەر زەق کردووەتەوە بڕوانە ئەمە: "تێکهەڵچوونی ڕۆحانییەت و مەرجەعییەت لەگەڵ ڕژێمی دیکتاتۆری، بۆ حوکوومەتی کودەتا لە جاران کوشندەتر بوو. ڕژێم هەوڵی دا، پەیوەندیی کۆمەڵایەتی بکاتە سەرمایەداری و بەم جۆرە نفووز و کاریگەری ڕۆحانییەت کەم بکاتەوە و نەیتوانی" (ڕاهی کارگەر، وتاری مۆتەی فاشیزم یان فاشیزمی ڕاستەقینە، بەشی (1) لاپەڕەی 25). پاش ئەوەی تیۆری ئیمپریالیزمی لێنین کرا بە تیۆری "تالان"، ڕاهی کارگەر چاوی بڕیوەتە ئەوەی کە لە تیۆری ماتەریالیزمی مێژوویی مارکس "واوەتر" بچێ. "مەرجەعییەت" و "ڕژێم"یش کە دوو دەستەواژەن و هیچیان لە چوارچێوەی مێژوودا ناگونجێن، دەچنە پاڵ دەستەواژەی "تالان" و کاردابەشکردنی سەپێندراو و ... ئەم دیاردە سەیر و سەمەرانە کە هیچ کامیان لە چوارچێوەی مێژوودا ناگونجێن، کاتێک ڕاهی کارگەر بە دەستیانەوە دەگرێ، لە هێز و توانایەکی ئەفسانەیی بەهرەمەند دەبن. دیاردەی وا کە نەک هەر لە باری زەمانییەوە دەکەونە پێش سەرمایەداری، بەڵکوو ئاگاداری پەرەسەندنی مێژوویی کۆمەڵگاکانیشن، وە گۆڕانی پەیوەندیی کۆمەڵایەتی و سەرهەڵدانی سەرمایەداری و ... لە ئێران تەنیا نموونەیەکی بچووکی کێشەی نێوان ئەوانەیە!

لێرەدا ئیتر قسە هەر لەسەر ئەوە نییە کە یاسا مادد‌ییەکانی بزاوتی کۆمەڵگاکان بە پێچەوانە نیشان دەدرێن و گۆڕانکاریی ڕواڵەتی و سەرخانی، بە هۆ و هێزی بزوێنەری گۆڕانکاری ژێرخانی دادەندرێن، بەڵکوو لێرەدا قسە لەسەر ئەو دیاردە ئەزەلی و ئەبەدییانەیە کە سەرخان و ژێرخان هەردووکیان (پەیوەندیی کۆمەڵایەتی) بۆ "لاوازکردنی" یەکتر دەگۆڕن و ئەوەندەش گەورە و گرانن کە ئەم گۆڕانکارییە هەر هیچ کار ناکاتە سەر ڕەوتی کێشەی دوولایەنەی نێوانیان! ڕوونکردنەوەی چۆنیەتی (پێویستی، ئیمکان و ڕەوت) ئەوەی کە ئێران لەسەر بنچینەی کێشەی "مەرجەعییەت" و "ڕژێمی دیکتاتۆری" (کە گوایە، سەرەڕای گۆڕانی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان، هەر وا و هەمیشە بە ناوەرۆکێکی یەکسانەوە لە مەیدانی سیاسەتدا ئامادەن) بوو بە سەرمایەداری، ڕێک نموونەی ئەو جۆرە لێکۆڵینەوە "مێژوویی"یانەیە، کە ئێمە تاپۆکەیمان بەرچاو خست.

9) بۆ ڕوونبوونەوەی مەبەستی مارکس لە "کرێکارانی ئازاد"، هێنانەوەی ئەم پەرەگرافە ڕەنگە بەکەڵک بێ:

"کەواتە، بۆ ئەوەی خاوەنی پارە بتوانێ پارەی خۆی بکاتە سەرمایە، پێویستە لە بازاڕدا لەگەڵ کرێکارانی ئازاد مامەڵە بکات. ئازاد مانایەکی دووانەی هەیە، کە کرێکار هەم وەک ئینسانێکی ئازاد بتوانێ هێزی کاری خۆی وەک کاڵای خۆی بفرۆشێ، وە لە لایەکی ترەوە هیچ کاڵایەکی تری بۆ فرۆشتن نەبێ. بە کورتییەکەی، لە هەر چەشنە هۆیەکی پێویست بۆ مادد‌ییەت بەخشین بە هێزی کاری خۆی بێ بەهرە (ئازاد) بێ". سەرمایە، بەرگی یەکەم، لاپەڕەی 166.

**سەرچاوە تیۆرییەکانی ناملیکەکانی یەکەم تا سێیەم:**



1) سەرمایە (هەر سێ بەرگەکە)ی مارکس و "ئەنجامەکانی پرۆسەی دەسبەجێی بەرهەمهێنان"، پاشکۆی بەرگی یەکەم، پنگوئن.
2) گروندیس.
3) فۆرماسیۆنە ئابوورییەکانی سەرمایەداری، مارکس.
4) چەند بەشێک لە تیۆرییەکانی زێدەبایی مارکس، بە تایبەت "کاری بەرهەمهێنەر و بەرهەمنەهێنەر".
5) ئایدیۆلۆژیی ئاڵمانی (ئەو بەشانەی کە پەیوەندییان بە حوکوومەت و چینەکان و خەباتی چینایەتییەوە هەیە).
6) گەشەکردنی سەرمایەداری لە ڕووسیا، لێنین.
7) سەبارەت بە خەسڵەتنوێنی ڕۆمانتیزمی ئابووری، لێنین.
8) ئیمپریالیزم وەک باڵاترین قۆناغی سەرمایەداری، لێنین.
9) ئیمپریالیزم و کەرتبوون لە سۆسیالیزمدا، لێنین.
10) ئیکۆنۆمیزمی ئیمپریالیستی و کاریکاتۆری مارکسیزم، لێنین.
11) شیکردنەوەی کۆبوونەوەکانی دووەمی کۆمێنتێرن (ئینتەرناسیۆناڵی سێیەم) لەسەر مەسەلەی میللی و کۆلۆنیالی.

تێبینی: بەرگی یەکەمی ناملیکەی "ئەفسانەی بۆرژوازیی میللی و پێشکەوتنخواز" بۆ یەکەمجار لە سەرەتای هاوینی ساڵی 1979 (1358)، وە بەرگی دووەمی مانگی خاکەلێوەی ساڵی 1980 (1359)، بە زمانی فارسی بڵاو کراونەتەوە.

وەرگێڕانی: ناسری حیسامی

سەرچاوە:
اسطوره بورژوازی ملی و مترقی
/http://hekmat.public-archive.net